

## نیو ملیۆن دۆلار نییە

**رووداو-هەولێر**

بەرپرسێکی کۆمپانیای بابیلۆن رەتیکردەوە بڕی نیو ملیۆن دۆلاریان دابێت بۆ هێنانی گۆرانیبێژی لوبنانی نەجوا کەرەم بۆ کوردستان.

ماریۆ ئەبی نەخول بە (رووداو)ی راگەیاند نەجوا کەرەم رۆژانی 3 ـ 2009/12/4 دوو کۆنسێرت لە هەولێرو سلێمانی سازدەکات. بەڵام ئەودەنگۆیانەی رەتکردەوە لە بەرامبەر ئەو دوو کۆنسێرتە کۆمپانیای بابیلۆن نیو ملیۆن دۆلار بداتە نەجوا و گوتی " پارەکە لەوە کەمترە". ئەبی نەخول گوتیشی گرووپێکی سەماکارو 20 میوزیکژەنیش لەگەڵ نەجوا دێن.ئاماژەشی بەوەدا کە هێشتا نرخی بلیتی کۆنسێرتەکانیان دانەناوە.

17

## 26کۆمپانیا دەخرێنە لیستی

**رووداو-هەولێر**

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی کوردستان 26 کۆمپانیای خستووەتە لیستی رەشەوە، کە 7یان بیانین. خاوەنی یەکێک لەو کۆمپانیایانەی خراوەتە لیستی رەشەوە رایگەیاند "ئەو کۆمپانیایانەی لەدەسەڵات نزیکن هەرچەند گەندەڵیش بن، ناخرێنە لیستی رەشەوە". بەڵام بەڕێوەبەری گشتی پلاندنان لە وەزارەتی پلاندانان دەڵێت "هەر کۆمپانیایەک لەلایەن وەزارەتەکانەوە پێشنیازبکرێت بخرێتە لیستی رەشەوە، هەرچەند بەهێز بێت، دەخرێتە لیستی رەشەوە". موسا محەممەد، پسپۆری بواری ئابووری دەڵێت لیستی رەش چارەی ئەو کۆمپانیایانە ناکات " تاوەکو ئەرکی چاودێری بەڵێندەرایەتی کۆمپانیاکان لەلایەنە پەرلەمانەوە نەدرێتە لێژنەیەکی دەستپاکی، لیستی رەش لیستێکی رووکەشەو هیچ کاریگەری نابێ".




8

## "ئەوەی تورکیا ئێستا بۆ کورد دەیکات ئێران 30 ساڵە کردوویەتی"



**رووداو-هەولێر**

سەید عەزیم حوسێنی، کونسولی گشتیی ئێران لە هەولێر رایگەیاند ئەوەی ئێستا لە تورکیا لە بارەی چارەسەری کێشەی کورد باسدەکرێ، ئێران 30 ساڵە بە کردەوە جێبەجێیکردووە "ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەموو لایەک دەستپێشخەرترە". گوتیشی "ئەوەی ئێستا لە تورکیا لە ئارادایە، ئێمە بەلامانەوە باشەو پێشوازیشی لێدەکەین". سەبارەت بە نەبوونی حیزبی سیاسی کوردی لە ئێران بە شێوەیەکی ئاشکرا، کونسولی ئێران گوتی "هەر لەسەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە، نوێنەری کورد لەپەرلەمانی ئێران هەبوون و ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمان کوردن".

3


Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net
چاپی کوردستان
ژمارە (85)
دووشەممە 2009/11/9
18ی گەلاڕێزانی 2709
(750) دینار


# لێپرسینەوە لە سامانی مام جەلال دەکرێت

**تایبەت بە رووداو**

لیژنەیەکی مەکتەبی سیاسی بۆ نەهێشتنی تەکەتول لەنێو یەکێتیدا سەردانێکی مەیدانی هەموو مەڵبەندەکانی یەکێتی دەکات، هەروەها ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاند ئەو لیژنە نەزاهەیەی کە بۆ لێپێچینەوە لە سامانی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی دروستدەکرێ کاری لیژنەکە " لە خودی مام جەلالەوە دەست پێدەکات".

عارف روشدی، ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی لە ئەنجامەکانی پلینۆمی یەکێتی کرد. عارف روشدی سەبارەت ئەو لیژنەیەی نەزاهە کە لە پلینۆمدا بڕیاری لەسەردرا بۆ لێپێچینەوە لە سەروەت و سامانی سەرکردەکانی یەکێتی گوتی ئەو دەستەیە لە یاساناسان و پارێزەران پێکدێت " قسەوقسەلۆکێکی زۆر هەیە لەسەر گەندەڵی فڵان و سەروەت و سامانی فڵان، بۆیە هەیئەی نەزاهەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە هەبێت و راستی و ناڕاستییەکان لەیەک جیابکاتەوە"، هەروەها گوتی " مام جەلال گوتی لە منەوە دەست پێ بکەن، کارەکە لەخودی مام جەلالەوە دەست پێدەکات".

عارف روشدی گوتیشی بەشێک لە پەیمانی ئاکار کە لە پلینۆم ئیمزاکرا ئەوەیە " رێگە نەدرێت بە بوونی کوتلەو کوتلەکاری، بوونی هێڵ و هێڵکاری، یەکێتی لەمەودوا یەک یەکێتی دەبێت"، گوتیشی "بڕیاری بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناشارستانییە دراوە". ئەوە لەکاتێکدایە کە یەکێتی لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە چەند هێڵ و رێکخراوێک پێکهاتووە، بەڵام عارف روشدی گوتی بەرنامەیان هەیە بۆ ئەو مەبەستە "بەم نزیکانە بەشێکی مەکتەبی سیاسی بەشێوەی مەیدانی سەردانی هەموو مەڵبەندەکان و رێکخستنەکانی یەکێتی دەکات تاوەکو بە شێوەی مەیدانی کار لەسەر بنبڕکردنی دیاردەی تەکەتول بکەن".

یەکێتی لە پلینۆمدا دەرگای خۆی لەبەردەم گەڕانەوەی ئەندامانی خوار سەرکردایەتی کردەوە کە بگەڕێنەوە، بەڵام بۆ ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کە چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی گۆڕان بەسەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بڕیاری دەرگا داخستنیدا " ئەوانە زیانیان لە یەکێتی داوەو دەنگی یەکێتیان فەوتاندووەو دژی سیاسەتی یەکێتی کاریان کردووەو بایی 25 کورسی دەنگی یەکێتیان کوشتووە". لەبارەی بە وتارە توندەکەی مام جەلالیش سەبارەت نەوشیروان مستەفا لە پلینۆمدا کە بەرپرسیارێتی هەموو تیرۆرکارییەکانی ناوشار لە پێش راپەڕین و هەڵگیرساندنی شەڕەکانی براکوژی خستە ئەستۆی ئەو، عارف روشدی گوتی " هیچ شتێکی لە خەیاڵ و دەرەوەی واقیعەوە نەهێناوە".

9



## عەلی باپیر ژنی سێیەم دەهێنێت

مامۆستا عەلی باپیر رەچاوی لایەنی شەرعی و قانونی کردووە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ

**رووداو- سلێمانی**

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە شاری سلێمانی ژنێکی دیکەی بەسەر ژنی دووەمیدا هێنا. بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێ "ئەگەر ئەمیر ببینم بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم، پیرۆزبایی لێدەکەم".

بەگوێرەی قسەی سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بهێنرێ، عەلی باپیر لەبەر ئەوەی ژنەکەی نەخۆشە و چەند جارێک بۆ چارەسەرکردن بردوویەتییە تاران، ئەم ژنە تازەیەی مارەکردووە. عەلی باپیر کە باوکی 6 کوڕو 2 کچە لە هەردوو ژنی پێشووی، دوای ئەوەی ژنی یەکەمی مردووە لەساڵی 1996 ژنی دووەمی هێناوە.

محەممەد، کوڕە گەورەی عەلی باپیر لەکاتی پەیوەندیکردنی (رووداو)پێیەوە گوتی "ئەوە پەیوەندیی بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە، مافی ئەوە بەخۆم نادەم قسەی لەسەر بکەم" و گوتیشی"بەڵام ئەوە هەڵبژاردەی خۆیەتی، بێگومان کاریگەریی خۆی هەیە،وەک چۆن دەستپێکردنی قبوڵکردووە،ئاواش دەبێ دەرەنجامەکانی قبوڵ بکات". بەڵام حەسەن ئەبابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "بەڵێ ئەو هەواڵە راستە، مامۆستا عەلی باپیر ئەو کچەی مارەکردووە کە ماڵیان لە سلێمانییە و لە عەشیرەتی میراودەلییە". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە مەبەستێکی تایبەتی لە بەدواداچوونی راگەیاندن بۆ ژنهێنانی ئەمیرەکەیان هەیە و گوتی" دیارە مەبەستێکی تایبەتی لەپەنا ئەم کارەوە هەیە، بەڵام مامۆستا عەلی باپیر گوێ ناداتە ئەو مەسەلانە".

سوعاد قادر عەزیز،ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی و بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی کۆمەڵ، ئەو ژنهێنانە تازەیەی ئەمیرەکەیان، وەک زۆربەی سەرکردە پیاوەکانی دیکەی کۆمەڵ بە"کارێکی ئاسایی" دەزانێ "چونکە شەریعەتی خوا رێگەی داوە بە پیاوان تا چوار ژن بێنن". گوتیشی "هەرکات بگەمە لای جەنابی ئەمیر بێ ئەوەی هیچی لێ بپرسم، پیرۆزبایی لێدەکەم".

4

# تۆفانی دووەمی نوح بەڕێوەیە

### وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق:بەتوانەوەی بەفری بەستەڵەکەکان کوردستان دەکەوێتە سەر رۆخی دەریا

**رووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەو گۆڕانەی لە کەشوهەوای جیهاندا روویداوە، دوو پسپۆر و شارەزای بواری ژینگە پێشبینی دەکەن زۆر خاک و چەند وڵاتێک بکەونە ژێر ئاو و، تۆفانی دووەمی نوح رووبدات و کوردستانیش بکەوێتە سەر رۆخی دەریا.

لە دوو هەفتەی رابردوودا تەوژمێکی باوبۆران کوردستانی گرتەوەو زیانی گیانی و دارایی لێکەوتەوە. عەبدولڕەحمان سدیق، وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند روودانی ئەو کارەساتانە بەهۆی ئەو گۆڕانانەوەیە کە لە کەشوهەوای گۆی زەویدا بەگشتی هاتوونەتە کایەوە بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە. پێشیوایە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە پێویستی بە گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتییە. عەبدولڕەحمان سدیق، ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کرد و گوتی" لەهەندێ شوێن باران زیاد دەبێت و لە هەندێ شوێن وشکەساڵی دروستدەبێت، چاوەڕوان دەکرێ لە هاوین بەفرو باران ببارێ، رووبار و لافاو هەڵسێت، لە زستانیش وشکەساڵی و تەپوتۆز هەبێت، دووبارە هەندێ رووباری وشکبوو ئاویان بۆبێتەوە".

پەنگخواردنەوەی گەرما لەسەر رووی زەوی بەهۆی زیادبوونی رێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگەهەوای زەویدا، ئەو مەترسییەی دروستکردووە کە بەفری هەردوو بەستەڵەکی باکوور و باشووری زەوی بتوێتەوەو رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی بکەوێتە ژێر دەریاوە. عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت "کوردستان لەدەریاوە دوورەو ناکەوێتە ژێرئاو، بەڵکو دەکەوێتە کەنار ئاو و دەبینە خاوەن دەریا". بۆ ئەوەش ئاماژەی بەقسەی پیاوانی ئاینیی ئەورووپادا کە دەڵێن "تۆفانی نوح بۆ جاری دووەم بەڕێوەیە".

پسپۆری بواری ژینگە پرۆفیسۆر د. بارام خدر مەولود، رەخنە لە بێ پلانی حکومەتی کوردستان دەگرێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی و کارەساتەکانی گۆڕانی کەشوهەواو دەڵێ" تاوەکو لافاو هەڵنەکات، هیچ رێوشوێنێکی پێشوەختە ناگیرێتە بەر، هەمیشە دوای باران کەپەک بە خۆماندا دەدەین". هەروەها گوتیشی لەسەردەمی یوسف پێغەمبەر، تەنیا بەهۆی خەونێکەوە، کە پێشبینی وشکەساڵی کردبوو، ئامادەکاری بۆ حەوت ساڵ کرا، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی راستەقینە و دوور لەخەون هەندێ بەڵگە دەبینرێن بۆ روودانی کارەساتی سرووشتی، کەچی هیچ ناکرێت.



4



داوود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ (رووداو):

## باکووری عێراق دەرگای تورکیایە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

**تایبەت بە رووداو**

وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەبارەی سەردان و گفتوگۆکانی لە کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کاتێک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە زمانی تورکی بەخێرهاتنی کردووە بۆ کوردستان "ئەمە نیشانەی ئەوەبوو هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە موژدەی سەرکەوتنی گفتوگۆکان درا".

ئەحمەد داوود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، دوای سەردانەکەی بۆ شاری هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی لە گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرنجەکانی لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی هەردوولا کرد. داوود ئۆغلۆ گوتی لە گفتوگۆکاندا " هیچ بابەتێک نەبوو مشتومڕمان لەسەری هەبێ و هیچ بابەتێک نەبوو هاوبیر نەبین لەسەری".

داوود ئۆغلۆ، کە بە هاوڕێیەتی پارێزگاری هەولێر لە رۆژی 2009/10/30دا چووە سەر قەڵات و نێو بازاڕی هەولێر، ئەو سەردانەی زۆر بەلاوە خۆشبووە" سەرنج و بایەخی گەرمی خەڵک وایانکرد بڵێم پێویستە جارێکی دیکەش بچمەوە ئەوێ". داوود ئۆغلۆ لەبارەی پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گوتی " ماوەیەک تووشی گرفتی پەیوەندی ولێک تێنەگەیشتن بووین، بەڵام هیچ کاتێک پەیوەندییەکانمان نەپچڕان"، گوتیشی لەدوای هێرشی PKK لەساڵی 2007 بۆ سەر ئۆرەمار (داغلی جا) گۆڕانێک لە هەڵوێستی"ئیدارەی کوردی" دا روویدا " ئیدارەی کوردی لەو کاتە بەدواوە بۆ نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدانی پەیوەندییەکان هەوڵێکی جیددی دا". گوتیشی ئەوان ئێستا لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە رازین.

وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەکردنەوەی کونسوڵخانە لە هەولێر دەستپێدەکات بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەبواری کولتوری و بازرگانیدا " ئەو بایەخەی کە ئیدارەی کوردی بە کۆمپانیا تورکییەکانی داوە جێگەی رەزامەندی ئێمەیە"، هەروەها گوتیشی " تورکیا دەروازەی عێراقە بەسەر ئەورووپادا و باکووری عێراقیش دەرگای تورکیایە بە بۆکرانەوە بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا".

3

## دەست لەکارکێشانەوەی پارێزگاری سلێمانی قبوڵ دەکرێ



**رووداو-سلێمانی**

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند داوای دەست لەکارکێشانەوەکەی دانا ئەحمەد مەجید، لە پۆستی پارێزگاری سلێمانی قبوڵکراوە. هەرچەندە دەگوترێ یەکێتی بە نیازە بەبێ هەڵبژاردن و لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی حاکم قادر یان ئیسماعیل شۆڕش بکاتە پارێزگار، بەڵام ئەو سەرچاوەیە گوتی " تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک بۆ ئەو پۆستە لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە دیارینەکراوە".

لەبەر ئەوەی نزیکەی 25 ئەندام لە کۆی 41 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن، یەکێتی دەیەوێ کەسێکی دیکە لەدەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا و بەبێ دەنگدان لەسەری لەلایەن ئەنجوومەنەوە بکاتە پارێزگار. بەڵام ئەو سەرچاوەیەی یەکێتی گوتی بەپێی یاساکەی سەردەمی بریمەر بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەتوانرێ کەسێکی دەرەوەی ئەنجوومەن بکرێتە پارێزگار و گوتیشی " ئەو پارێزگارە نوێیەی دادەنرێ لەلایەن یەکێتییەوە، رەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ وەردەگیرێ".

دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی داوای دەست لەکارکێشانەوەکەی دابووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و داوایکردبوو خانەنشین بکرێ، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ (رووداو) "سەرۆکی پێشووی حکومەت نێچیرڤان بارزانی، دەست لەکارکێشانەوەکەی پارێزگاری سلێمانی دابووە عیماد ئەحمەدی جێگری".

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ناوی حاکم قادر، بەڕێوەبەری ئێستای ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی و شۆڕش ئیسماعیل، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی دەکرێ بۆ جێگرتنەوەی دانا ئەحمەد مەجید "بێ ئەوەی پرسەکە پەیوەست بێ بەو دوو کەسەوە، بەڵام ئەوە پێشێلکردنی یاسایە کەسێک بەبێ ئەنجوومەنی پارێزگا بکرێتە پارێزگار". هەروەها حاکم قادر، لەو بارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی" ئەمە تەنیا قسەیەکەو تاوەکو ئێستا بە فەرمی بڕیاری لەبارەوە نەدراوە".

## منداڵە فڕێدراوەکان لە کوردستان بەرناکەون

**رووداو-هەولێر**

ئەو منداڵە تازە لەدایکبووانەی لەلایەن کەسوکاریانەوە فڕێدەدرێن، نۆرەیان بۆ گیراوە لەلایەن ئەو کەسانەی منداڵیان نابێ و ئێستاش 150 خێزان چاوەڕێی وەرگرتنی منداڵ دەکەن لە دادگای نەوجەوانانی هەولێر.

بەپێی ئاماری دادگای نەوجەوانانی هەولێر لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، زیاتر لە 30 خێزان بەهۆی ئەو منداڵە فڕێدراوانە بوونەتە خاوەنی منداڵ و 150 خێزانی دیکەش لە چاوەڕوانی وەرگرتنی منداڵدان. بەرپرسی تۆمارکردنی ناوی ئەو خێزانانەش دەڵێ "رۆژ نییە چەند خێزانێک بە مەبەستی تۆمارکردنی ناویان و ئاگاداربوون لە هەبوونی منداڵ سەردانمان نەکەن".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند مانگانە منداڵێک تا دوو منداڵ لە شاری هەولێر لەلایەن کارمەندانی پۆلیس هەڵدەگیرێنەوە. گوتیشی"لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا 8 منداڵمان لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری هەڵگرتووەتەوە، زۆربەی ئەو منداڵانەش تەمەنیان لە نێوان 1 رۆژ تا هەفتەیەکدا بووە".

سامر ئەنوەر، سەرۆکی توێژەران لە دادگای نەوجەوانانی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند گومان دەکرێ ئەو منداڵانەی فڕێدەرێن بەشێوەیەکی نا شەرعی لەدایکبووبن " بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو منداڵانەی دەدۆزرێنەوە بەناشەرعی لەدایکبووبن، لەوانەیە بەشێکیان لەبەر ئەوە فڕێدرابن کە کچن، بەشێکیان لەوانەیە هی ئەو گەشتیارانە بن کە لەنێوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دێنە کوردستان".

13

## نامانەوێ شەهیدی پلە دووبن

**رووداو-هەولێر**
30 بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی شیوعی عێراق بە بەیاننامەیەک دەستپێکردنی کەمپینێکیان دەستپێکرد لەژێر ناوی "نامانەوێ چیتر شەهیدی دووبن". رزگار کۆچەر، کە کوڕی ناسح حەمەدەمین(شەهید کۆچەر)ی شەهیدی حیزبی شیوعییە کە لەساڵی 1985دا لەلایەن رژێمی عێراقەوە شەهیدکرا، لەبارەی کەمپینەکەوە بە(رووداو)ی راگەیاند " ئێمە هەستمانکردووە، ئەوانەی شەهیدی پارتی و یەکێتی نین، وەک شەهیدی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، ئێستا لە هەولێر پارتی گەڕەکی سەروەرانی بۆ شەهیدانی خۆی دروستکردووە، یەکێتیش لە گردەڕەشە، کە گوندی باوک و باپیرمە 400 خانوو بۆ شەهیدانی دروستدەکات و ئێمەش پشتگوێخراوین و هەموو ئیمتیازەکان تەنیا بۆ منداڵ و کەسوکاری ئەو دوو حیزبەن". رزگار کۆچەر گوتشی " حیزبی شیوعی لەپشت ئەو کەمپینەی ئێمەوە نییە و دڵنیاین پشتیوانیشی ناکات چونکە خۆیان بەشێکن لە دەسەڵات".

### ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکات

# هەڵبژاردن لە کەرکووک لەوادەی خۆیدا ئەنجام دەدرێ

**رووداو- بەغدا**
دوێنێ یەکشەممە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پاش گەیشتن بە تەوافوقی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، یاسای هەڵبژاردنەکانی پەسەندکردو بەوەش کۆتایی بەو قەیرانە هێنا کە لەوبارەوە هاتبووە کایەوە لەسەر هەڵبژاردنەکان لەشاری کەرکووک .

وەک خالید عەتییە جێگری سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند، لەو دانیشتنەدا کە کریستۆفەر هیل باڵیۆزی ئەمریکاش لەعێراق ئامادەی بوو، لەکۆی 195 ئەندامی ئامادەبوو، 141 نوێنەر دەنگیان بۆ یاساکە دا.

بەگوێرەی یاساکە، هەڵبژاردن لەشاری کەرکووک لەوادەی خۆیداو لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە ئەنجامدەدرێ و پشت بەتۆماری دەنگدەرانی ساڵی 2009یش دەبەسترێ.

بەگوێرەی بەندی چوارەم لەماددەی شەشەمی یاساکە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەپارێزگای کەرکووک یان هەر پارێزگایەکی دیکە کە گومان لەتۆماری دەنگدەرانی دەکرێت، وەک بنەمایەک وەرناگیرێ بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە ئایندەدا و ناشبێتە



پەرلەمانی عێراق

پێوانە بۆ هیچ یەکلابوونەوەیەکی سیاسی و ئیداری تا وردبینی لەتۆماری دەنگدەرانیدا تەواو دەبێت. ئەو وردبینییەش وەک لەبڕگەی (سێیەم)ی هەمان ماددەدا ئاماژەی پێکراوە، لەلایەن لیژنەیەکەوە ئەنجام دەدرێ کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بەئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتەکانی پلاندانان، ناوخۆ و بازرگانی و هەروەها کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکدێ تا بەزیادبوونی جێی گومانی تۆماری دەنگدەراندا بچێتەوە.

هەر بەگوێرەی هەمان ماددەی یاساکە، تێکڕای گەشەی دانیشتوان لەهەر پارێزگایەک 5%ی تێپەڕاندبێت لەساڵێکدا، ئەوە گومان دەکەوێتە سەر تۆماری دەنگدەرانی، بەمەرجێک ئەوانەی ئەم گومانە دەوروژێنن لە 50 پەرلەمانتار کەمتر نەبن و ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بەزۆرینەی سادە رەزامەندیی لەسەر بدات.

### ئەگەر کوردستان هەناردەکردنی نەوت رابگرێت

# بودجەی کوردستان کەمدەکرێتەوە

### جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق:

## وەزیری دارایی عێراق ئەو مادەیەی لەسەر داوای شەهرستانی لەیاسای بودجەدا زیاد کردووە

**تایبەت بە رووداو**
ئەگەرحکومەتی کوردستان هەناردەکردنی نەوت رابگرێت یان گرفتی لە هەناردەکردنی نەوت دا هەبێت، حکومەتی ناوەندی عێراق هێندەی ئەوە بودجەی کوردستان، لە بودجەی گشتی عێراق دەبڕێت و بەرپرسانی کوردیش دەڵێن ئەو کارە بە مەبەست کراوەو تەنیا بۆ کوردە.

بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2010 بەگشتی بە 71 ملیار و 740 ملیۆن دۆلار خەملێندراوە بەپێی دانانی یەک بەرمیل نەوت بە 62 دۆلار کە ئێستا نرخەکەی 77 دۆلارە، پشکی هەرێمی کوردستانیش لە بودجەی ساڵی داهاتووشدا بە 17% جێگیرکراوە، کە دەکاتە 8 ملیارو 500 ملیۆن دۆلار.

سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "لە بودجەی ئەمساڵدا بڕگەی 4 لە ماددەی 17ی یاسای بودجەدا زیاد کراوە. بەپێی ئەو بڕگەیە وەزیری دارایی بۆی هەیە داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی عێراق بکات، ئەگەر هەرێمێک یان پایزگایەک هەناردەکردنی نەوتی راگرت یاخود زیانی بە کەرتی نەوتی عێراق گەیاند".

ئەترۆشی، پێیوایە ئەمە بەتایبەتی لەبەر کورد دانراوە "بۆ شاردنەوەی مەبەستەکە ناوی پارێزگاش خراوەتە ناویەوە ئەگینا مەبەستی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی ئەگەر نەوتی نەڕۆیشت و کێشەی هەبوو ئەوکات پارە لە بودجەی کوردستان ببڕن".

لە مانگی ئابدا، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی راگەیاند کە لە هەردوو کانە نەوتی تاوکێ و تەقتەق دەنێردێتە دەرەوە، تاوەکو حکومەتی عێراق پارەی هەڵکەندن و ئامادەکردن و بەشی کۆمپانیا



حوسێن شەهرستانی

نەوتییەکان نەدات، بەڵام حکومەتی عێراق ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ ئەوان ئەو پارەیە نادەن، هەرچەندی ئەو 100هەزار بەرمیل نەوتە کەلە 2009/6/1 وە دەستکرابوو بە ناردنە دەرەوەی داهاتەکەی دەچێتە نێو بودجەی عێراق. بڕیاری راگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوت بووەتە جێگەی ناڕەزایی بەرپرسانی عێراقی.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) روونیکردەوە ئەم بڕگەیە د.حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق بە تایبەت بۆ کوردی داناوە "راستەوخۆ وەزیری داراییم بینیوەو نایاساییبوونی ئەو مادەیەم بۆ روونکردووەتەوە، بەڵام وەزیری دارایی بێدەسەڵاتی خۆی لە نووسینی ئەو مادەیە پیشانداو گوتی لەسەر داوای وەزیری نەوتی عێراق حوسێن شەهرستانی ئەو مادەیە زیاد کراوە".

# تاوەکو ئێستا چوار کورسی پەرلەمانی کوردستان بەتاڵن

**تایبەت بە رووداو**
تاوەکو ئێستا سێ کورسی لیستی گۆڕان و کورسییەکی لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستاندا بەتاڵن و نەوشیروان مستەفاش ئامادەنییە دەست لەکارکێشانەوەکەی بداتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

زیاتر لەسێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا چوار کورسی پەرلەمانی کوردستان بەتاڵن، سێ لە کورسییەکان هی لیستی گۆڕانن کە جێگەی هەرییەک لە نەوشیروان مستەفا، محەممەد تۆفیق رەحیم و عوسمان بانیمارانین و کورسییەکیش هی لیستی کوردستانییە کە جێگەی محمود محەممەدە. ئەو چوار پەرلەمانتارە بەشداری هیچ دانیشتنێکی خولی سێیەمی پەرلەمانیان نەکردووەو نامەی دەست لەکارکێشانەوەشیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیستی گۆڕان، هۆکاری نە ناردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئەو سێ پەرلەمانتارەی گۆڕانی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد "نەوشیروان مستەفا، ئامادە نەبوو نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی بداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ناشکرێ ئەو دەست لەکار نەکێشێتەوەو نەچێتە پەرلەمان و محەممەد تۆفیق و عوسمان بانیمارانیش نامەی دەست لەکارکێشانەوە پێشکەش بکەن، هەر بۆیە تاوەکو ئێستا ئەو سێ کورسییە بە بەتاڵی ماونەتەوە".

جگە لەو سێ پەرلەمانتارەی گۆڕان، تاوەکو ئێستا مەحمود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیش کورسییەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوەودەست لەکارکێشانەوەکەی نەداوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

لەبارەی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ شوێنی ئەو چوار کورسییە بەتاڵە، ئیسماعیل گەلاڵی، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان، بە (رووداو)ی راگەیاند "یاسایەکی نوێمان هەمواركردووە لەو رۆژانەدا، بەپێی ئەو یاسایە پاڵێوراوی دەرچوو پاش 90 رۆژ مافی ئەندامێتی پەرلەمانی نامێنێت و لەهەمان لیستی خۆی کەسێک جێگەی دەگرێتەوە، ئەو سێ کورسییە بەتاڵەی ئێمەش دوای 20ی ئەم مانگە پڕ دەکرێنەوەو پاش 25مین کاندیدەوە 3 کەس لە لیستی گۆڕان دێنە شوێنەکانیان".

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی گۆڕان، هیچ زانیارییەکی نەبوو لەبارەی ئەوەی کە تاوەکو ئێستا ئەو سێ بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەش نەکردووە" لەراستیدا هەر ئێمە ئەو کێشەمان نییەو لیستی کوردستانیش هەمان کێشەیان هەیە، کاک مەحمود محەممەد نەهاتووەتە پەرلەمان، ئەو سێ کەسەی ئێمە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانن، ئێمەش زانیارییەکی تەواومان نییە لەسەر ئەوەی کە تاوەکو ئێستا بۆ نەهاتوون".

### سەرۆک ئەرکانی پێشووی تورکیا:

# ئەگەر لە 2003 رێگەمان بەسوپای ئەمریکا بدابایە دەمانتوانی 30 کیلۆمەترەکەی خۆمان لە باکووری عێراق بگرینەوە

**رووداو- هەولێر**
جەنەراڵ یەشار بویوکئانت سەرۆک ئەرکانی پێشووی تورکیا رەخنەی لەوەگرت کە وڵاتەکەی هیچ سیاسەتێکی سەبارەت بە عێراق نییە و گوتی "بۆ ئەوەی سیاسەتت بەرامبەر شتێک هەبێ دەبێ قابیلی جێبەجێکردن بێت، بەرپرسانمان دەڵێن ئەگەر شتێک لە کەرکووک روویدات: بێدەنگ نابین، ئەگەر بێدەنگ نابین دەبێ چی بکەین؟ ئەگەر پلانێکی دیاریکراوتان نییە پێویست ناکات قسەش بکەن، چونکە بەوجۆرە متمانە دەدۆڕێنن". بویوکئانت هەر لەچوارچێوەی ئەو رەخنانەدا گوتی "ئێمە ئەوە رەوشەی ئێستای باکووری عێراقمان خولقاند".

بویوکئانت ئەو قسانەی لە پانێلێکدا کردن کە زانکۆی بەیکەنت (Beykent) لەشاری ئیستانبوڵ لەژێر نێوی "تورکیا، عێراق و سووریا" سازیکردبوو. سەرۆک ئەرکانی پێشووی تورکیا کە وەک راوێژکار لە زانکۆی نێوبراو کاردەکات، یەکێکبوو لە بەشدارانی پانێلەکە.

بویوکئانت، سەرۆک ئەرکانی پێشووی تورکیا، لەکاتی لەسەر کاربوونیدا دژی هەموو هەوڵەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بوو بۆ ئەنجامدانی هیچ چاکسازییەک لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردانی باکوور و باشووری کوردستان، بەردەوام لە لێدوانەکانیدا هێرشی دەکردە سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها لەسەردەمی ئەودا لە زستانی ساڵی 2008دا



جەنەراڵ یەشار بویوکئانت

هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچەی زاب لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا ئەنجامدرا، بەڵام بە شکست کۆتای هات. ئولکەر باشبوخ کە ئێستا سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیایە، بە کەسێکی واقعبینتر لە بویوکئانت دەناسرێ.

بویوکئانت لەدرێژەی قسەکانیدا ئاداری ساڵی 2003ی وەبیرهێنایەوە کە پەرلەمانی وڵاتەکەی رێگەی بەهێزەکانی ئەمریکا نەدا خاکی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی سەددام حوسێن بەکاربهێنرێ و لەوبارەوە گوتی "ئەمریکا بەو هەڵوێستەی تورکیا تووشی شۆکێکی گەورە بوو، ئەگەر ئەوکات مۆڵەتی بەزاندنی سنوورمان بە سوپای ئەمریکا بدابایە، هێزە چەکدارەکانی تورکیاش دەچوونە باکووری عێراق و هەتا شوێنێکی دیاریکراو دەچوون، ئەو ناوچەیە نزیکەی 30 کیلۆمەتر دەبوو. مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئەوێ سنووری سروشتیی تورکیایە".

بویوکئانت هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا گوتی "ئێمە نەدەچووین خاکی هیچ کەسێک داگیر بکەین، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو شوێنەمان خستبایە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان، ئێستا پێویست نەبوو بەم شێوەیە خۆیان لە بارزانی عاجز بکەن".

ژەنەراڵی خانەنشینکراو هەروەها باسی لە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کرد و گوتی "ئەگەر ئەمریکا لە عێراق دەربچێت، ئەو دەوڵەتەی کە ئێمە دەزانین لەو وڵاتەدا دانامەزرێت. چونکە سێ گرووپ هەن: سوننە، شیعە و کورد. کاتێک تەماشای دەستووری عێراق دەکەین کە بە چاودێریی ئەمریکاش دانراوە، دەبینین باکوور بە تەواوی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ دەپارێزێ، هێزەکانی ئاسایشی عێراق ناتوانن بچنە نێو خاکی باکووری عێراق، بەڵام کورد دەتوانن بچنە بەغدا و بەسرەش".

بویوکئانت رایگەیاند کە ناتوانێ گەشبینانە بڕوانێتە باس و بابەتەکانی عێراق، هەروەها گوتیشی "ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو نائارامیە بۆ سووریاش بگوازرێتەوە".

### بە یەک کاژێر وانە گوتنەوە

# برای سەرۆکی پێشووی زانکۆی سەلاحەدین بە بڕوانامەی ماستەر خانەنشین دەکرێ

**ساڵح قادر**
**رووداو-هەولێر**
سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددین کە لە ژیانیدا تەنیا یەک کاژێر وانەی لە زانکۆ گوتووەتەوە، بە پلەی ماستەر خۆی خانەنشین دەکات، بۆ ماوەی پێنج ساڵیش مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرا لە دەرەوە وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی دکتۆراکەی بخوێنێ، مووچەی مامۆستای زانکۆ وەردەگرێ و ئێستاش لە لەندەن کاری حەواڵە دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زانکۆی سەلاحەددین بە (رووداو)ی راگەیاند کە مامۆستا ئەبوبەکر سدیق محەممەد، کە برای د.محەممەد سدیق، سەرۆکی پێشووی زانکۆی سەحەلاددینە، لە ساڵی 2004 بە بڕوانامەی ماستەر لە بەشی پرۆگرامسازی، کۆلیژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەددین دامەزراوە "بەڵام تائێستا موباشەرەی نەکردووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "چوار ساڵە کۆلیژی نەبینیوە و مووچەش وەردەگرێت".

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە مامۆستا ئەبوبەکر لە ساڵی 2004 بە ئیمزای د.محەممەد سدیق خۆشناو، سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی سەلاحەددین مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرای وەرگرتووە بۆ خوێندن لە لەندەن "بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم تائێستا دکتۆراکەی نەخوێندووە، بەڵکو لە لەندەن کاری حەواڵەی پارە دەکات، زۆر کوردی لەندەنیش ئەوە دەزانن".

دەبووایە مامۆستا ئەبوبەکر بە سێ ساڵ دکتۆراکەی تەواو بکات و دەست بە وانەگوتنەوە بکات لە زانکۆی سەلاحەددین، بەڵام وەک ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەساڵی 2008 بە ئیمزای سەرۆکی زانکۆ مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ درێژکرایەوە، ئەوەش کارێکی نایاساییە، چونکە جگە لەوەی درێژکردنەوەی مۆڵەت لە دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆدا نییە، لە هەمانکاتدا نابێ مۆڵەتی درێژکردنەوە لە ماوەی 6 مانگ پتر بێ و، دەتوانێ دوو جار مۆڵەتی 6 مانگی وەربگری، بەڵام ناکرێ یەک ساڵ بە یەکجار وەریبگری". سەرچاوەکە گوتیشی "دیسان لە ساڵی 2009 بە ئیمزای سەرۆکی زانکۆ مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە درێژکراوەتەوە".

بەشێک لەو قوتابیانەی کە لە رێگەی حکومەتەوە زەماڵەی خوێندن لە دەرەوە وەردەگرن، مانگانە لەلایەن حکومەت بە بڕی 600 دۆلار هاوکاری دەکرێن. بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوەیە مامۆستا ئەبوبەکریش لەرێگەی سەرۆکایەتی زانکۆوە نووسراوی بۆ کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەو پێیەی پسپۆرییەکەی دەگمەنە، ئەو یارمەتییە بدرێتە ئەویش. سەرچاوەکە گوتیشی "مامۆستا ئەبوبەکر لەو رۆژەی دامەزراوە تا رۆژی خانەنشینکردنیشی لە زانکۆ مووچەی وەرگرتووە"، سەرچاوەکەی (رووداو) ئەوەشیگوت "بەپێی یاسا بێ، مامۆستا ئەبوبەکر هەموو ئەو مووچەیەی لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا وەریگرتووە دەبێ بیگەڕێنێتەوە، چونکە خوێندنی زەماڵەکەی تەواو نەکردووە، هەروەها پێویستە لە خوێندنەکەی خۆی تەرقین قەید بکات چونکە ماوە یاساییەکەی تێپەڕیوە، کەچی خانەنشین کرا".

هەروەها بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، مامۆستا ئەبوبەکر کە ئێستا لە لەندەن دادەنیشێ، ناوی لە لیستی ئەو مامۆستایانەشدایە کەوا بڕیارە لە دێی تازەی زانکۆ خانوویان بە قیستی مانگانە بدرێتێ و 23 خاڵیشی هەیە.

سەبارەت بە چۆنیەتی خانەنشینبوونیشی، ئەو سەرچاوەیە گوتی "مامۆستا ئەبوبەکر لە ساڵی 1979 لە پەیمانگەی محاویل فەرمانبەر بووە، لەو ساڵە بە زەماڵەی حکومەتی عێراق رەوانەی لەندەن کراوە بۆ خوێندن، کەچی ناوبراو 30 ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی هێناوەتەوەو پێی خانەنشین بووە، ئێستاش مووچەکەی لە هەموو مامۆستایانی کۆلیژی ئەندازیاری پترە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە بەشی پرۆگرامسازی کە بە باشی نەزانی ناوی بهێندرێ بە (رووداو)ی راگەیاند "مامۆستا ئەبوبەکر لە مانگی 7ی ئەمساڵ موباشەرەی کردووە، کە کاتی دەوام نەبووە، لە مانگی 10ش کە دەوام دەستی پێکرد تەنیا یەک کاژێر وانەی گوتەوە، رۆژێک راپۆرتێکی پزیشکی هێنا و خۆی پێ خانەنشین کرد".

سەرچاوەکەی (رووداو) ئاماژەی بەوەدا کە مامۆستا ئەبوبەکر بە بێ ئەوەی دەوامی کردبێ لە ساڵی 2006 سوپاس و پێزانینی لەلایەن سەرۆکی زانکۆ بۆ هاتووە و گوتی "ئەو سوپاس و پێزانینە لەبەر ئەوە بوو، کە سەتەلایتێکی ئینتەرنێتی بۆ بەشی پرۆگرامسازی هێنابوو، بەڵام سەتەلایتەکە کاری نەکردو دوای هەفتەیەک بردییەوە".

## ڕاپۆرت

### مالیکی : پێشوازی لە لیستی گۆڕان دەکەم



ڕووداو-nmc
نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری ڕۆژنامەنووساندا ڕەتیکردەوە پشتیوانی لە جەلال تاڵەبانی بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر ببێتەوە سەرۆک کۆمار، گوتیشی بزووتنەوەی گۆڕان داوای ئەوەیان نەکردووە ببنە بەشێک لە لیستی دەولەتی قانوون." ستایشی سەرۆک تاڵەبانی دەکەم وپێشوازیش لە لیستی گۆڕان دەکەم بەڵام تا ئێستا نە پرسی سەرۆکایەتی خراوەتەوە ڕوو نە لیستی گۆڕانیش داوای چوونە پاڵ لیستی دەولەتی قانوونیان کردووە".

### داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# کە بارزانی بە تورکی بەخێرهاتنی کردم زانیم گفتوگۆکانمان سەرکەوتوو دەبن



داود ئۆغلۆ لە کاتی سەردانی بۆ نێو بازاڕ و قەڵای هەولێر (فۆتۆAFP)

داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، یەکەمین گەورە بەرپرسی حکومەتی تورکیابوو، کە ڕۆژی 30/ 10/ 2009 بە ئاشکرا و بەفەرمی هاتە هەرێمی کوردستان. وەزیری دەرەوەی تورکیا زۆر گەشبینە بە کرانەوەیەکی فراوان لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، ئەو دەڵێ "باکووری عێراق" دەرگای ئەوانە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست و ئەو سەرەتایە لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێشدەخەن، هەروەها لە کۆتایی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (ڕووداو) کە ڕۆژی 2009/10/31 لە موسڵ ئەنجامماندا، زۆر بە خۆشییەوە باسی سەردانەکەی خۆی کرد بۆ هەولێر، دوای تەواوبوونی پرسیارەکانی ئێمە گوتی دەمەوێ ئەو سەرنجانەش بخەمە سەر وەڵامەکانم بۆ پرسیارەکانتان لەبارەی سەردانەکەم بۆ هەولێر :

"لە بەسراوە هاتم و شەو لە هەولێر مامەوە، لەگەڵ برایەکانمان لەسەر یەک سفرە نانمان خوارد، هیچ شتێک بۆ من بێگانە نەبوو، نە ئەو خواردنانەی خواردمانن، نە ئەوەی لەسەر سفرە هەبوو و نە ئەوانەی لەسەر سفرە دانیشتبوون...لە دڵەوە پێشوازیمان لێکرا، ئەم پێشوازییە گەرمە لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانەوە دیاربوو. کە شوێنە مێژووییەکانی هەولێرم بەسەرکردنەوە،سەرنج و بایەخی گەرمی خەڵک وایانکرد کە بڵێم پێویستە جارێکی دیکەش بچمەوە ئەوێ، خۆشترین بیرەوەریشم لە سەردانی هەولێر ئەوەبوو کە کاتێک بەڕێز بارزانی پێشوازی لێکردم بە زمانی تورکی گوتی (خۆش گەلدنز ساین داود ئۆغلۆ-بەخێربێی بەڕێز داود ئۆغلۆ)، ئەمەش نیشانەی ئەوەبوو کە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە مۆژدەی سەرکەوتنی گفتوگۆکان درا. هیچ بابەتێک نەبوو مشتومڕمان لەسەری هەبێ و هیچ بابەتێک نەبوو هاوبیر نەبین لەسەری".

هەڤپەیڤین: چەتینەر چەتین و ڕێبوار کەریم وەلی

**ڕووداو: بەیانی لە بەسرا بوون و ئێوارە لە هەولێر و ئەمڕۆش لە موسڵی، لە ماوەی 24 کاژێردا موخاتەبەی دوو نەتەوەو دوو مەزهەبتان کرد، ئەو گەشتە چ پەیامێکی پێیە؟**

**داود ئۆغلۆ:** گەشتێکمان ئەنجامدا کە پێشتر دواخرابوو و ئێستا بە نسیبمان بوو ویستمان نیشانی هەموو عێراق بدەین کە ئێمە لەگەڵیاندایین. ئێمە ڕابردوویەکی مێژووییمان لەگەڵ عێراق هەیە کە بە قۆناخێکی سەختدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئێمە لە2003 بەولاوە، بەشێوازی جیاجیا نیشانی عێراقییەکانماندا کە ئێمە لە گەڵیاندایین. لە بەسراوە تا بەغدا لە هەولێرەوە تا کەرکووک لە هەر شوێنێک بۆمبێک تەقیبێتەوە ئێمە یەکەم کەس بووین کە فریای قوربانییەکان کەوتووین،

> ئەوەی لەسەر سفرە خواردمان و ئەوانەی لەسەر سفرەکەش لەگەڵمان دانیشتبوون لە باکووری عێراق هیچیان بێگانە نەبوون

کە ئەم یارمەتییەشمان پێشکەش کردووە هیچ جیاکارییەکی ڕەگەزی و مەزهەبیمان نەکردووە دەمانەوێ پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ تێکڕای پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان هەبێ.

**ڕووداو: لەهەولێرزۆر بەگەرمی پێشوازیتان لێکرا، ئەمە بەڕووخساری بارزانییەوە دیار بوو، چۆنی لێکدەدەیەوە؟**

**داود ئۆغلۆ:** لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بارزانی ڕابردوویەکی درێژی هەیە،ئێمەش لە ڕۆژە سەختەکاندا یارمەتیی کوردەکانمان دا. بەشێوەیەک پێشوازییمان لێکرا کە وامان هەستکرد لە ماڵی خۆمانین کە بەردەکان لە عێراق جێگۆڕکێیان پێکرا، ماوەیەک تووشی گرفتی پەیوەندی و لێک تێگەیشتن بووین، بەڵام هیچ کاتێک پەیوەندییەکانمان نەپچڕان، ئەو هێرشەی PKK کردییە سەر (داغلی جا) لە 2007، بووە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکاندا، ئیدارەی کوردی و حیکمەتی سەرکردایەتیی کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، هەم لەلایەن ڕای گشتی کورد و هەمیش لەلایەن ئێمەوە، باش پێشوازی لێکرا. ئیدارەی کوردی لەو کاتە بەدواوە بۆ نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدانی پەیوەندییەکان هەوڵێکی جیددی دا.

**ڕووداو: ئەی لەمەودوا چی دەبێت؟**

**داود ئۆغلۆ:** هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە لە هەولێر کۆنسولخانە دەکرێتەوە و بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری و کولتوورییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بنیاد دەنرێت، بەڵام ئەوانە دوای ئەوەی دەخرێنە نێو بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە پەرەیان پێدەدرێت. ئێمە بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست واجیهەیەکی نوێ دروستدەکەین و دەبینین دەتوانین لەگەڵ بەڕێز بارزانیش لەم واجیهە نوێیەدا، زۆر کاری جیدی ئەنجام بدەین بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتیش بۆ ئاشتی عێراق وەک لایەنەکان بۆ ئەم واجیهە نوێیە لەگەڵ بەڕێز بارزانیدا خەریکی پەرەپێدانین. تورکیا دەروازەی عێراقە بەسەر ئەورووپادا و باکووری عێراقیش دەرگای تورکیایە بە بۆکرانەوە بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

> دەمانەوێ پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عێراق هەبێ

**ڕووداو: هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە PKK چی دەبێت؟**

**داود ئۆغلۆ:** لە مبارەیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕوونترین وەڵامی دایەوە و لە پرێس کۆنفرانسی فرۆکەخانەدا گوتی:هەر پەلامارێک بکرێتە سەر تورکیا ئێمە وادەزانین کراوەتە سەر ئێمە. بەڕێز مەسعوود بارزانیش لەمبارەیەوە زۆر هەستیارە و لە دانیشتنی دووقۆڵی و دانیشتنی نێوان شاندەکاندا،

> ئەو بایەخەی کە ئیدارەی کوردی بە کۆمپانیاتورکییەکانی داوە جێگەی ڕەزامەندی ئێمەیە

لەم تێڕوانینەدا هاوبەشە. هەروەها لە پرێس کۆنفرانسەکەماندا لەگەڵ بارزانی ئەو بە ئاماژەدان بەو هەوڵانەی کە حکومەتی تورکیا دەستی پێکردوون بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا، بەڕاشکاوانە گوتی کە نایانەوێ خوێنی کەس بە دەستی کەس بڕێژرێت. لەمبارەیەوە هەڵوێستی ئیدارەی کوردی بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشییە.

**ڕووداو: ئایا ئەوە دەگوازرێتەوە بۆ بوارەکانی دیکەش؟**

**داوود ئۆغلۆ:** عێراق پێنجەم هاوبەش و پارتنەری بازرگانی ئێمەیە. بە دڵنیاییەوە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە بوارەکانی بازرگانی، کولتووری ئاواتی ئێمەیە .لە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی عێراقدا دەبینین کە کۆمپانیا تورکییەکان زۆر پرۆژەی مەزنیان ئەنجامداوە. ئەو بایەخەی کە ئیدارەی کوردی بە کۆمپانیا تورکییەکانی داوە جێگەی دڵخۆشی و ڕەزامەندی ئێمەیە. کۆمپانیا تورکییەکان لەو بوارانەی کاریان تێدا دەکەن زۆر پرۆژەی جیدی ئەنجام دەدەن. سەرەتا پەیوەندییەکان ئاسایی دەکرێنەوە، دواتر لە بوارەکانی کولتوری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و سیاسی پەرەیان پێدەدەین و دەیانگەیێنینە ئاستی گونجاندن و ئینتەگراسیۆن و ئەو کاتەش دەتوانین سنوورەکانمان بەتەواوەتی بەسەر یەکتریدا بکەینەوە و نەیانهێڵین. وەک پێشتریش گوتم لەگەڵ عێراقدا لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە ڕابردوویەکی قووڵمان هەیە. ئەو خەزێنە مەزنە بۆ هەردوولا پێویستە بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت.

**ڕووداو: لە مانگی کانوونی دووەم لە عێراق هەڵبژاردن هەیە، چۆن لە هەڵبژاردنەکان دەڕوانن؟**

**داود ئۆغلۆ:** هەموو ئەگەرەکان هەڵدەسەنگێنین، تورکیا لەگەڵ یەکپارچەیی عێراقدایە، ڕەنگدانەوەی گرووپە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە نێو پەرلەمانی عێراق و بەشدارییان دەربڕی دەوڵەمەندیی عێراقە و، هۆکارێکیشە بۆ ئاشتی ناوخۆیی و چارەنووسی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیاری دەکات.

> پێویستە جارێکی دیکەش بچمەوە هەولێر

### سەید عەزیم حوسێنی، کونسولی گشتیی ئێران لە هەولێر:



# پێشوازی لە پرۆسەی کرانەوەی کورد لە تورکیا دەکەین

**ڕووداو-هەولێر**

کونسولی گشتیی ئێران لە هەولێر دەڵێت ئەوەی ئێستا لە تورکیا لە بارەی چارەسەری کێشەی کورد دەکرێ، ئەوان لە ئێران 30 ساڵە بە کردەوە جێبەجێیان کردووە و گوتیشی "ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەموو لایەک دەستپێشخەرترە".

سەید عەزیم حوسێنی، کونسولی گشتیی ئێران لە شاری هەولێر، لە کاتێکدا ئەو قسەیە دەکات، کە هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی ڕێپێدراو لە ئێران نییە و چەندین حیزبی کوردی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی ئێران و لە ناوەوەی ئێران بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی چەکداری و سیاسی خۆیان ئەنجامدەدەن.

حوسێنی سەید کە لەساڵی 1960 لەتاران لەدایکبووەو لەزانکۆی عەلامە تەباتەبایی لە تاران بەکالۆریۆسی لە بەڕێوەبردن وەرگرتووە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی " ئەگەر شوێنێک هەبێت یەکگرتوویی و بەیەکەوە هەڵکردنی نێوان خەڵکان و زاراوە جۆربەجۆرەکانی تێدا بە نموونە وەربگیرێت، ئەو شوێنە ئێرانە".

تورکیا پرۆسەیەکی بەناوی (کرانەوە بەڕووی دیموکراسیدا) ڕاگەیاندووە، کە حکومەتی تورکیا دەڵێ ئامانجی لەو پرۆسەیە چارەسەری کێشەی کوردە، کونسولی ئێران لەو بارەوە دەڵێ " ئەوەی لەتورکیا ئێستا لەئارادایە، ئێمە بەلامانەوە باشەو پێشوازیشی لێدەکەین". هەروەها دەڵێ " پێمانوایە کێشەکان بە ڕێگەی چەکداری چارەسەر ناکرێن و دەبێ بەشێوەیەکی دیکە ئاوڕیان لێبدرێتەوە. ئەوەی ئێستا خەریکە لەتورکیا جێبەجێ دەکرێ، ئێمە لەئێران30 ساڵە بەکردەوە کارمان بۆ کردووە".

سەبارەت بە نەبوونی حیزبی سیاسی کوردی مۆڵەتپێدراو، کە بەشێوەیەکی یاسایی چالاکی بکات، کونسولی ئێران دەڵێت "ئێران بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتان، هەڵبژاردنی تێدا بە لیستی کراوە ئەنجامدەدرێ و پەرلەمانتارەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، بەداخەوە ئێوە وای لێکدەدەنەوە کە پەرلەمان دەبێ شوێنی ململانێی حیزبەکان بێت". هەروەها دەڵێت "هەر لەسەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە، نوێنەری کورد لەپەرلەمانی ئێران هەبوون و ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمان کوردن".

ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا دەڵێ، کۆماری ئیسلامی لەبواری ئازادی ڕادەربڕیندا لەنێو 175 وڵات دا لەپلەی 172دایە. جگە لەوەی چەندین ڕۆژنامە تائێستا ڕووبەڕووی داخستن بوونەتەوە .سەید حوسێنی سەرسوڕمانی خۆی لەبارەی ئەو زانیارانەی ڕێکخراوەکە دەربڕی و گوتی "کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە ڕێزی بۆ ئازادی ڕادەربڕین داناوە، لەکاتێکدا ئەو وڵاتانەی خۆیان بە پێشکەوتوو دەزانن، بە هۆی بەدواداچوونی بابەتی وەک هۆلۆکۆست لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەر کەسێک هەر قسەیەک بکات لەگەڵ سینگ فراوانی ئەو سیستەمە ڕووبەڕوو دەبێتەوە".

> ڕۆژانە 500 ئۆتۆمبێل لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە هاتووچۆ دەکەن

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران دوای وڵاتی چین، لەبواری جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، بەپلەی دووەم دێت و زۆربەی ئەوانەی لە سێدارەش دەدرێن لەسەر بیروڕای سیاسیان ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە. بەڵام سەید عەزیم حوسێنی ئەوەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند " لەئێران دا کەسێک بە تاوانی سیاسی لەسێدارە نادرێ. ئەو کەسانەی کە لەسێدارە دەدرێن، بەهۆی بازرگانیکردن بە ماددە بێهۆشکەرەکان یان تاوانی کوشتن دەستگیرکراون".

دوای هەڵبژاردنەکانی دەیەمین سەرۆک کۆماری ئێران لە مساڵدا، بە تایبەت دوای خۆپیشاندانی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران، بڵاوکرایەوە کە دەزگای دادی ئێران دەیەوێ لێپرسینەوە لەگەڵ هەردوو پاڵێوراوی ڕیفۆرمخوازەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی بکات واتە مەهدی کەڕووبی، میرحوسێن موسەوی، لەکاتێکدا ئەو کەسانە لە بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامین. کونسولی ئێران لەو بارەیەوە دەڵێت "لێپرسینەوەکردن لەگەڵ ئەو کەسانە، ئاماژەیەکە کە کۆماری ئیسلامی ئێران یاساو چوارچێوەیەک پەیڕەو دەکات بۆ هەموو کەسێک یەکسانە، ئەگەر کەسێک لەو یاسایە دەربچێت ئەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، با لێپرسراو و پایە بەرزێکی حکومیش بێت".

ئێستا ئێران لەدوای تورکیا بە پلەی دووەم دێت لە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق. بە تایبەتی دوای ئەوەی خاڵە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخ کرانە دەروازەی ڕەسمی، ئاستی بازرگانی نێوان هەردوولا بەرەو هەڵکشانە.

سەید عەزیم حوسێنی باس لەو پەیوەندییە ئابوورییەی نێوان هەردوولا دەکات و دەڵێت "پەیوەندی نێوان ئێران و عێراق لەڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە زۆر تۆکمەیە، بە جۆرێک لە ماوەی ساڵێکدا 3 ملیۆن ئێرانی سەردانی عێراق دەکەن و یەک ملیۆن عێراقیش سەردانی ئێران دەکەن". گوتیشی "تەنیا لە دەروازەی حاجی ئۆمەران ڕۆژانە 500 ئۆتۆمبێل هاتووچۆ دەکەن، جگە لە دەروازەکانی دیکە". ناوبراو ئاشکراشیکرد "ئەو مانگە پێشەنگایەکی کتێب و کولتوری ئێرانی لە شاری هەولێر دەکرێتەوە".

لە ماوەی ڕابردوودا یەکێک لە گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەند بوو، دوای چەند دانیشتنێک لە نێوان کاربەردەستانی ئێران، عێراق و هەرێمی کوردستان، ئێران ڕازیبوو بە دووبارە بەردانەوەی ئاوەکە. سەبارەت بە چارەسەری کۆتایی ئەو گرفتە. سەید عەزیم گوتی "ئاو مەسەلەیەکی بنەڕەتی و ستراتیجییەو هەموو وڵاتێک بەشوێن ئەوەوەیە پلانێکی هەمە لایەنە دابڕێژێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کەڵک لە سەرچاوە ئاوییەکانی وەربگرێ، دەکرێ لەڕێگەی دیالۆگ و پرۆژەی هاوبەشەوە بگەینە دەرئەنجامێکی باش". هەروەها دەڵێت "ئەو بەنداوەی لەنێوان ئێران و تورکمانستان هەیە پرۆژەیەکی هاوبەشەو دەکرێ لەنێوان ئێمەو عێراقیشدا هەبێت، دەبێ هۆکاری وشکبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستانیش بزانرێ، کە کاری پسپۆڕانی ئاوە نەک من".

# ڕیپۆرتاژ

## گۆڕان بەسەرۆکایەتی ڕەفیق سابیر ڕازینابێت



هێمن مامەند - ڕووداو

بڕیاربوو دوێنێ کۆتایی بە دانانی سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بێت، بەڵام دوای ئەوەی فراکسیۆنی کوردستانی د.ڕەفیق سابیری بۆ سەرۆکی لیژنەی نەزاهە دیاریکرد، فراکسۆنی گۆڕان ڕازینەبوو. حەمەسەعید حەمەعەلی، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیاربوو لیژنەی نەزاهە بدرێتە گۆڕان، بەڵام لە دانیشتنی دوێنێدا فراکسۆنی کوردستانی ئەوەی قبوڵ نەکرد، بۆیە دانیشتنەکان دواخران بۆ ڕۆژی دووشەممە". سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیش بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئێمە پێشنیازی دانانی ئەو لیژنەیەمان کردووەو،د.ڕەفیق سابیر کە کەسێکی سەربەخۆیە دیاریمانکردووە بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە، کەچی بەداخەوە گۆڕان قبول ناکەن و موزایەدەمان لەسەردەکەن" .

### بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی کۆمەڵ:

# هەرکاتێک ئەمیر بیبینم بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکەم پیرۆزبایی لێدەکەم

**ڕووداو- سلێمانی**

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەسەرەتای ئەم مانگەدا لە شاری سلێمانی ژنێکی دیکەی بەسەر ژنی دووەمیدا هێنا. بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی حیزبەکەشی دەڵێ "ئەگەر ئەمیر ببینم بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکەم، پیرۆزبایی لێدەکەم".

بەگوێرەی قسەی سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بهێنرێ، عەلی باپیر لەبەر ئەوەی ژنەکەی نەخۆشە و چەند جارێک بۆ چارەسەرکردن بردوویەتییە تاران، ئەم ژنە تازەیەی مارەکردووە . دوای مردنی هاوسەری یەکەمی لەساڵی 1996دا عەلی باپیر ژنی دووەمی هێناوەتەوە.

محەممەد، کوڕە گەورەی عەلی باپیر لەکاتی پەیوەندیکردنی ( ڕووداو)پێیەوە گوتی "ئەوە پەیوەندیی بەژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە، مافی ئەوە بەخۆم نادەم قسەی لەسەر بکەم". گوتیشی " بەڵام ئەوە هەڵبژاردەی خۆیەتی، بێگومان کاریگەریی خۆی هەیە، وەک چۆن دەستپێکردنی قبوڵکردووە، ئاواش دەبێ دەرەنجامەکانی قبوڵ بکات". حەسەن بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "بەڵێ ئەو هەواڵە ڕاستە، مامۆستا عەلی باپیر ئەو کچەی مارەکردووە کەماڵیان لە سلێمانییە و لە عەشیرەتی میراودەلییە، ئەمەش شتێکی شەخسی و تایبەتییە".

مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، پەرلەمانی کوردستان یاسای باری کەسیی هەموارکرد، دوای هێنان و بردنێکی زۆر لەنێوان (قەدەخەکردن، یان قورسکردنی مەرجەکانی فرەژنی) بەجیاوازییەکی کەم پەرلەمانی کوردستان قورسکردنی مەرجەکانی لەسەر فرەژنی پەسەندکرد.

بەگوێرەی خاڵی یەکەمی یاسا هەموارکراوەکە " ڕێگەنادرێ بەفرەژنی مەگەر بەقەناعەتهاتنی دادوەر، ئەویش لەکاتێکدا مەرجەکانی شایانی هێنانی ژنی دووەم لەئارادابێت". یەکێک لە مەرجە دیاریکراوەکانیش ئەوەیە کە "ژنی یەکەم نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبێت کە گرفت بۆ ژیانی هاوسەری دروست بکات، ئەم نەخۆشییەش لە ڕێگەی لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەستنیشان دەکرێ"، هەروەها دەبێ ژنی یەکەمیشی لەسەر ژنهێنانی مێردەکەی لە بەردەم دادگا ڕەزامەندبوونی خۆی دیاری بکات.

سوعاد قادر عەزیز، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی و بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی ئەو حیزبە، ئەو ژنهێنانە تازەیەی ئەمیرەکەیان، وەک زۆربەی سەرکردە پیاوەکانی دیکەی کۆمەڵ بە"کارێکی ئاسایی" دەزانێ و بە ( ڕووداو)ی ڕاگەیاند " من بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم، چونکە شەریعەتی خوا ڕێگەی داوە بەپیاوان تا چوار ژن بێنن".

بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامی گوتیشی " هەرکات بگەمە لای جەنابی ئەمیر بۆ ئەوەی هیچی لێ بپرسم، پیرۆزبایی لێدەکەم"، هەروەها گوتیشی " تکایە با ڕاگەیاندنەکان واز لە چوونە نێو ژیانی شەخسی کەسەکان بێنن و ئەوەندە لاسایی ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان نەکەنەوە، دنیایەک کێشەی سیاسی و نێوخۆییمان هەیە، کەچی خۆیان بەشتێکی زۆر لاوەکییەوە خەریککردووە".

حەسەن بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی خولی



**مەبەستێکی تایبەتی لە پشت بەدواداچوونی**

حەسەن بابەکر
ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ

پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ئەوە مافێکی شەرعی و قانونی مامۆستا عەلی باپیرە"، هەروەها گوتیشی "مامۆستا عەلی باپیر ڕەچاوی لایەنی شەرعی و قانونی کردووە لە مارەکردنی ئەو کچەدا".

هەرچەندە عەلی باپیر، وەک ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کە یەکێکە لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان و چەند کورسییەکی لە پەرلەمانی کوردستان وعێراق هەیە، بە خاوەن کەسایەتییەکی گشتیی دادەنرێ، بەڵام حەسەن ئەبابەکر پێیوایە مەبەستێکی تایبەتی لە بەدواداچوونی ڕاگەیاندن بۆ ژنهێنانی ئەمیرەکەیان هەیە و گوتی" دیارە مەبەستێکی تایبەتی لەپەنا ئەم کارەوە هەیە، بەڵام مامۆستا عەلی باپیر گوێ ناداتە ئەو مەسەلانە".

عەلی باپیر باوکی 6 کوڕو دوو کچە لەهەردوو ژنی پێشووی.

# تۆفانی دووەمی نــــوح بەڕێوەیە

**ڕووداو-هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو تەوژمێکی باوبۆران کوردستانی گرتەوە، لە ئەنجامدا زیانی گیانی و دارایی لێکەوتەوە. لە قەزای مێرگەسۆر ژن و منداڵێکی 2ساڵی بە ئاودا چوون، زیانێکی گەورەش بەر ڕێگاوبانی ناوچەکە و ماڵ و حاڵی خەڵک کەوت، لە زاخۆ و فایدە و سێمێل چەندین خانوو بەرلافاو کەوتن، باوبۆران و زریانیش ژمارەیەک خانووی ڕووخاند.

هەر بەهۆی ئەو تەوژمەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەندێ ناوچەی بە لێقەماو (منکوب) ڕاگەیاند و داوای لە ڕێکخراوە مرۆییەکان کرد کۆمەکی خەڵکی زیانوێکەوتوو بکەن. ئەو لافاو هەستانە بە جۆرێک بوو، جێگری سەرۆکی ئەمریکاش لەکاتی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوخەمی خۆی بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە سروشتییە لەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.

لافاو و باو بۆران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ناوچەکە سەریهەڵداوە، کار گەیشتووەتە ئەو ئاستەی خەڵک ترسی لە بینینی هەر پەڵە هەورێک هەبێت. د. بارام خدر مەولود پرۆفیسۆر لە بواری ژینگە پێیوایە ئەو خەڵکە لەسەر هەقن، لەمبارەیەوە گوتی" تاوەکو لافاو هەڵنەکات، هیچ ڕێوشوێنێکی پێشوەختە ناگیرێتە بەر، هەمیشە دوای باران کەپەک بە خۆماندا دەدەین".

وەک پرۆفیسۆر بارام خدر مەولود بۆ (ڕووداو) ئاماژەی پێدا لەسەردەمی حەزرەتی یوسف، تەنیا بەهۆی خەونێکەوە، کە پێشبینی وشکەساڵی کردبوو، ئامادەکاری بۆ حەوت ساڵ کرا، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و دوور لەخەون هەندێ بەڵگە دەبینرێن بۆ ڕوودانی کارەساتی سرووشتی، کەچی هیچ ناکرێت.

وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق، پێیوایە ئامادەکاری وهەماهەنگی بۆ ڕووبەڕوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا تەنیا بە وڵاتێک ناکرێت، بەڵکو گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتی دەوێت. لەمبارەیەوە عەبدولڕەحمان سدیق وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق بۆ (ڕووداو) ڕوونیکردەوە "کەشوهەوا بە تەنیا لە کوردستان تێکنەچووە، بەڵکو لەسەرتاسەری گۆی زەوی هاوسەنگی پێکهێنەرەکانی ژینگە لە ئاو و هەوا و خاک گۆڕانی تێکەوتووە". هۆکارەکانیشی بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی و زیادبوونی هۆیەکانی گواستنەوە و کارگەکان گەڕاندەوە.

وەک عەبدولڕەحمان سدیق ڕوونیکردەوە، ماددە پیسکەرەکانی هەوا بریتین لە ئۆکسیدەکانی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و گۆگرد و مادە هایدرۆکاربۆنییەکان و گەردی تۆز و خۆڵ، لە ساتەوەختی ئێستادا نزیکەی 7ملیار تۆن گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە چینەکانی سەرەوەی هەوادا هەیە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم گازە ئەوەیە، ڕێگە دەدا تیشکی خۆر بێتە سەر زەوی، بەڵام ڕێگە نادات گەرما لە زەوییەوە بگەڕێتەوە دەرەوەی ئەو چینە، ئەو گەرمایە لە زەوییدا قەتیس دەمێنێت، گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەم زەوییەمان بۆ دەکاتە ژوورێکی شووشەیی، سەرئەنجام پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە، لە ئەنجامدا بەفری بەستەڵەکەکانی سەرووی گۆی زەوی کە ملیۆنەها ساڵە دروستبووە دەتوێنەوە، ئاوی دەریاکان بەرزدەبێتەوە، ئەو ئاوە دەبێتەوە هەڵم و ڕێژەی باران زیاد دەکات.



ژنێک لە مێرگەسۆر ماڵەکەی لە قوڕو لیتاوی پاشماوەی لافاو پاک دەکاتەوە
(فۆتۆ:کوردستانی نوێ)



**لە هاوین باران و بەفر دەبارێ، لە زستانیش بێ بارانی و تەپوتۆزدەبێ**

عەبدولڕەحمان سدیق، وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق

عەبدولڕەحمان سدیق، کە ئێستا سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پردەو شارەزایی و پسپۆرییەکی فرەوانی لە بواری ژینگەدا هەیە، ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کرد" لە هەندێ شوێن باران زیاد دەبێت و لە هەندێ شوێن وشکەساڵی دروستدەبێت، چاوەڕوان دەکرێ لە هاوین بەفرو باران ببارێ، ڕووبار و لافاو هەڵسێت، لە زستانیش وشکەساڵی و تەپوتۆز هەبێت، دووبارە هەندێ ڕووباری وشکبوو ئاویان بۆبێتەوە". بۆیە بە بڕوای ئەو وڵاتێک بە تاقی تەنیا ناتوانێت هیچ بکات.

**هەمیشە دوای باران کەپەکمان بە خۆمان داداوە**

بارام خدر مەولود پسپۆری بواری ژینگە

هەرچی پرۆفیسۆر بارام خدر مەولودە پێیوایە کەمتەرخەمییەک لەلایەن دامەزراوە حکومییەکانەوە هەیە لە کوردستان و، هەنگاوەکان بە بێ بەرنامە لەقەڵەم دەدات و لەمبارەوە گوتی" لە شوێنەکانی دیکە ئامادەکاری بۆ گۆڕانی کەشوهەوا کراوە، بەڵام لێرە هەنگاوەکان بێ پلانییان پێوە دیارە، کە ئاوی هەندێ گوند وشکبوو تانکەریان بۆ تەرخانکردن، خۆ ئەگەر تایەی تانکەرەکان پەنچەر بن بەرنامەکەی حکومەتیش پەکی دەکەوێت". وەک ئەو پرۆفیسۆرە بە پەسندی دەزانێ، باشترین هەنگاو دروستکردنی بەنداوە، کە کۆگەکانی ئاوی ژێرزەویش پڕدەکاتەوە. بەبڕوای ئەو جێبەجێکردنی بەنداوی بێخمە پڕۆژەیەکی زۆرستراتیژییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و باوبۆران، جگە لە قازانجە سیاسی و ئابورییەکانی.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق، پێیوایە قەبارەی زەرەر و زیانەکانی کوردستان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا بەبەراورد لەگەڵ هەندێ وڵات و دوورگەی دیکە زۆر کەمە، ئەو ئاماژەی بە دوورگەی ماڵدیف کرد، کە لەم دواییەدا کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ژێر ئاودا بەڕێوەچوو و ئۆکسجینیان بە لوولە بۆ بردن، ئەمەش وەک خۆ ئامادەکردنێک بوو بۆ نقوومبوونی خاکەکەیان لە دوارۆژدا، هەر بەهۆی ئەو مەترسییەش حکومەتی ماڵدیف خاکی لە چەند وڵاتێکی نزیک خۆی کڕیوە، بۆ ئەوەی لەکاتی ژێر ئاوکەوتنی خاکەکەی لەو شوێنانە وڵاتێکی دیکە ئاوەدان بکەنەوە. بەڵام بەو پێیەی کوردستان دوورە لە دەریا، ئەگەر تەواوی بەفری هەردوو بەستەڵەکەکە بتوێتەوە خاکەکەی ناکەوێتە ژێر ئاو، بەڵکو دەکەوێتە کەنار ئاو و دەبینە خاوەن دەریا. وەک وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق ئاماژەی بۆ کرد ئەو ڕاستییە مێژووییە هاوتایە لەگەڵ گێڕانەوە ئاینییەکان، کە دەڵێن لە سەردەمی نوح پێغەمبەردا، هەموو جیهان کەوتووەتە ژێر ئاو تەنیا کوردستان نەبێت و کەشتییەکەی لەسەر چیای جودی لەباکووری کوردستان وەستاوە. عەبدولڕەحمان سدیق لەمبارەیەوە ئاماژەی بۆ قسەی پیاوانی ئاینیی ئەوروپا کرد، کە دەڵێن" تۆفانی نوح بۆ جاری دووەم بەڕێوەیە، ئەوکات نوح کەشتی گەورەی هەبوو،بەڵام لەم سەردەمەدا کەشتی لەو بابەتەشمان نییە".

لە مانگی داهاتوودا لە کۆبنهاگنی پایەتەختی دانیمارک، کۆنگرەیەک بۆ وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی جیهان بەڕێوەدەچێ، کە پێشبینی دەکرێ سەرۆکی چەند وڵاتێک تێیدا بەشداربن، لەوانەش باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا. چاوەڕوان دەکرێ لەم کۆنگرەیەدا چەند بڕیارێکی گرنگ لەبارەی پاراستنی ژینگە بدرێن. شاندێکی عێراقیش بەسەرۆکایەتی نەرمین عوسمان وەزیری ژینگە لەم کۆنگرەیە بەشدار دەبێت، لەبارەی ڕەنگدانەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە، نەرمین عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی پۆلێنکاری ڕێکخراوی کەشناسی جیهانی WMO، ناوچەکانی ئێمەش گۆڕانکاری کەشوهەوای بەسەرداهاتووە، ناوچەکە تووشی بە بیابان بوون دەبێت و خۆڵبارین زیادی کردووە".

لەبارەی هەنگاوەکانی حکومەتی عێراقیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کەشوهەوا وەزیری ژینگەی عێراق گوتی" بۆ پرسێکی ئاوا عێراق ناتوانێ بە تەنیا هیچ بکات، بەڵکو دەکرێ بە هاوبەشی لەگەڵ هەموو جیهان پابەندی ئەو بنەمایانە بێت، کە ڕێککەوتنی کیۆتۆ دیاریکردوودن،ئێمەش ئەندامین لە ڕێککەوتننامەی کیۆتۆدا".

نەرمین عوسمان گوتی "عێراق هۆکارێک نییە بۆ پیسبوونی ژینگە، بەڵکو قوربانی پیسبوونەکەیە، بە گوێرەی قسەکانی ئەو تائێستا دەرهاوێشتەکانی عێراق بۆ پاشماوە کاربۆنییەکان و گازەکان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بۆ تەواوی وڵاتانی جیهان دیاریکراون کە نابێ لەوە زیاتربێ".



**عێراق قوربانیی پیسبوونی ژینگەیە نەک هۆکاری پیسکردنی**

نەرمین عوسمان وەزیری ژینگەی عێراق

## پێشوازی لە گرووپە تەسلیمکارەکان ناکەین



ڕووداو- DÎHA
ئەمینا عاینا، هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، بەتووندی ئەو لێدوانانەی وەزیرە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا MKG ی دایەوە کە گوتیان " هاتنەوەی گرووپەکان بۆ تورکیا بەردەوام دەبێ و هەندێ لە دەتە پەیپەکانیش بێدەنگ دەکەین"، ئەمینا گوتی " ئەگەر هەندێک گرووپ بێن خۆیان تەسلیم بکەنەوە، ئەوا گەڵ پێشوازییان لێناکات، پێویستیش ناکات دەست بخەنە ناو کاری DTP وە". سەرۆکایەتی PKK ڕایگەیاندووە ئیتر هیچ گرووپێکی دیکە نانێرێتەوە.

### ئەنسارولئیسلام گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوێر دەکات

# گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە پاکستان



سابیر قادری
chuarchra@gmail.com

**ڕووداو- هەولێر**

شەش گەنجی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەچنە پاکستان،بەڵام لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتە بە تاوانی بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی نایاسایی دەستبەسەر دەکرێن.

ئاژانسی دەنگوباسی IPPی پاکستان لەهەواڵێکدا بڵاویکردەوە کە پۆلیسی ئەو وڵاتە، شەش کەسی ئێرانی بەڕەگەز کوردی دەستبەسەرکردووە بە تاوانی ئەوەی خاکی ئەو وڵاتەیان بەزاندووە بۆ

**کۆماری ئیسلامی و مەکتەبی قورئان هۆکاری چوونی هەرزەکارانی کوردە بۆ نێو ڕێکخراوە توندڕەوەکان**

بەرپرسێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان،بەڵام ئەوە بەلای کوردانی ڕۆژهەڵاتەوە هەواڵێکی نوێ نەبوو.

پەیوەستبوونی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە زیاد بووندایە و، شارەزایان چەندین هۆکار لە پشت ئەو پەیوەستبوونەدا دەبینەوە. هەروەها بەردەوام ئەمریکا و لایەنە عەرەبییەکانی عێراق – ئێران دەسەڵاتدارانی بە پشتیوانیکردنی ئەو گرووپەتووندڕەوانە تاوانبار دەکەن کە تەقینەوەو کردەوەی خۆکوژی لە عێراق ئەنجامدەدەن. لەنێو ئەو خۆکوژانەدا باسی بوونی دوو کوردی خۆکوژیش دەکرێ کە یەکێکیان لەنێوەڕاستی عێراق و ئەویتریشیان کەسێک بووە بەنێوی عەلی کە لەبەردەم ناوچەی هێزی ناوخۆ لە هەولێر خۆی تەقاندەوەو بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی 200 هاووڵاتی.

پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی خەڵکی باشووری کوردستان و دوای ئەوەش و، بەر لەوەی جوندولئیسلام دابمەزرێ، کۆمەڵێک لەسەرکردە و کادیرەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان ڕێگەی ئەفغانستان و پاکستانیان گرتەبەرو پەیوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدەو گرووپی تاڵیبانەوە هەبوو، ئەو پەیوەندییە تا ئەو ڕادەیە پتەوبوو کە تەحسینی مەلا عەلی عەبدولعەزیز، چوو بۆ بینینی مەلا محەممەد عومەری ڕێبەری بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان، هەروەها مەلا کرێکاریش ئوسامە بن لادنی بینی، عەلی باپیریش چەند سەمینارێکی لە پاکستان سازدا.

سۆران عومەر، یەکێکبووە لەو گەنجانەی تاوەکو ساڵی 2001 لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبووەو لە نزیکەوە لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندی هەبووە. سۆران دەڵێت باڵادەستبوونی ئایینزای شیعە و چەوسانەوەی کورد لەڕووی ئاینزاییەوە هۆکاری پەیوەندیکردنی کوردانی ڕۆژهەڵاتە بە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە" باڵادەستی ئایینزای شیعە لە ئێران و عەقلییەتی چەکداریی کورد وایکردووە کە ئەو کەسانەی حەزو مەیلی ئایینیان هەیە، بەرەو گرووپە توندڕەوە ئایینیەکان بچن".

لەدوای ڕووخانی ڕژیمی بەعس لەساڵی 2003 و لێدانی بنکەو بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام لە ناوچەی هەورامان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا، ئەندامانی ئەو گرووپە ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و لەشارەکانی ئەو بەشە لەکوردستان بڵاوبوونەوەو، لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرا. سۆران عومەر، کە ئێستا لە لایەنگرانی مەلا کرێکار جیابووەتەوەو خاوەن و سەرنووسەری گۆڤاری (ڕێگا مەگەزین)ە، چوونی ئەنسارولئیسلام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیری قاعیدەو ئەنسارولئیسلام لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێ و دەڵێ "بڵاوبوونەوەی ئەنسارولئیسلام بە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر پروپاگەندەکردن بۆ بیری قاعیدە، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو دیدوبۆچوونە ئیسلامییە توندەی کە پێیدەگوترێت بیری قاعیدەو تاڵیبان"، ناوبراو گوتیشی "هەرچەندە پێشتر گرووپ و لایەنی وەک مەکتەبی قورئان و جەماعەتی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە و ناسر سوبحانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونیان هەبووە کە دیدوبۆچوونێکی ئایینیان هەبووە، بەڵام ئەو دیدو بۆچوونەی کە پێیدەگوترێت تالیبانیزم، بەرهەمی بڵاوبوونەوەو پروپاگەندەی گرووپ و ئەندامانی ئەنسارولئیسلام بووە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

چەندین گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکیان هەیە، بەڵام لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەشێک لە گەنجانی ئەو بەشەی کوردستان بەمەبەستی پەیوەستبوون بە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ڕوویان لەپاکستان و ئەفغانستان کردووە.

حەسەن ئەمینی کەسی یەکەمی مەکتەبی قورئانی کوردستان، سەبارەت بە چوونی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەفغانستان و پاکستان و پەیوەندیکردنیان بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " لە ئێران دەسەڵاتی شیعە ڕێگری لە چالاکی گرووپ و لایەنە سوننییەکان کردووەو تاکی کوردیشی لەڕووی نەتەوەیی و ئاینزاییەوە چەوساندووەتەوە، بۆیە سروشتییە کە لایەنگرانی ئەو بیروباوەڕە شوێنێکی دیکە بۆ چالاکییەکانی خۆیان هەڵبژێرن".

حەسەن ئەمینی،کە ماوەیەک لەمەوبەر لەکاتێکدا لە سەردانێکی ساڵانەی خۆی لە بەلوچستانی ئێران دەگەڕایەوە لەلایەن حکومەتی ئێران دەستبەسەرکرا. ئەمینی لەو باوەڕەدا نییە گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی باشوور کاریگەرییان لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات هەبووبێ کە پەیوەندی بە گرووپە توندڕەوەکانی پاکستان و ئەفغانستانەوە بکەن "گوشاری دەسەڵاتدارانی ئێران کاریگەری لەسەر کۆچی کوردانی ڕۆژهەڵات هەبووە بەرەو ئەو وڵاتانە و، ئەگەر ئەو ڕەوتە درێژەی هەبێت ئەو کۆچە زیاتریش دەبێت".

هەندێک لەهێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی بیری سەلەفییەت لە نێو گەنجان دادەنێن. بێهروز ئەردەلان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی بەرهەڵستکارە، بەلاڕێدابردنی ئایین بە تایبەت ئاینزای سوننە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و بانگەشە توندڕەوەکانی مەکتەبی قورئان بە هۆکاری سەرەکی چوونی کوردانی ڕۆژهەڵات بەرەو لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکان دادەنێ " تەحریفکردنی دین لەلایەن کۆماری ئیسلامی و خیتابی توندی مەکتەبی قورئان بە هەردوو باڵەکەیەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵە هەرزەکارێک بکەونە ژێر کاریگەری ئەو لایەنانە و خۆیان لەنێو ڕێکخراوی قاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیباندا ببیننەوە". ناوبراو گوتیشی "کۆماری ئیسلامی خۆی پەرەپێدەری ئەو بیرەیە لەکوردستان هەربۆیە هەندێک گرووپی وەک جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام لەلایەن ئەو ڕژێمەوە پاڵپشتیان لێدەکرێ و لە مەریوان و چەند شارێکی دیکەی کوردستان بارەگایان بۆ دەکرێتەوە".



تەقینەوەی بەردەم ناوچەی هێزی ناوخۆ لەلایەن خۆکوژێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام درا (فۆتۆ:ڕووداو)

---

### وتەبێژی گرووپی زمانپەروەران لە ئامەد:

# 90%ی ناوی منداڵانی ئامەد کوردییە



**ڕووداو–ئامەد**

بەمەبەستی پەرەپێدانی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان چەند مامۆستا و ڕووناکبیرێک گرووپی زمانپەروەرانی کورد دادەمەزرێنن و گوتەبێژی گرووپەکەش ڕایگەیاند لە ئامەد ڕۆژ بە ڕۆژ لە شەقام و کۆڵانان و لەنێو مەیدانی سیاسیدا بە کوردی قسە دەکرێ و گوتیشی"ئێستا 80- 90 %ی ناوی منداڵانی ئامەد کوردین".

ئەدیب پۆڵات،وتەبێژی گرووپی زمانپەروەران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە گرووپەکەیان بە شێوەی وۆرکشۆپ کار دەکات و،بۆ پێشکەوتن و بەهێزکردنی زمانی کوردی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ئەنجامدەدات. پۆڵات ئامانجی گرووپەکەیانی ڕوونکردەوەو گوتی" ئامانجی ئێمە لە سازکردنی گرووپی زمانپەروەران بەرەوپێشبردن و نۆژەنکردنەوەی شێوەزاری کرمانجییە. بە بڕوای ئێمە هەتا شێوەزارە کوردییەکان یەک بە یەک بەهێز نەبن، زمانی کوردی پێشناکەوێت".

کاری ئەو گرووپە تەنیا لە چوارچێوەی شاری ئامەد دایە، هەرچەندە ئەوە ئامانجی گرووپەکە نییە، بەڵام وتەبێژی گروپەکە دەڵێت بەهۆی کێشەی دارایی نەیانتوانیوە پەلوپۆ بۆ شوێنەکانی دیکە بهاوێژن "کێشەی یەکەمی ئێمە ئابوورییە، هیچ هاوکارییەکمان بۆ نایێت، ئێمە بە یارمەتی ئەندامانی خۆمان کارەکان بەڕێوەدەبەین".

ڕەخنەی ئەوە لە گرووپی زمانپەروەران دەگیرێ، کە تەنیا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە نێو ڕۆشنبیراندا کار دەکات، ئەو جۆرە کارکردنەش شۆڕ نابێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە، بەڵام پۆڵات دەڵێت "گرووپی ئێمە تەنیا لەسەر ئینتەرنێت نابێ، بەڵکو ئێمە بەشێوازی وۆرکشۆپ کار دەکەین، کارەکەمان خەباتێکی تەکنیکی و ئەکادیمییە، گرووپەکەمان مانگانە یەکجار یان 15 ڕۆژ جارێک کۆدەبێتەوە و ئاکامەکانی ئەو کۆبوونەوانە لە ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە یان وەک گۆڤار چاپ دەکرێت". هەروەها دەڵێت "ئێمە سەرەتا فەرهەنگی وشە و دەستەواژە تەکنیکییەکان بڵاودەکەینەوە. بۆ نموونە وشە و دەستەواژەکانی پەیوەندیدار بە دادوەری، تەندرووستی، چاپەمەنی، ئابووری و ئەندازیاری و ئۆتۆمبێل".

بەو پێیەی پیاوانی کورد لە باکووری کوردستان زیاتر لە دەرەوەن و دەرفەتی خوێندنیان پترە لە ژنان و سەربازی دەکەن، ئەوانەش هەموویان بە زمانی تورکین، بۆیە پتر لە ژنان ئاسمیلە دەبن و زمان و کولتوریان لەچوارچێوەی زمان و کولتووری تورکیدا دەتوێتەوە، کە ئەوەش سیاسەتی 85 ساڵی ڕابردووی دەوڵەتی تورکیا بووە. بەڵام ئەدیپ پۆڵات پێیوایە ئەو شتە بە گوێرەی ناوچەو شارەکان دەگۆڕێت، ئەو شاری دێرسم بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت لەوێ دۆخەکە بە پێچەوانەیە ڕێژەی خوێندن و نووسینی ژنان لەوێ 90%ە، واتە هەموو ژنان لە قوتابخانەی تورکاندا بە ناچاری دەستیان بە خوێندن کردووە. هەروەها دەڵێت "هەموو ئەو پیاوانەی بە تورکی دەخوێنن ئاسیمیلە نابن، بەڵام ئەو ژنانەی بە تورکی دەخوێنن و پەروەردە دەبن زیاتر ئاسمیلە دەبن، چونکە لەبەر زۆر هۆکاری سادە و ئاسانتر واز لە زمانی کوردی دێنن، ئەگەر ژنانی کورد زۆرتر زمانی ئێمەیان پاراستبا، ئێمە ئێستا داوای (زمانی دایک)مان نەدەکرد، ئەو کات ئێمە داوای (زمانی باوک)مان دەکرد".

بەگوێرەی قسەکانی گوتەبێژی گرووپی زمانپەروەران، ئەمڕۆ زمانی کوردی لەڕووی فێربوون و قسەپێکردنەوە پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە باکووری کوردستان و تورکیا، بە تایبەتیش لە شاری ئامەد (دیاربەکر)، ئەدیب پۆڵات دەڵێت "لە ئامەد 10 تا 15 ساڵ لەمەوبەر بە کوردی قسەکردن زۆر کەمبوو. زمانی سیاسی 100% بە تورکی بوو، ئێستا ئەو دۆخە ڕۆژ بە ڕۆژ دەگۆڕێت. زمانی سیاسەت بەرەو کوردی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر هۆکاری یاسایی پێویستە پارتە سیاسییەکان بە تورکی قسە بکەن. خەڵک لە کۆڵانان شەرم لە قسەکردن بە کوردی ناکەن،".

ئەدیب پۆڵات زانیارییەکی سەرنج ڕاکێشی دیکەش بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێ "80 تا 90%ی ناوی منداڵانی ئامەد کوردین". ئەوەش بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێ لەگەڕانەوەی خەڵک بۆ لای هێما نەتەوەییەکانی، بەتایبەتیش کە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو ناونانی منداڵان بە ناوە کوردییەکان قەدەغەبووەو، ئێستاش ئاستەنگ بۆ هەندێ ناوی کوردی دروستدەکرێن.

لە بەشێکی باشووری کوردستان کە بە دەڤەری بادینان نێودەبرێت قسەکردن و نووسین بە زاری بادینییە، سەبارەت بە پەیوەندی ئەو گرووپە لەگەڵ دەڤەری بادینان، پۆڵات گوتی "پلانێکمان بەدەستەوەیە کە لەگەڵ بەهدینان پەیوەندی دروست بکەین، ئەگەرئێمە پەیوەندی نەکەین، پێیەکی ئەو خەباتە سەقەت و ناتەواو دەمێنێتەوە، بەڵام نابێ تەنیا ئێمە خوازیاری ئەو پەیوەندی دروستکردنە بین، بەڵکو دەبێ ئەوانیش پەیوەندی دروستکردنەکە بە پێویست بزانن".

سەبارەت بە گواستنەوەی پرۆگرامەکانیان بۆ نێو قوتابخانەکان، پۆڵات دەڵێت "دەوڵەتی تورکیا هێشتا مۆڵەت نادات ئێمە بۆ وانەوتنەوە بە کوردی بچینە نێو قوتابخانەکان، ئێمە کادیر بۆ پەروەردەکردن ئامادە ناکەین، ئەگەر دەوڵەت بۆ خۆی ئەو کارە نەکات زەحمەتە و ناکرێت،بۆیە ئێستا ئامادەکارییەکانی کردنەوەی ناوەندێکی کوردۆلۆژی لە زانکۆی ئارتووکلوو (مێردین) ئەنجامدەدرێت، بنیات و ڕێکخراوی دیکە لە ئامەد هەن، (کوردی دەر) هەیە، (ئەنستیتۆتی کوردی) هەیە، ئەوان ئەم کارە دەکەن".

ئەو مامۆستایانەی کە خەریکی فێرکردنی زمانی کوردین، زۆرجار ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە کە لە نێو ماڵەکانیان بە تورکی قسە دەکەن. سەبارەت بە ڕەوشی ماڵەکەی، پۆڵات گوتی "من و هاوسەرم بە دوو زمان (کوردی–تورکی) قسە دەکەین، لە ژیانی خۆماندا ئێمە کوردی بەکار دەهێنین، پێکەوە کتێبێکمان لە تورکییەوە کردە کوردی، دوو کچمان هەیە، گەورەکەیان تەمەنی چوار ساڵە، هەر دوو زمان دەزانێ، بەڵام کچە بچووکەکەمان تەمەنی یەک ساڵ و نیوە، هێشتا قسە ناکات".




---

# فتوای مونتەزەریش خوێندن بە کوردی لە ئێران ناهێنێتە کایەوە



**ڕووداو— تاران**

حوسێن عەلی مونتەزەری، گەورە مەرجەعی شیعەو یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامی نامەیەکدا ڕایگەیاندوو کە نەتەوە نافارسەکانی ئێران بۆیان هەیە لە قوتابخانەکان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و کەسیش بۆی نییە ئەو مافە پێشێل بکات.

هەر لەسەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە، خوێندن بە زمانی زگماکی لە دەستووری ئێران دا لەسەر کاغەز ڕێپێدراوە، بەڵام بەکردەوە تاوەکو ئێستا کارێکی ڕێپێنەدراوبووە.

بەپێی ماددەی 15ی دەستووری کۆماریی ئیسلامیی ئێران، هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆیان هەیە لە قۆناخی سەرەتاییەوە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. لەکاتێکدا ئەو ماددە لەبیرکراوەی دەستوور، بە بەردەوامی لەلایەن پەرلەمانتارانی سەر بە نەتەوە نافارسەکان لە پەرلەمانی ئێران هێنراوەتە بەرباس، بەڵام هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوتووە.

بڵاوبوونەوەی ئەو فەتوایەی حوسێن عەلی مونتەزەری، گەورە مەرجەعی شیعە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ئێستا وەک لایەنگیری باڵی ڕیفۆرمخواز، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینێ، جارێکی دیکە ئەو مەسەلەیەی هێنایەوە بەرباس. مونتەزری لە فتواکەیدا دەڵێ "هەموو تاکەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران بۆیان هەیە بە زمانی زگماکی خۆیان دەرس بخوێنن، ئەوەش مافێکی شەرعی و ئینسانییە و کەس بۆی نییە پێشێلی بکات".

چەند مانگ لەمەوبەر مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری ئێران بڕیاریدا کە خوێندکارانی زانستگەکانی سەر بە نەتەوەکانی نافارس بۆیان هەیە 2 یەکە (وەحدە) لەو 180 یەکەی لە چوار ساڵی زانکۆدا دەیخوێنن، بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن.

عەبدولجەبار کەرەمی، نوێنەری خەڵکی سنە لە پەرلەمانی ئێران ئەو فەتوایەی ئاتوڵڵا مونتەزەری بە پاڵێنەرێک نەزانی کە ماددەی 15ی دەستووری ئێرانی پێ جێبەجێبکرێ و گوتی ئەوە دەبێ لە ڕێگەی دەزگای پەیوەندیدارەوە جێبەجێ بکرێ " بۆ ئەوەی زمانێک لە قوتابخانە یا زانکۆکاندا بخوێندرێ دەبێ لەلایەن (ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی کولتوری) پەسەند بکرێ، کە تائێستا ئەو ئەنجوومەنە بڕیاری دوو یەکەی خوێندنی لە زانکۆکانی ئێرانی بۆ نەتەوە نا فارسەکانی ئێران پەسەند کردووە".

سەبارەت بە کاریگەری فەتوای ئەو مەرجەعە شیعەیە لەسەر پارێزگارانی دەسەڵاتدار لە ئێران، نوری گوتی "هەرچەندە ئەو فتوایە کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام فتوای مەرجەعێک ناتوانێ ببێتە بڕیارو سیاسەتی گشتی بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بە تایبەت لەهەلومەرجی ئێستادا".

ڕەحمان بەهمەنی، نوێنەری شاری مەهاباد لەخولی شەشەمی پەرلەمانی ئێران، ئەو فتوایەی مونتەزەری بە شتێکی نوێ نەزانی و لەسەر ئەو ڕایە بوو کە تائێستا زۆر لە کەسایەتی و پەرلەمانتاران بەدواداچوونیان بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە "ئەوە مافێکی بێ ئەملا ئەولای خەلکی ئێرانە کە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و ئەوەش لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بەداخەوە کاری پێنەکراوە".

ڕەحمان بەهمەنی، کارکردن بە بڕگەو ماددەی پەیوەندیدار بە مافەکانی نەتەوەکانی نا فارس بەهۆکاری چێبوونی ئاشتەوایی نیشتمانی دانا و گوتی "ئێمە پێشتریش وەک فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران، چەندین جار وەزیری پەروەردەمان بانگهێشتی پەرلەمان کردو تەنانەت لەلایەن پەرلەمانتارەکانی دیکەی سەر بە نەتەوەکانی دیکەش پشتگیریمان لێکرا، بەڵام وەڵامی شیاومان نەدرایەوە".

**چەندین جار وەزیری پەروەردەمان بانگهێشتی پەرلەمان کرد، بەڵام وەڵامی شیاوی نەدراینەوە**

پەرلەمانتارێکی پێشووی ئێران

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو فتوایەی مونتەزەری بە هەنگاوێکی ئەرێنی دادەنێن، بەڵام ئەوانیش لەو باوەڕەدانین ئەو فتوایە گۆڕان بەسەر هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێراندا بێنێ. سەرچاوەیەکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەوبارەوە گوتی "ئەو فتوایە شتێکی باشە، بەڵام مونتەزەری لەمێژە لەلایەن باڵی پارێزگارەکانەوە پەراوێز خراوەو بایەخی پێنادرێ، بۆیە چاوەڕوان ناکرێ گۆڕانێک لە هەڵوێستی مەرجەعەکان و یاسادانەران وکاربەدەستانی پارێزکار لەوبارەوە ڕووبدات".

## کاروباری سیاسی

### ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان پێنەگەیشتووە



رووداو-المستقبل

دکتۆر نووری عوسمان، بەڕێوەبەری دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (المستقبل)ی لوبنانی رایگەیاند ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان دیاردەیەکی تەندروستە " بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان هێشتا پێنەگەیشتووە و شێوازی خۆی پێشنەخستووە بەهۆی بوونی هەندێ هەڵوێست کە نیشانەی بروانەبوونە بەڕای بەرامبەر". نووری عوسمان رەتیشیکردووە هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت.

### تۆماس ئامبرۆسیۆ، پسپۆڕی سیاسی ئەمریکی:

# پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان خزمەتی پارتی و یەکێتی دەکات

**هاوبەشبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە نێوان پارتی و یەکێتی بۆ دروستبوونی سەقامگیری باشبووەو بۆ دروستبوونی گەندەڵی و چەقین خراپ**

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**رووداو- هەولێر**

پسپۆڕێکی ئەمریکی هۆشداریدا کە مەسەلەی سنووری هەرێمی کوردستان و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچەکانی جێی ناکۆکی دەبێتە گەورەترین خاڵی رووبەڕووبوونەوە لە نێوان هەولێرو بەغدا. راشیگەیاند کە داهاتووی هەرێمی کوردستان بەندە بە سەقامگیریی حکومەتی بەغداو پەیوەندیی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق: کورد، شیعەو سوننەی عەرەب.

تۆماس ئامبرۆسیۆ پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی نۆرت داکۆتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرپەرشتیاری بەشی توێژینەوەی نێودەوڵەتی ئەو زانکۆیە کە شارەزاییەکی باشی لەبارەی کوردو کاروباری سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و چەندین وتاری دەربارەی کێشەی کورد نووسیوون، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) لەبارەی ئەو مەسەلانەی تائێستا لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، گوتی "داهاتووی هەرێمی کوردستان بە دوو مەسەلەی گرنگەوە بەندە، یەکەمیان پەیوەندی نێوان هەر سێ لایەنە سەرەکییەکەی عێراق، دووەمیش سەقامگیری حکومەتی بەغدا". هاوکات هۆشداریشیدا کە گەورەترین خاڵی رووبەڕووبوونەوە مەسەلەی سنووری هەرێمی کوردستان و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێ ناکۆکەکان دەبێت".

ئەو پرۆفیسۆرە ئەمریکییە رای خۆی لەسەر سیستەمی سیاسی -کارگێڕی هەرێمی کوردستانیش هەیە و دەڵێ " پێویستە سیاسەتکاران بەشێوەیەکی فراوانتر بیر بکەنەوە، وەک: ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان، پاشانیش ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو هەرێم و شارانە لەنێو هەرێمی کوردستاندان" .پێیوایە بەوشێوەیەش کێشەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەش چارەسەر دەبێ.

تۆماس ئامبرۆسیۆ لەبارەی پەرەسەندنەکانی نێو هەرێمی کوردستانیش لەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ لەمانگی تەممووزی رابردوو، گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی هاوبەش بووە لە نێوان پارتی و یەکێتی، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئاستێکی سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان بهێنێتە ئارا، بەڵام ئەمە لەهەمانکاتدا وادەکات هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو چەقین و گەندەڵی بچێت". ئامبرۆسیۆ لەو رووەوە



**واباشە هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمی بداتە شارەکانی**

پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی لەهەرێمی کوردستان بە وەرچەرخانێکی گرنگ دانا و نموونەی بەچەند وڵاتێک هێنایەوە کە لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی بەهێزدا ئۆپۆزسیۆنێکی لاوازیان هەبووە " ئێمە هەمان نموونەمان لە چەند وڵاتێکی دیکە بینیوە کە پارتی دەسەڵاتداری بەهێزیان هەیە وەک هیندستان و مەکسیک، بەڵام دیموکراسییەکی بەناوە، بەبێ ئۆپۆزسیۆنی سیاسییە".

هەروەها گوتی "باشترین کارکە ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان بیکات ئەوەیە پەرلەمان بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی هەڵەو کەموکورتیی حکومەتی هەرێم ئاشکرا بکات".

تۆماس ئامبرۆسیۆ زیاتر لەسەر پەیدابوونی بزووتنەوەی گۆڕان راوەستاو رایگەیاند کە پەیدابوونی ئەو بزووتنەوەیە خزمەتێکی باشی پارتی و یەکێتی دەکات. لەوبارەوە گوتی "دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ پارتی و یەکێتیش شتێکی زۆر باشە. ئەمە شتێکە ئەوانەی لەسەر دەسەڵاتن قەت نایبینن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی دڵسۆز کە هەڵگری پەیامێکی پۆزەتیڤ بێت، ئەو هێزەی لەسەر دەسەڵاتە ناچار دەکات بەشێوەیەکی باش نوێنەرایەتی خواستی خەڵک بکات، نەک تەنیا بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا بگەڕێ". ئامبرۆسیۆ نموونەی بەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هێنایەوەو گوتی "ئەگەر تەماشای نموونەی ئەمریکا بکەین دەبینین هەڵبژاردنی ئۆباما بۆ دواجار باش دەبێت بۆ کۆمارییەکان، چونکە ناچاریان دەکات بەدوای ویستی خەڵکدا بگەڕێن و پەیامەکەیان بەهێزتر بکەن، بێگومان ئەوان بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتیان لەدەستداوە، بەڵام لە درێژخایەندا ئەو رکابەرییە بۆ ئەوان زۆر باشە".

ئامبرۆسیۆ لەوبارەوە هۆشداریشی دا کە "ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا بگەڕێت و ئامانجی تەنیا ئەوەبێت دەسەڵات بگرێتە دەست، زۆر خراپ دەبێ بۆ هەرێمی کوردستان". سەبارەت بە بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی، ئەو پسپۆڕە ئەمریکییە رایگەیاند کە ئەوە زەحمەتترین کاری بەردەم حکومەتە، گوتیشی "من خۆم خەڵکی گەندەڵترین ویلایەتی ئەمریکام کە ولایەتی (نیوجێرسی)یە، دەتوانم بڵێم گەندەڵی زۆر زەحمەتە بنبڕ بکرێت، دواجاریش ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتکاران کە بەرژەوەندی خەڵک لەپێش بەرژەوەندی خۆیان دابنێن و خەڵکیش نابێ پشتگیری ئەو سیاسەتکارانە بکات کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن. دەبێ هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ خەڵک روون بکرێتەوە کە هەمووان وەک یەک لەسایەی گەندەڵیدا دەدۆڕێن".

### هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جاشایەتی و ئازادکردنی خوێندن بەزمانی کوردی

# لەتورکیا نێوەڕۆکی نەخشەڕێی کرانەوەی دیموکراسی ئاشکرا دەبێت



**رووداو- ئیستەنبول**

لەکاتێکدا وا چاوەڕواندەکرێ نێوەڕۆکی ئەوەی پێیدەگوترێ (کرانەوەی دیموکراسی) لە 10ی ئەم مانگە (تشرینی دووەم)دا لەنێو پەرلەمانی تورکیادا بخرێتە بەرباس و گفتوگۆ، دەزگاکانی راگەیاندن لە تورکیا بەشێکی نێوەڕۆکی ئەو نەخشەڕێیەیان ئاشکراکرد کە بۆ ئەو کرانەوەیە دەگیرێتەبەر.

ئەو پرۆسەیە کە سەرەتا ناوی (کرانەوە بەڕووی کورددا) و دواتر ناوی کرانەوەی دیموکراسی لێنرا، لەلایەن پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لەتورکیا ئامادەکراوەو وا لێکدەدرێتەوە کە سەرەتایەکە بۆ ئەو ریفۆرمە سیاسییەی لەسەر تورکیا پێویستە جێبەجێی بکات پێش ئەوەی پێ بنێتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە.

کەناڵی تەلەڤزیۆنی NTV بەشێک لە وردەکارییەکانی ئەو نەخشەڕێیەی ئاشکراکرد کە بۆ (کرانەوەی دیموکراسی) دەگیرێتەبەر. سەرەتای ئەو کرانەوەیەش وەک کەناڵەکە ئاشکرای کردووە بەگرتنەبەری کۆمەڵێک رێوشوێن دەستپێدەکات، لەوانە: دووبارە گۆڕینەوەی ناوی شارو شارۆچکەو گوندەکان لە تورکییەوە بۆ ناوە کۆنەکانی خۆیان، دەستکردن بەخوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی گوندپارێزی کە لەباکووری کوردستان بەجاشایەتی ناسراوە.

پرۆسەکە وەک ئەوەی ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەی تورکیا بڵاویکردووەتەوە، هەروەها گرتنەبەری کۆمەڵێک رێوشوێنی دیکەشی لەبەرچاو گرتووە کە بۆ کرانەوەی دیموکراسی پێویستن، لەوانە: گۆڕانکاری لەیاسای خوێندنی باڵاو رێگەدان بەکردنەوەی ئەنستتیوتی توێژینەوەی کوردی لە زانکۆکاندا . خوێندن بەزمانی کوردی لە قوتابخانەکان، چاکسازی لە یاسای بەڕێوەبەرایەتی دەزگای باڵای رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیا RTUK، تاوەکو رێگە بۆ دامەزراندنی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامە بەزمانی کوردی خۆش بکات. ئەوە سەرباری کەمکردنەوەی بازگەکانی پشکنین لەنێوان شارو ناوچە کوردنشینەکاندا .هەروەها رێگەخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەمپی مەخموورو دەرکردنی لێبووردنێکی تایبەتی بۆیان و چاکسازی لە ماددەی 81ی یاسای تایبەت بە دامەزراندنی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان کە جگە لە زمانی تورکی رێگە نادات حیزبەکان لە کۆنگرە و کۆبوونەوە جەماوەری و هەڵمەتەکانی راگەیاندن دا بەهیچ زمانێکی دیکە قسە بکەن.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری دەستگیرکراوی PKK کە لەمانگی ئابەوە نەخشەرێیەکی ئاشتی ئامادەکردووە، هەروەک موراد قەرەیلان لە هەڤپەیڤینێکی پێشوویدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو نەخشەرێیە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستی بەسەرداگیراوەو، لەلایەن رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیایە. لەلایەکی دیکەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دوا لێدوانەکانیدا رایگەیاند کە پێویست ناکات دوای ئەو دوو گرووپەی ئاشتی کە لە 2009/10/19 چوونەوە تورکیا هیچ گرووپی دیکە بچنەوە تورکیا و ئیدی کاتی هاتووە حکومەت هەنگاو بهاوێژێت.

هەروەها لە وەڵامی د.ئیسماعیل بێشکچی و چەند پرۆفیسۆرێکی دیکەدا کە لەو دواییانەدا گفتوگۆیان کردبوو، رووی قسەکانی دەکاتە بێشکچی و دەڵێ کاتی دروستکردنی دەوڵەت نییە بۆ کورد و ئەوان بە چارەسەرییەکی وەک فەرەنسا بۆ هەرێمی کۆرسیکا رازین.

# کورد لە سوپادا گۆڵی لێدەکرێت



**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

لەمانگی تەممووزی 2008 دا، هێزی پێشمەرگە و سوپای تازە دروستکراوی عێراق، نزیکبوو بەیەکدا هەڵبشاخێن. پێشمەرگەکان لێنەدەگەڕان سوپای عێراق بچێتە نێو شاری خانەقینەوە، بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هێشتا چارەنووسی خانەقین بەڕەسمی یەکلایینەبووەتەوە لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا. بەرگرتن لە چوونی سوپا بۆ ناو شارەکە دەریخست کورد هێشتا بەگومانەوە لە سوپای عێراق دەڕوانێ و نایەوێ جارێکی دیکە لە کوردستان بیبینێتەوە .

ئەوکاتەی لە خانەقین پێشمەرگە رێیان لە هاتنە ناوەوەی سوپای عێراق گرت بۆ نێو خانەقین، بەرپرسەکانیان جارێکی دیکە قاتی کوردی کەتافی رەنگی خاکییان پۆشی، کە بەر بەرگی پێشمەرگە دەناسرێ، ئەمەش نیشاندەری ئەوەبوو، لەسەرەوە بۆ خوارەوە سوپای عەرەبی عێراق رەتدەکەنەوە. لەبەرنامەی رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانیشەوە، لەشارەکانی هەولێرو سلێمانییەوە، خەڵکێکی زۆر هەموو کێشەو کەموکورییە ناوخۆییەکانیان پشتگوێ دەخست و ئامادەییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاتنی سوپای عێراق دەردەبڕی، لەکاتێکدا ئەوەیان لەبیرکردبوو لەناو سوپای تازە دروستکراوی عێراقدا چەندین پلەداری گەورەی کوردیش هەن.

### نیازی خراپ جوڵێنەری سوپایە

پەرلەمانتارێکی کورد لەبەغدا دەڵێ "فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، کە نوری مالیکییە تاک لایەنە بڕیاری جوڵاندنی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەردەکات، کاتێک دەیەوێ بیاننێرێتە جێگەیەک پرس و را بە بەرپرسانی دیکە ناکات"، ئەوەش دەڵێ "بەرپرسە کوردەکانی ناو سوپا هیچیان پێناکرێ لەگەڵ دەرکردنی بڕیارەکان، تەنیا ئەوە نەبێت بەرهەڵستی بڕیارەکان بکەن لەهەندێ شوێن وجێگەدا".

رابیحە حەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق نکوڵی لەوە دەکات بەرپرسانی کورد لەبەغدا کەمتەرخەمبن، لەبەرامبەر ئەو بڕیارانەی وەزارەتی بەرگریی و سوپای عێراق دەریاندەکات "جوڵاندنی سوپا لە هەندێ شوێن نیازی خراپی لەپشتە، بۆیە زۆرجار بەرپرسانی کورد لە دژی وەستاونەتەوە".

یادەوەری کورد لەگەڵ سوپای عێراق لە رابردوودا، هیچ جێگەی دڵخۆشی نییە. جەعفەر عەسکەری کە یەکەم وەزیری بەرگریی عێراق و دامەزرێنەری ئەو سوپایە بوو، سوپای عێراق دووجار گوندەکەی وێرانکرد، هەروەها یەکەم شەڕی سوپای عێراق لەساڵانی بیستەکاندا بۆ سەر کوردستان بوو. لە ساڵی 1987 و 1988 دا، دڕندەیی ئەو سوپایە لەبەرامبەر کورددا گەیشتە لووتکە، کاتێک لەپرۆسەی ئەنفالدا پتر لە 182 هەزار کەسی بێ سەرو شوێنکردو گازی کیمیایی بەسەر شاری هەڵەبجە و زۆر جێگەی دیکەدا کرد، کەچی هەموو ساڵێک کورد بە ناچاری دەبێ رۆژی جەژنی سوپا (6ی کانوونی دووەم) دەست لەکاری ئیداریی هەڵبگرن و بەو بۆنەیەوە پشوو بدەن.

رابیحە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی "دەستوور دەسەڵاتی تەواوی داوەتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، کە چۆن و لە کوێ سوپا بەکاربێنێ، بەڵام هەندێجار لەلایەن کوردەوە بەرهەڵستی بڕیارەکانی دەکرێ و کاری پێناکەن".

### سەربازی کورد بەسوپای خۆی نازانێ

جگە لە بەرپرسیارێتی وەک (سوپا سالار و بەرپرسی ئیستیخباراتی سەربازیی) چەندین ئەفسەری پلەداری کورد بەرپرسیارێتی گەورەیان لەسەر شانە، بەڵام زۆریان دڵیان بەو سوپایە خۆش نییە و لێی بە گومانن. یەکێک لەو بەرپرسە کوردانەی لە ناوچە جێناکۆکەکان بەرپرسیارێتی سەربازیی هەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لەپێناو بەدەستهێنانەوەی کەرکووک وخانەقین، لەم سوپایەدا خزمەتدەکەین، راستە لە هەموو شارەکانی دیکەی نێوەڕاستی عێراق کورد بەشدارن لەسوپادا، بەڵام لەهیچ کوێ بەقەد ئەو ناوچە کوردییانەی کێشەیان لەسەرە جدی نین لەسوپادا، هەرچی لەبەرژەوەندی کورد نەبێت، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەدڵ نایکەین".

بەبڕوای موقەدەم شوان حەمە غەریب، کە ئامر فەوجی 4ە لە لیوای 12 ی کەرکووک، هەندێ لەبەرپرسە سەربازییەکانی کورد لەبەغدا باز دەدرێ بەسەریاندا و دەسەڵاتیان پێشێل دەکرێ، لەپشتی ئەوانەوە بڕیار دەردەچێ و دواتر لەیەکە سەربازییەکانی خوارەوە بەتەلەفۆن ئاگادار دەکرێنەوە "بەشێک لەوانە لە کەم ئەزموونی کورد خۆیەوەیە، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە مەیلی تاکڕەوانەی بەرپرسە سەربازییەکانی بەغداوەیە".

### سوپا جێدەهێڵن

بەگوێرەی ئەو ئامارەی موقەدەم شوان دەیدرکێنێ، لە چەند مانگی رابردوودا، جگە لە ژمارەیەک سەرباز، 800 ئەفسەری کورد سوپایان بەجێهێشتووەو گەڕاونەتەوە کوردستان، ئەویش لە ئەنجامی پشتگوێخستنیان لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە، شوان دەڵێ "ململانێی تایفی و حیزبی بەتەواوی لەناو سوپادا رەنگیداوەتەوە، کورد پلەکانیان بەرز ناکرێتەوە، بەهانەی گەندەڵی و پابەندبوونیان پێدەگیرێت، لەکاتێکدا ئەوانە خەسڵەتی بەرچاوی تەواوی سوپای عێراقن لەهەموو ناوچەکاندا". ئەو موقەدەمە کوردە گوتیشی "ئەگەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بەردەوام بێت کورد زۆر زیاتر لە ئێستا سوپا جێدەهێڵن".

بەپێی مادەی 9 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبێ پێکهاتەی سوپا رەنگدانەوەی پێکهاتەی نەتەوەکانی ناو وڵات بێ، بەگوێرەی ئامارە پشتڕاستنەکراوەکانیش ئێستا کورد نزیکەی 25%ی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێ، بەو پێیەش دەبێ یەک لەسەر سێی سوپا پێکبهێنێ، بەڵام بەپێی ئامارێکی وەزارەتی بەرگریی، رێژەی کورد لەسوپادا 8.5% زیتر نییە. بابەکر زێباری، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق دەڵێ "ژمارەی ئەفسەرانی کورد زۆرە لەنێو سوپای عێراق دا، بەڵام ژمارەی سەربازان زۆر کەمە".

مانگی ئابی رابردووش باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کریستۆڤەر هێڵ و جەنەراڵ ئۆدێرنۆ، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق قسەیان بۆ کۆنگرێسی وڵاتەکەیان دەکرد، ئاماژەیان بەکەمی رێژەی کورددا لە سوپاو بەیەکێک لە کەموکورتییەکانی بەردەم سەقامگیریان ناوبرد بۆ ئایندەی عێراق.

ساڵی 2007 مالیکی رازیبوو لەسەر دامەزراندنی دوو فیرقەی سەربازیی بۆ کوردستان، بەڵام تائێستا بەبیانووی نەبوونی بودجە ئەو دوو فیرقەیە پێکنەهێنراون.

## نەوشیروان دەیەوێت قودسەکەی تاڵەبانی بەرێت

# کەرکووک دوای سلێمانی دەکەوێت؟

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو- سلێمانی**

لەکاتێکدا هێشتا فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق لەسەر پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردن رێکنەکەوتوون، بەڵام بەشێوەیەکی رانەگەیێندراو بانگەشەی هەڵبژاردن لە شاری کەرکووک دەستی پێکردووە، چاوەڕوان دەکرێت، لە کاتی دەرچوونی یاسای هەڵبژاردن، ململانێیەکی توند لە نێوان یەکێتی و گۆڕان دا بێتە ئاراوە، بەو پێیەی یەکێتی دەیەوێت لە کەرکووکەوە قەرەبووی شکستەکەی پێشووی خۆی بکاتەوەو بزووتنەوەی گۆڕانیش چاوی بڕیوەتە سەرکەوتنی گەورەتر لەو شارەدا، کە تاڵەبانی بە (قودسی کوردستان) نێوی دەبات و ئێستا بەرپرسانی یەکێتی هاتووچۆی خۆیان بۆ ئەو شارە زیاترکردووە کە لەتەک سلێمانیدا بە بنکەی جەماوەریی خۆی دادەنێ.

### شارە تووڕەکەی کوردستان

لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام، تووڕەبوونی جەماوەری لە کەرکووک رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبێت و ئەو تووڕەبوونە جەماوەرییەش، خاڵی کەرکووکە و ئێستا لە شارەکەی خۆیدا، ژیانێکی ناخۆشتر لە ژیانە ئاوارەییەکەی پێش رووخانی سەدام بەسەر دەبات. ئەو گلەیی لە پارتی و یەکێتی دەکات و دەڵێ ئەوان ئەوەندەی حیزبایەتی دەکەن، کوردایەتی ناکەن "ئێستاش گەڕەکەکەی ئێمە لە هەموو پرۆژەکان بێبەشە". هاوڕێ زیاتر لەوە نیگەرانە کە لە ناوچە تورکمان نشینەکاندا خزمەتگوزاری زۆر باشترە "لەبەر ئەوەی ئەوان بەرپرسەکانیان خەمیان دەخۆن".

کادیرێکی دیاری گۆڕان لە شاری کەرکووک نەیشاردەوە کە ئەوان لە بانگەشەی هەڵبژاردن دا، باس لە گەندەڵییەکانی بەرپرسانی کورد و ماددەی 140 و متبوونی ئیدارە دەکەن لەو شارەدا. عادل نوری، کادیری گۆڕان لە کەرکووک گوتیشی "ئەگەر ئێمەش بۆ خەڵکی روون نەکەینەوە، ئێستا هەموو کەرکووکییەک بە وردی ئاگای لە هەموو گەندەڵی و دزییەک هەیەو دەزانن زۆربەی بەرپرسەکان شەریکن لەگەندەڵی و دزییەکاندا".

محەممەد عەزیز (حەمە سوور دووشیوانی) بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە

> **سەردانەکانی مام جەلال گوڕوتینێکی زۆر خستووەتە نێو رێکخستنەکانی یەکێتی و بەردەوام خەڵک پەیوەندیمان پێوە دەکەن**
>
> بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە کەرکووک

هەرە لاوازی یەکێتی و پارتییە لەو شارەدا. ئێستا زیاتر لە7 ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی عێراقدا تێدەپەڕێت، هێشتا کەرکووکییەکان باس لە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەکەن، ئەو رەوشەش زەمینەیەکی باشی لە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان دا دروستکردووە، تا کاریگەرترین بانگەشەی هەڵبژاردن لەو شارەدا بەڕێوەببات. مەلا فەرمان کە یەکێکە لەوانەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات لە کەرکووک لە سۆنگەی تووڕەبوونی کەرکووکییەکان لە یەکێتی و پارتی گەشبینە بە سەرکەوتنی گۆڕان و دەڵێ "کەرکووک لەسلێمانی تووڕەترە".

هاوڕێ عەبدولسەلام، هاووڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی باروتخانەی شاری کەرکووک، بڕوای وایە ئێستا دۆخی شارەکە زۆر باشەو بایەخدانی مام جەلالیش بە شارەکە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە دەکاتە بنەمای هەستانەوەی یەکێتی لەکەرکووک. گوتیشی "مام جەلال بڕی 3ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوارەکانی یاریگەی کەرکووک تەرخانکردووە، ئێستا یاریگەکە چۆڵکراوە".

### تاڵەبانی دەگەڕێتەوە کەرکووک

لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 25ی تەممووز، مام جەلال قورسایی خۆی و یەکێتی بۆ کەرکووک تەرخانکردو لە 2009/9/12 لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، چەند سەرکردەیەکی یەکێتی وەک سەرپەرشتیکار بۆ هەڵبژاردنی کەرکووک دیاریکرد، کە پێکهاتوون لە کۆسرەت رەسوڵ، مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد و ئەرسەلان بایز، بۆ خۆشی بڕیاریداوە سەردانەکانی بۆ ئەو شارە چڕ بکاتەوە، جگە لەوە بڕیاریشیدا مەڵبەندێکی تورکمانی بکرێتەوە، وێڕای ئەو مەڵبەندەی یەکێتی بۆ عەرەبەکانی کردووەتەوە لە کەرکووک.

حەمە سوور دوو شیوانی، دەڵێ "مام جەلال زۆر بەباشی لەکێشەکانی کەرکووک تێگەیشتووە، تێگەیشتن بۆخۆیشی نیوەی سەرکەوتنە". دوو شیوانی گوتیشی "سەردانەکانی مام جەلال گوڕوتینێکی زۆری خستووەتە نێو رێکخستنەکانی یەکێتی و بەردەوام خەڵک پەیوەندیمان پێوە دەکەن".

بەڵام عادل نوری ئەو جموجوڵ و سەردانانەی مام جەلال بە "بێ بەرهەم" و "بێسوود" ناودەبات و دەڵێ "خەڵک دەزانن ئەمە بۆهەڵبژاردنە". گوتیشی "سەرکردە کەرکووکییەکان بۆ خۆیان ناگەڕێنەوە بۆ کەرکووک و خەڵکی کەرکووکیش دەڵێن ئەوانە نایێنەوە بۆ کەرکووک، بەڵام لەدوبەی و ئیمارات خانوو دەکڕن".


بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەوان تەنیا پشت بە دەنگدەرانی کورد نابەستن و زۆر تورکمان و عارەبیش دەنگیان پێدەدەن

مام ڕۆستەم، کە یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێکیشە لە سەرپەرشتیارانی بانگەشەکانی گۆڕان لە کەرکووک، پێیوایە لە کەرکووک سەرکەوتنیان مسۆگەرە " لە کەرکووک هەموو هێزەکان تووشی سەرسوڕمان دەکەین و سەردەکەوین ". مام ڕۆستەم گوتیشی "خەڵک بێزارەو تازە پارە دابەشکردن و هاتن و چوون دادی یەکێتی نادات".

لەگوتارەکەی خۆیدا لە پلینیۆم، تاڵەبانی دیواری بێدەنگی رووخاند و بۆ پرسی کەرکووکیش پەنجەیەکی سیاسی بۆ نەوشیروان راکێشاو گوتی "گۆڕان ئیمانیان بە کەرکووک و ماددەی 140 نییە و نایانەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان". ئەم گوتارەی تاڵەبانی هەرچەندە بۆ دەرخستنی کۆتاییهاتنی پەیوەندی ئەو و نەوشیروان مستەفا بوو، هاوکات بانگەشەکردنێکی ناڕاستەوخۆشە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کەرکووک.

### ململانێ لەسەر عەرەب و تورکمان دەکەن

سەرچاوەیەکی تایبەت لەکەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند، بزووتنەوەی گۆڕان پەیوەندی بەلایەنە عەرەبی و تورکمانییەکانەوە کردووەو چاوی بڕیوەتە دەنگی عەرەب و تورکمانە ناڕازییەکانیش، هەروەک چۆن هەموو دەنگە ناڕازییەکانی سلێمانی چنییەوە.

لەتیف شێخ عومەر، یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن، دەڵێت "هەر لایەنێک لەپێناو هەڵبژاردندا پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دژبە کوردەکان دروست بکات، کارێکی زۆر خراپ دەکات". گوتیشی "ئیستیغلالکردنی ماددەی 140 و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دژی ماددەی 140ن، بەزیان بەسەر ئەو لایەنە کوردییەدا دەشکێتەوە".

مام ڕۆستەم بازیانی نەیشاردەوە ئێستا ئەوان لەکەرکووک سەرقاڵی کۆبوونەوەی جەماوەرین لەگەڵ هەموو نەتەوەکان و گوتیشی " ئێمە تەنیا پشتمان بە دەنگدەری کورد نەبەستووە، ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب و تورکمانەکانیش لە بەرپرسانی خۆیان بێزارن و دەنگ بەگۆڕان دەدەن".

عادل نوری کادیری گۆڕان لە کەرکووک رەخنەی ئەوەی لە یەکێتی گرت کە پارە هەڵدەرێژێت و گوتی "مووچەیان بۆ 6 هەزار تورکمان بڕیوەتەوە". گوتیشی "ئێمە تەنها بەرنامەو سیستممان هەیە و پارەمان نییە".

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوە رەت ناکاتەوەو دەڵێ یەکێتی ئەندامی ئینتەرناسیونال سۆسیالیستە و سۆسیال دیموکراتیش جیاوازی لەنێوان نەتەوەو ئاینزاکاندا ناکات. گوتیشی "ئەوانە بێوەژن و پیرەژن و پەککەوتەی تورکمانن و، بۆ

> **لە کەرکووک هەموو هێزەکان تووشی سەرسوڕمان دەکەین و سەردەکەوین**
>
> مام ڕۆستەم

کوردیش ئەو هاوکارییانەمان هەیە". لەتیف شێخ عومەر دەڵێ یەکێتی لە کەرکووک بەهێزە، بەڵام خەریکی کاری حیزبایەتی نییە " ئێمە لە کەرکووک بەکاری کوردایەتی و پرسە نەتەوەییەکەوە سەرقاڵین نەک کاری حیزبی ".

یەکێتی لە سنووری پارێزگای کەرکووک 7 مەڵبەند و شەش مەکتەبی هەیە، کە دوو مەڵبەندیان تورکمانی و عەرەبین، جگە لە چەندین کۆمیتەو بارەگای حیزبی دیکە. محەممەد عەزیز دەڵێ " لەو رۆژانەدا 500 کەسی دیکە لە عەرەب و تورکمان پەیوەندییان پێوەکردووین و بێگومان لەهەڵبژاردن سەردەکەوین".

بەرپرسێکی گۆڕانیش دەڵێت "ئێمە بە دوو شێواز لە کەرکووک کار دەکەین، شێوازێکیان ئەو بانگەشەیە کە لە سلێمانی بەڕێوەمان برد، پلان و بەرنامەیەکی کتوپڕیشمان هەیە و بەپێی دۆخەکە شێوازی بانگەشەکانمان دەگۆڕین". ئەو کادیرەی گۆڕان گوتیشی "ئێمە مووچەخۆرمان نییەو پشت بەکارمەندی گرێبەست دەبەستین".

---

## پەرلەمانتاری عێراقی ئەسما دلێمی لە بەرەی تەوافوق:

# کێشەی کەرکووک بەهۆی نەوتەکەیەتی

**مەریوان فەیزوڵڵا ساڵەیی**
**رووداو-هەولێر**

ژنە ئەندام پەرلەمانێکی عێراق دەڵێ ئەو کێشانەی بە هۆی کەرکووکەوە لە ئارادان تەنیا لەبەر ئەوەیە ئەو شارە سەرچاوەی نەوتێکی زۆرە.

ئەسما دلێمی،ئەندامی فراکسیۆنی بەرەی تەوافوق لە پەرلەمانی عێراق هۆی تەنگژەی یاسای هەڵبژاردنی گەڕاندەوە بۆ رێکنەوکەوتنی فراکسیۆنەکان لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک و گوتی" کێشەکە پەیوەستە بە چەند کێشەیەک لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا، پارێزگای کەرکووک بۆ زۆربەمان هێشتا ئاستەنگە".

بەڵام بەپێی قسەی ئەو پەرلەمانتارە عەرەبە سوننەیە،هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ئەگەر کەرکووکیش بەشداری تێدا نەکات هەر بەڕێوەدەچێت، بەڵام پێشبینی کرد هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کە 2010/1/16 یە دوابخرێت. بەڵام دوێنێ پەرلەمانی عێراق توانی یاسای هەڵبژاردن پەسەند بکات و بەو شێوەیەش لەوانەیە هەڵبژاردن دوانەخرێت.

بەپێی قسەی ئەو ئەندام پەرلەمانە، دواخستنی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیاوازی هەیە لەنێوان زۆربەی فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی عێراقی.

ئەو ئەندام پەرلەمانە سوننەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی ئەوان وەک بەرەی تەوافوق رازینابن کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان "عێراق یەک وڵاتە، کەرکووکیش شارێکی عێراقییە و خەڵکەکەی فرە نەتەوەن، ئەگەر کەرکووک ئەو نەوتە یەدەگە زۆرەی نەبووایە، کەس گرنگی بەو پارێزگایە نەدەدا، ئێمەش لە تەوافوق، لەبەرئەوەی ئەو شارە زۆر گرنگە، بۆیە نامانەوێت بچێتە سەر هەرێمی کوردستان".

بەپێی قسەی دلێمی، تەوافوق هیچ



کێشەیەکی نییە لەگەڵ ئەوەی کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی فیدراڵی، تەنیا ئەوە نەبێت کە نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و لەوبارەیەوە دەڵێ" ئەگەر خەڵکی کەرکووک رایان لەسەر ئەوەبوو هەرێمێکی فیدراڵیان هەبێت،ئەوا ئێمە هیچ کێشەمان نییە، بەمەرجێک نەچێتە سەر هەرێمی کوردستان".

بەبڕوای ئەو ماددەی 140ی دەستووری عێراق چارەسەر نییە بۆ کێشەی کەرکووک و بەپێکەنینەوە دەڵێ"140 بەسەرچووە". ماددەی 140ی دەستووری عێراقی، پرۆسەیەکی سێ قۆناخی دیاریکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا. پرۆسەکەش بریتییە لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ، راستکردنەوەی دیموگرافیای ناوچەکان، دوا قۆناخیش بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم کە رێگە بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەدات دەنگ لەسەر ئەوە بدەن، ناوچەکانیان بگەڕێنەوە سەر کوردستان یان سەر بە بەغدا بمێننەوە. ئەو ناوچە ناکۆکی لەسەرانەش بەگشتیی 46%ی خاکی باشووری کوردستان پێکدێنن بەپێی زانیارییەکانی هەندێ لە مێژووناسان و جوگرافیاناسانی کورد.

---

## ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:

# بەهۆی ململانێی حیزبی، فراکسیۆنی برایەتی کەرکووک بێ سەرۆکە

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو-کەرکووک**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رایگەیاند، بەهۆی ململانێی حیزبی، پێنج ساڵە فراکسیۆنی برایەتی کەرکووک سەرۆکی نییە، پارێزگاری کەرکووکیش نایشارێتەوە کە ململانێی حیزبی هەبووەو چاودێرێکی سیاسیش گوتی "ململانێی حیزبی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ئیدارەی شاری کەرکووک".

کورد لە هەڵبژاردنی 2005ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە لیستی برایەتی بەشداری لەو هەڵبژاردنە کردو لە کۆی 41 کورسی 21 کورسی بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی ململانێی حیزبی تائێستا ئەو لیستە سەرۆکی بۆ دانەنراوەو سەرچاوەیەکیش گوتی "تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە لەسەر لیستی برایەتی ئەندامی ئەنجوومەنن قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن".

عەلی ساڵەیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەسەر لیستی برایەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، حیزبایەتی کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئیدارەی شارەکە هەبووە " بۆ زۆربەی بڕیارەکان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی حیزبایەتی زۆر شتیان لەدەستچووە و ململانێی حیزبی بە جارێک قووڵبووەتەوە کە هاووڵاتی ئاسایش هەستی پێدەکات. ساڵەیی گوتیشی "ئەوەتا بەهۆی ململانێی حیزبی تائێستا لیستی برایەتی سەرۆکی نییە".

ئەو ململانێیە تەنیا نێو ئەنجوومەنی پارێزگای نەگرتووەتەوە، بەڵکو شۆڕبووەتەوە بۆ پلەکانی خوارەوە. ساڵەیی دەڵێت "ململانێکان شۆڕبوونەتەوە بۆ نێو زۆربەی دەزگاکانی کەرکووک، لەکاتێکدا زۆرینەی ئەو فەرمانگانە نەتەوەکانی دیکەشی تێدایەو ئەوانیش درک بەو مەسەلەیە دەکەن و زۆرجاریش بە رووماندا دەدەنەوە".

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکووکیش نکۆڵی لە هەبوونی دەستتێوەردانی حیزبی ناکات، بەڵام بە گرفتێکی گەورەشی نازانێت"راستە هەبوونی حیزبایەتی لە کەرکووک کێشەی بۆ دروست کردووین، بەڵام نەمانهێشتوە ئەو گرفتانە بەسەرماندا زاڵبن، بەڵکو بەزوویی چارەسەر کراون".

ئەو بەرپرسە کەرکووکیانەی قسەیان لەو بارەیەوە بۆ (رووداو) کرد، هیچیان نکۆڵیان لەوە نەکرد کە دەستتێوەردانی حیزبی لە کاروباری ئیدارەی شارەکە هەبووەو دەستتێوەردانەکەش بێ کاریگەری نەبووە. داواش دەکەن سنوورێکی بۆ دابنرێ.

ئیحسان گلی، قایمقامی پێشووی کەرکووک، کە ماوەیەک لەمەوبەر دەستی لەکارکێشایەوە، لەو بارەیەوە گوتی "ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین بەهۆی ململانێی حیزبییەوە، ئیدارەی شارەکە نەیتوانیوە کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی باش رابپەڕێنێت، دەست لەکارکێشانەوەی منیش هەر لەبەر ئەوەبوو، لەبەر ئەوەی کەس گوێ لە کەس راناگرێت"، گوتیشی "پێویستە هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو خراپ بەکارهێنانەی دەسەڵاتەکان بدرێت، دیاردەی زاڵبونی حیزبایەتی لە کەرکووکدا، زیانی زۆری پێگەیاندووین، ئەگەر چارەسەری نەکەین ئایندەشمان باش نابێت".

عارف قوربانی چاودێری سیاسی و سەرنووسەری رۆژنامەی ئاسۆ، نیگەرانە لە ململانێی حیزبە کوردییەکان لە کەرکووک و پێیوایە، تاوەکو ئێستا کاری حیزبی و ئیداری لێک جیا نەکراوەتەوەو زۆربەی ئیشەکان بە تێکەڵی دەڕوات " ئەوەی لە کەرکووک حیزبە کوردییەکان، بە تایبەتیش یەکێتی پارتی کردوویانە، جگە لە حیزبایەتی چی دیکە نەبووە". گوتیشی "رەنگە ئەمە بۆچوونی سەرکردایەتی کورد نەبێت، بەڵام کاری بەرپرسانی کورد لە شارەکە وابووە، ئەگەرنا هیچ پاساوێک نییە، بۆ دانەنانی سەرۆکێک بۆ لیستی برایەتی و یەکگرتنەوەی ئاسایشەکان و چەندین رێکخراوی دیکەی ئەو دوو حیزبە لە کەرکووک".

ململانێی حیزبایەتی شۆڕبووەتە بۆ نێو کایە هەستیارەکانیش لەوانەش هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان، تەنانەت هەندێکجار دەزگا هەواڵگرییەکان فەرمان دەدەنە پۆلیس بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەکانیان، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێزەکانی پۆلیس، زۆرجار تووشی گرفت هاتوون، بەهۆی ئەوەی کە لەسەر داوای دەزگاکان خەڵک دەگرن و دواتر لە دادگا ئازاد دەکرێن. عەمید سەرحەد قادر گوتیشی "راستە ململانێی حیزبی هەیە، بەڵام ئێمە زۆرتر کاری خۆمان دەکەین و گوێ بەهیچ ململانێیەکی حیزبی نادەین".


رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە دووکانێکی کەرکووکدا (فۆتۆ:AFP)

## ئابووری



### دانا غاز لە کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا نیگەرانە

ڕووداو-سلێمانی
بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی فایناشیال تایمز، کۆمپانیای دانا غاز نیگەرانە لە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان، کە ئێستا بەهۆی ئەو کێشانەوە حکومەتی کوردستان هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرتووە، بەڵام کۆمپانیای دانا غاز دەڵێت "پرۆژەی (شاری غاز) بریتییە لە بەکارهێنانی غاز لە بواری ناوخۆ کە هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر مۆڵەتی گرێبەستی پەرەپێدان و پشکنین". کۆمپانیای ناوبراو، کە ئێستا غاز لە کێڵگەکانی کوردستان بۆ وێستگەکانی کارەبای کوردستان دابیندەکات، سەرقاڵی دروستکردنی شاری غازە لە نزیک چەمچەماڵ.

| دینار | | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|---|
| 100 $ | 118350 | | 485 $ |  |
| 100 € | 175250 | | 114 $ |  |



# تەمەنی ماستی کوردەواری تەنیا 18 مانگ بوو

## خاوەنی کارگەی ماستی AV: لەبەر خراپی ڕێگەوبان و تەمبەلی کرێکاری کورد کارگەکەم داخست

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

بە مەبەستی کێبڕکێکردنی ماستی کوردی لەگەڵ ماستی تورکی و ئێرانی و یۆنانی، ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا دکتۆر محەممەدساڵح کارگەی AVی بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانی شیرەمەنی لە قولتەپە ڕەشید لەسەر ڕێگەی هەولێر-کەرکووک دانا، بەڵام بەهۆی دەستنەکەوتنی دەستی کاری کوردی بە ناچاری کارگەکەی داخست.

دکتۆر محەممەد ساڵح جاف، لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستاندا بە لیستی ئایندەی گەش بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا کرد، بەڵام نەگەیشتە پەرلەمان. ناوبراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بڕی 100 هەزار دۆلاری لە دامەزراندنی کارگەکە خەرجکردووەو بەنیاز بووە بازاڕەکانی کوردستان لەجیاتی بەرهەمی تورکی و ئێرانی، بەرهەمی شیرەمەنی کوردستان بفرۆشن، بەڵام بەهۆی هاوکارینەکردنی لەلایەن حکومەت و دەستنەکەوتنی کرێکاری کورد کارگەکەی داخستووە "کرێکاری کوردم دەستنەکەوت، ئامادەش نەبووم کار بە کرێکاری بیانی بکەم، بۆیە کارگەکەم داخست". ناوبراو کرێکاری کوردی بە "تەمبەڵ" وەسفکردو گوتی "ئەوان داوای کارێکی کوێخایانە دەکەن، بە مووچەیەکی زۆر و کارکردنێکی کەم".

دکتۆر محەممەد ساڵح لە کارنامەی لیستەکەیدا نووسیبووی "دروستکردنی بەرهەمی خۆماڵی تەندروست لە جیاتی بەرهەمی بیانی"، چونکە ئەو بۆچوونی وایە زۆربەی ئەو بەرهەمە شیرەمەنیانەی لە دەرەوەی کوردستان دەهێندرێن، مەرجی تەندروستییان تێدا نییە "ڕێژەیەکی زۆر چەوری و هایدرۆجینیان تێدایە، ئەو ماددانەش زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیێنن". هەروەها دەڵێت "ئەو ماست و دۆیەی لە وڵاتانی یۆنان و سوریا و ئێرانەوە دێتە ناو هەرێمی کوردستان زیاتر زیانبەخشن، چونکە ڕێژەی چەورییان 8- 10% یە، ئەو چەورییەش ڕێژەیەکی زۆر هایدرۆجینی تێدایە". هەروەها وەک شارەزایان دەڵێن زۆری ئەو مادە پارێزگارانە (مواد حافظـة) کە لەو بەرهەمانە دەکرێن کە دەهێنرێنە کوردستان زیانێکی زۆر مەترسیداریان هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤەکان.

جگە لە نەبوونی کرێکاری کورد، دکتۆر محەممەد ساڵح دەڵێت چەند هۆکارێکی دیکەش لەپشت قوفڵدانی دەرگای کارگەکەی بوون لەوانەش خراپی ڕێگەوبان، کەمی کارەباو دەستنەکەوتنی شیر "ڕێگەوبان زۆر خراپ بوو، زیاتر لە 7 کیلۆمەتری ڕێگەکە قیرتاو نەکرابوو، تاوەکو ماستەکە دەگەیشتە بازاڕەکانی هەولێر وەک ماستاوی لێدەهات". گوتیشی "دوو موەلیدەی گەورەم بۆ کارگەکە دابینکردبوو، بەڵام حکومەت گازی پێنەدام". هەروەها ئاماژەی بەوەشدا بازگەکانیش گرفتیان بۆ دروستکردووە "هەرچەندە مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستیشم هەبوو، بەڵام بازگەکان ڕێگر بوون لە هێنانی ماستەکەم بۆ نێو شار". کارگەی ئاف جگە لە بەرهەمی ماست، گێمەڕ و ئایسکریمیشی دروستدەکرد.



یەکێک لە گرفتەکانی ئەو کارگەیە دەستنەکەوتنی شیر بوو، خاوەنی کارگەکە هەرچەندە بیری لە کردنەوەی کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ کردبووەوە بۆ دەستکەوتنی شیر، بەڵام کارەکەی سەری نەگرت "کەسێکم دەستنەکەوت کێڵگەکەم بۆ بەڕێوە ببات". خاوەنی کارگەی ئاف دەڵێت گرێبەستی لەگەڵ هەندێک ئاژەڵداری کوردستان کرد لە دەوروبەری ڕانیە بۆ دەستخستنی شیر بۆ کارگەکەی، بەڵام بەهۆی دووری ڕێگە ئەو پلانەشی سەرینەگرت "ڕێگەکە دوور بوو، تا شیرەکە دەگەیشتە کارگە تێکدەچوو"، هەروەها دەڵێت " گرێبەستم لەگەڵ کێڵگەیەکی مانگا بە خێوکردن کرد، بەڵام نەخۆشی کەوتە نێو مانگاکان و نەمتوانی شیرەکەیان بەکاربهێنم".

دکتۆر محەممەد ساڵح ئاماژەی بەوەدا کە ماوەیەک ماستەکەی خستە بازاڕو کڕیارێکی باشیشی هەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو ئاستەنگانە ناچار بوو کارگەکەی دابخات "کارەکەمان زەرەری پتر بوو لە قازانج".

ناوبراو باسی لە تایبەتمەندێتی ماستی کارگەکەی کردو گوتی ماستەکەمان ماددەی پارێزگاریکردن (مواد حافظـة)ی تێنەدەکرا، کە زیانی زۆری هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ و گوتیشی "ماستەکەمان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە ماستێکی سروشتی کوردەواری بوو".

دکتۆر محەممەد ساڵح جاف پێیوایە ئەو هەموو پارەیەی لە هێنانی ماستی دەرەوە خەرجدەکرێت ئەگەر لە دروستکردنی کارگەیەکی ماست خەرجبکرێ، سوودێکی زۆری بۆ کوردستان دەبێ . دکتۆر محەممەدساڵح جاف، عێراق بە"باوکی ماست" نێو دەبات و دەڵێت "تاوانێکی زۆر گەورەیە، لەبەر تەمبەڵی ماست لە وڵاتانی بیانییەوە بێتە کوردستان و عێراق".

# 26 کۆمپانیا دەخرێنە لیستی ڕەشەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی کوردستان 26 کۆمپانیای خستووەتە لیستی ڕەشەوە، کە 7یان بیانین، خاوەنی ئەو کۆمپانیایانەش دەڵێن ناهەقییان بەرامبەر کراوە، بەڵام پسپۆڕانی ئابووری پێیانوایە تا ئەرکی چاودێری کۆمپانیاکان بە لێژنەیەکی نەزاهە نەسپێردرێت، لیستی ڕەش کاریگەری نابێ.

بەپێی ئاماری یەکێتی ژووره بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی لێدراوەتە (ڕووداو)، بەگشتیی 12322 کۆمپانیا لەو یەکێتییە تۆمارکراون ( هەولێر 7656 کۆمپانیا، سلێمانی 3566کۆمپانیا، دهۆک 1100 کۆمپانیا)، لەو ژمارەش تەنیا 2184 کۆمپانیا کاری بەڵێندەرایەتی دەکەن، بەڵام تەنیا 1522 کۆمپانیا لەلایەن وەزارەتی پلاندانان پۆلێنکراون و پلەیان پێدراوە. لە ماوەی 2 ساڵی ڕابردووشدا بەهۆی گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە کارەکانیان 26 کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەشەوە.

بەختیار فەرەج، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پلاندانان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئامانجی وەزارەتی پلاندان لە لیستی ڕەش ئەوەیە ڕێگری لەبەردەم بەفیڕۆدانی دارایی وڵات بکات و سزای ئەو کۆمپانیایانە بدات کە گەندەڵی لەکارەکانیاندا دەکەن "چونکە کەمتەرخەمی و گەندەڵی هەندێ کۆمپانیا زیانی زۆری بە ئابووری هەرێمی کوردستان گەیاندووە".

ناوی کۆمپانیاکان لە ڕێگەی وەزارەتەکانەوە بۆ وەزارتی پلاندانان بەرزدەکرێتەوە، دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر دەرکەوت ئەو کۆمپانیایە بەڕاستی کەمتەرخەم و گەندەڵ بووە، ئەوا سزای 6 مانگ تا 2 ساڵ ڕاگرتنی کارکردنی بەسەرداسەپێندرێ، پلەیەکیشی دەهێندرێتە خوارەوە، ئاگاداری سەرجەم وەزارەتەکانیش دەکرێتەوە کاری نەدەنێ تا لە لیستی ڕەش دێتە دەرەوە. هەر کۆمپانیایەکیش دووجار بخرێتە لیستی ڕەشەوە، وەزارەت بۆی هەیە پێناسی ڕێگەپێدانی بەڵێندەرایەتی لێوەرگرێتەوە.

ئەو کۆمپانیایانەی ناویان خراوەتە لیستی ڕەشەوە دەڵێن ناهەقییان بەرامبەر کراوەو بە "میزاج نەک بە حەق" ناویان خراوەتە لیستی ڕەشەوە . خاوەنی یەکێک لەو کۆمپانیایانەی خراوەتە لیستی ڕەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کۆمپانیا خستنە نێو لیستی ڕەش لەلایەن وەزارەتەکان بە میزاجە و بۆ ئەوەیە ئەو کۆمپانیایانە لە کێبرکێی



لیستی ڕەش

(26) کۆمپانیا خراوەنەتە لیستی ڕەش لە لایەن وەزارەتی پلان دانانەوە لە سەرەتای (2007/8/1) تاکو (2009/11/2) کە تیایدا:
(7) کۆمپانیا لقی بیانین
(11) کۆمپانیا پۆلینیان نی یە واتا (هیچ دکۆمێنێکی تایبەت بە کۆمپانیاکە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلین کردن نیە)
(15) کۆمپانیا دۆسیەیان هەیە
وە لە کۆی (26) کۆمپانیاکە کە خراوەنەتە لیستی ڕەش (7) کۆمپانیا دەرهێندراون لە لیستی ڕەش.



| ژ | ناوی کۆمپانیا | باری پۆلین کردن | ژمارەی دۆسیە | بسپۆری | ڕواری خستنە لیستی ڕە | ماوەی سزاکەی | بەرواری دەرچوون لە لیستی ڕەش | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سنور / هەولێر | پلە 1 | 1335 | بینا سازی | 31/5/2007 | یەك ساڵ | 17/6/2008 | |
| 2 | پۆلا | پلە 2 | 483 | بینا سازی | 31/5/2007 | یەك ساڵ | 17/6/2008 | |
| 3 | زاڵ | | | | 31/5/2007 | یەك ساڵ | 31/5/2008 | لە نجومەنی وەزیران دەرهێنراوە |
| 4 | هەمەوەند | پلە1 | 12 | بینا سازی | 28/8/2005 | دوو ساڵ | 16/7/2008 | لە نجومەنی وەزیران دەرهێنراوە |
| 5 | نووسینگەی زیاد | | | | 31/5/2007 | شەش مانگ | | |
| 6 | عگاو | | | | 31/5/2007 | یەك ساڵ | | |
| 7 | سوار | پلە 1 | 1222 | بینا سازی | 31/5/2007 | یەك ساڵ | 6/11/200 ناسنامەی تازە کردو | |
| 8 | دۆسکۆ | پلە 1 | 918 | بینا سازی | 31/5/2007 | یەك ساڵ | 21/5/20 ناسنامەکەی تازە کر | |
| 9 | شۆڕش | | | | 31/5/2007 | یەك ساڵ | | |
| 10 | ڕۆژا / تورکی | پلە1 | هەولێر کۆن/ 345 | بینا سازی | 31/5/2007 | یەك ساڵ | | |
| 11 | ئیگل گروپ | | | | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 12 | سپانی BSCP-IRAQ | | | | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 13 | ابابیل | | | | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 14 | نیشن گروپ / تورکی | | | | 10/11/2008 | دوو ساڵ | | |
| 15 | بینایی | پلە 2 | 741 | بینا سازی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | گرتن بە پێ ی مادەی 25 برگەی | |
| 16 | مصیف | پلە 6 | 260 | بینا سازی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 17 | ناکۆ / سلێمانی | پلە 1 | سلێمانی کۆن/114 | بینا سازی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 18 | معروف شاکر وەهاب | پلە 1 | سلێمانی کۆن / 77 | بینا سازی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 19 | RDC | | | | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 20 | ڕشید / سلێمانی | پلە 1 | سلێمانی کۆن / 276 | بینا سازی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | |
| 21 | ب. دیندار نعمان عبدالله | پلە 4 | 363 | کارەبایی | 10/11/2008 | یەك ساڵ | | لە لیستی ڕەش دانراوە |
| 22 | بۆتان / دهۆك | پلە 3 | دهۆك کۆن 29 | بینا سازی | 14/5/2008 | یەك ساڵ | | لە لیستی ڕەش دەرهێنراوە |
| 23 | هە نجیرۆك | پلە 6 | 369 | بینا سازی | 23/6/2008 | یەك ساڵ | | سکاڵای گرتووە |
| 24 | باهۆز | پلە 2 | سلێمانی کۆن/ 384 | بینا سازی | 22/2/2009 | یەك ساڵ | | بە فەرمانی ئە نجومەن دەرهێنراوە |
| 25 | EMO | | | | 16/6/2009 | یەك ساڵ | | |
| 26 | دارالليپ | | | | 16/6/2009 | یەك ساڵ | | |
| 27 | | | | | | | | |
| 28 | | | | | | | | |
| 29 | | | | | | | | |
| 30 | | | | | | | | |

ڕەشەوە، هەرچەند بەهێز بێت و واستەی لە پشت بێت دەخرێتە لیستی ڕەشەوە".

وەزارەتی پلاندانان هیچ لێژنەیەکی نییە، بۆ بەدواداچوونی ڕاستی کەمتەرخەمی و گەندەڵی ئەو کۆمپانیایانەی لەلایەن وەزارەتەکان پێشنیازدەکرێن بۆ ئەوەی لەلایەن وەزارەتی پلاندان بخرێنە لیستی ڕەشەوە. بەختیار فەرەج بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، دەڵێ" تائێستا لێژنەمان نەبووە بۆ بەدواداچوونی ڕاستی کەمتەرخەمی کۆمپانیاکان، بەڵام بەنیازین لە ماوەیەکی نزیکدا لێژنەیەکی بەدواداچوون دابمەزرێنین، تاوەکو هیچ کۆمپانیایەک گلەیی نەمێنێ".

زۆرجار کۆمپانیاکان لە ڕێگەی پارێزگاکان تەندەری پرۆژەکان وەردەگرن، پارێزگای هەولێر بەشێکی تایبەت بە بەلێندەرایەتی هەیەو لە ڕێگەی ئەو بەشەوە تەندەر دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی ناویان لە لیستی پارێزگا تۆمار کراوە، بەڵام تائێستا ناوی هیچ کۆمپانیایەک لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە بۆ وەزارەتی پلاندانان بەرز نەکراوەتەوە، تا بخرێتە لیستی ڕەشەوە.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند مەرج نییە سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی لەپرۆژەیەکدا کەمتەرخەمییەکی کەم دەکەن بخرێنە ناو لیستی ڕەشەوە، گوتیشی "ئەو کۆمپانیایانەی وەک پێویست پرۆژەکان لەکاتی خۆی جێبەجێ ناکەن نایانخەینە لیستی کێبرکێی تەندەرەکانەوە".

پسپۆرانی ئابووری ڕەخنەیان لە سیستەمی لیستی ڕەش هەیە و پێیانوایە لیستی ڕەش بەم شێوازەی ئێستا جگە لە دوورخستنەوەی چەند کۆمپانیایەک لە لیستی تەندەرەکان، نابێتە هەنگاوێک بۆ چارسەری کەمتەرخەمی کۆمپانیاکان.

موسا محەممەد، پسپۆرو شارەزا لە ئابووری چاودێری کۆمپانیاکان دەڵێ "هێشتا سیستەمێکی ڕێکوپێک نییە لە کوردستان، تا بەشێوەیەکی زانستی کارێکی کۆمپانیاکان هەڵبسەنگێنێ، چونکە هێشتا لە کوردستان هەندێ کۆمپانیا هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتەکان ڕاستەخۆ لەلایەن بەرپرسەکان تەندەرەکان وەردەگرن". مامۆستا موسا گوتیشی "بڵاوکردنەوەی لیستی ڕەش لەلایەن وەزارەتی پلاندانان تەنیا وەک هەوڵێک وایە و هیچی دیکە، چونکە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی خراونەتە لیستی ڕەشەوە تەنیا لەبەر دواکەوتنی چەند مانگێکی پرۆژەکەیە نەک دەرخستنی گەندەڵی و بەدواداچوون بۆ فیرۆدانی سەرەوەت و سامانی وڵات".

ئەو پسپۆرە پێیوایە " تا ئەو کاتەی ئەرکی چاودێری بەڵێندەرایەتی کۆمپانیاکان بە لێژنەیەکی دەستپاکی نەسپێردرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لیستی ڕەش لیستێکی ڕووکەشەو هیچ کاریگەری نابێ لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەفیرۆدانی سامانی وڵات".

### سزای ئەو کۆمپانیایەی دەخرێنە لیستی ڕەشەوە

- بۆ ماوەی 6 مانگ تا 2 ساڵ کارەکانی ڕادەگیرێت.
- پلەیەک لە پلەی کۆمپانیاکە کەمدەکرێتەوە.
- هیچ پرۆژەیەکی نادرێتێ تا لە لیستی ڕەش دێتە دەرەوە.
- ئەگەر دووەمجار بخرێتە لیستی ڕەشەوە پێناسی بەڵێندەرایەتی لێوەردەگیرێتەوە.

تەندەرەکان دوور بخرێنەوە و گوتیشی "ئەو کۆمپانیایانەی لەدەسەڵات نزیکن و واستەیان هەیە هەرچەند گەندەڵیش بن، ناخرێنە لیستی ڕەشەوە".

بەختیارفەرەج، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە دیوانی وەزارەتی پلاندانان، ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە دەڵێ "هەر کۆمپانیایەک لەلایەن وەزارەتەکانەوە پێشنیازبکرێت بخرێتە لیستی

# سۆران میوانی زۆرە و هۆتێلی نییە



## قایمقامی قەزای سۆران:
## پێنج بەڵێندەر پرۆژەی دروستکردنی هۆتێلیان پێشکەشکردووین

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو-سۆران**

خێزانێکی دهۆکی بە مەبەستی سەردانیکردنی ناسیاوێکیان دێنە شاری سۆران، بەڵام ناسیاوەکەیان لە ماڵ نابێ، بەدوای هوتێلێکدا دەگەڕێن شەو لێی بمێننەوە، بەڵام بۆیان دەردەکەوێ ئەو شارە بێ هۆتێلە، بۆیە لەگەڵ مام قادر خەلیفانی شوفێر وەڕێدەکەون بۆ شەقلاوە تا ئەو شەوە لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شەقڵاوە بمێننەوە. مام قادر خەلیفانی دەڵێت ئەو خێزانە لە ڕێگا هەر دەیانگوت چۆن دەبێ شارێکی گەورەی وەک سۆران هوتێلێکی تێدا نەبێ؟ منیش پێمگوتن "من چووزانم لە حکومەت بپرسن".

نەبوونی هۆتێل لە قەزای سۆران تەنها گرفتی ئەو خێزانە دهۆکییە نەبووە، بەڵکو وەک هاووڵاتییانی قەزاکە باسیدەکەن ئەو گرفتە ڕووبەڕووی زۆر لەو گەشتیارانە دەبێتەوە کە ڕوودەکەنە سۆران . قایمقامی سۆرانیش دەڵێت نەبوونی هوتێل لەشارەکەدا کەموکوڕییەکی گەورەی شارەکەیانە .

بە هێڵێکی ڕەشی گەورە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لەسەر یەکێک لە بینایەکانی نێو بازاڕی سۆران نووسراوە (فندق بینازیر)، بەڵام کاتێک سەر بە بینایەکە دادەگری، جگە لە نەخۆش و دکتۆر کەسی دیکەی تێدا نابینی. فندق بینازیر تاکە هوتێلی سۆران بوو، بەڵام چەند ساڵێکە نەماوەو ئێستا زۆربەی ژوورەکانی کراونەتە نۆرینگەی پزیشکی.

زۆربەی باڵەخانەو بینایییە بەرزەکانی سۆران پڕ بوون لە نۆرینگەی پزیشکان، هاووڵاتییەکی ئەو شارۆچکەیە دەڵێت "بازرگانەکانی سۆران لەبەر عیادەکان کە پارەی باشتریان پێ دەستدەکەوێت، بیر لەدروستکردنی هۆتێل ناکەنەوە".

تەنها لە 3 ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، زیاتر لە 110 هەزار گەشتیار ڕوویان لەشوێنە گەشتیارییەکانی سۆران کرد، بەڵام نەبوونی هۆتێل لە شارەکەدا بۆ مانەوەی شەو ئەوانی گەڕاندووەتەوە شارەکانی شەقڵاوەو هەولێر.

سالار قادر، 34 ساڵ، کە هاووڵاتییەکی دانیشتووی سۆرانە دەڵێ"کاتێک سەیری سۆران دەکەم، وەک گوندێکی گەورە دێتە پێش چاوم نەک وەک قەزایەک، چاوەڕێشە ببێتە پارێزگا"، سالار گوتیشی " شارێک هۆتێلی لێنەبێ و تەکسی لێنەبێ، ئەی بۆ پێیدەگوترێ شار". ئەو نەبوونی هوتێڵ لە شارەکەدا بەگرفتێکی گەورەی ئابووری دەزانێ و داواکارە لە حکومەت کار بۆ دروستکردنی چەند هۆتێلێک لەشاری سۆران بکات "چونکە نەبوونی هۆتێل زیانێکی زۆری ئابووری بەناوچەکە گەیاندووە".

شارۆچکەی سۆران لە ساڵی 1980 بووەتە قەزا و ژمارەی دانیشتووانی 180 هەزار کەس دەبێ، کە 117هەزاریان لەنێو سەنتەری شاردان، بەهۆی ئەوەی سۆران کەوتووەتە سەر ڕێگەی گشتی هاملتۆن. ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەولێر و شارەکانی ئێران بەو شارۆچکەیەدا ڕەتدەبێ و ڕۆژانە بازرگانانی ئێران ڕوو لە سۆران دەکەن.

عەبدوڵڵا ئیسماعیل، 33 ساڵ، لەنێو بازاڕی سۆران کاری ئالویری دراو دەکات، زۆربەی ئەو خەڵکانە دەناسێ، کە بۆ کاری بازرگانی ڕوو لە شارۆچکەکە دەکەن و دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی دێنە سۆران لێرە نامێننەوەو دەچنە هەولێر". ئەو لەسەر بێ هۆتێلی شارەکەیان ڕەخنەی لە بەرپرسە ئیدارییەکانی سۆران گرت و گوتی "کاتێک ڕۆژنامەنووسێک ڕاپۆرتێک لەسەر شتێک دەکات کە لەشارەکە نەبێت، ئەوجا بەرپرسەکان دەڵێن ئەوە ڕاستە و هەوڵدەدەین لە داهاتوودا کاری بۆ بکەین".

کرمانج عیزەت دەرگەڵەیی، قایمقامی قەزای سۆران، نەبوونی هوتێل بە کێشەیەکی گەورەی شارەکەیان نێو دەبات و دەڵێت "کێشەی هەرە گەورە لە سۆران نەبوونی هوتێلە و زۆر بە جیدیش بیر لەوە کراوەتەوە، هاوکاری هەر کەسێکیش دەکەین کە بیەوێ هوتێل لە سۆران دروستبکات". گوتیشی "تا ئێستا پێنج بەڵێندەر پرۆژەی دروستکردنی هوتێلیان پێشکەشکردووین، لەگەڵ شارەوانی لەگفتوگۆ داین، بۆ ئەم مەبەستە و چەند شوێنێکیشمان دیاریکردووە"، قایمقامی سۆران بە دڵنیاییەوە گوتی " گومانی تێدا نییە لە ساڵی نوێدا هۆتێل لە سۆران دروستدەکرێن".




دانیشتوویەکی سۆران دەڵێ شارێک هۆتێل و تەکسی لێنەبێ، بۆ پێیدەگوترێ شار (فۆتۆ: ڕووداو)



پلینیۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆتایی هات، بەڵام باسکردن لە بڕیارەکانی کە پەیوەستن بە لایەنێکی دەسەڵاتگێڕی سەرەکی هەرێمی کوردستان جێگەی گفتوگۆی خەڵکن، عارف روشدی لەو هەڤپەیڤینەی (رووداو)دا دەڵێ بڕیاریانداوە یەکێتی لەو بارە نائارامەی تێیکەوتووە رزگار بکەن بە نەهێشتنی کوتلە و هێڵکاریی نێوخۆیی:

**رووداو-سلێمانی**

## عارف روشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# ئەو سەرکردانەی چوونە دەرەوە زیانی 25 کورسیان لە یەکێتی دا

**رووداو: پلینیۆم چ دەردێکی یەکێتی چارەسەرکرد؟**

**عارف روشدی:** پلینیۆم وێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی یەکێتی لەرووی بەشدارییەکی زۆری کادیرانی خۆی ئەو کێشانەی کە هەن بیخاتە بەرباس و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، پلینیۆم توانی هەموو ئەو بەشداربووانە بێنێتە گۆ و سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان زۆر ئازادانە دەرببڕن، سەلماندیشی یەکێتی هێزێکی سیاسی زیندووەو ئەگەر تووشی گرفتیش بێت دەتوانێ چارەسەری بکات.

> **گۆڕان پشتیوانی لە سیستمی فیدراڵی پارێزگاکان دەکات و پەیوەندی لەگەڵ شۆڤێنییەکانی عێراق هەیە**

**رووداو: ئێوە پێشتریش پلینیۆمتان بەست و گوتتان سەرکەوتووبوو، بەڵام کێشەکان هەر بەردەوامبوون، دوای ئەم پلینیۆمەش راتانگەیاند ئەمەیان جیاوازتر بوو، ئایا بەڕاستی جیاواز بوو؟**

**عارف روشدی:** بەڵێ جیاواز بوو. جیاوازییەکەی ئەوەبوو کۆمەڵێک کێشە بەرۆکی یەکێتیان گرتبوو، ئەو کێشانە خرانە بەر باس. ئەو پلینیۆمە بۆ خۆ رێکخستن و پێداچوونەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لەگەڵ هێزەسیاسییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ رەوشی نوێیعێراق.

**رووداو: پلینیۆم بڕیاری هیچ گۆڕانکارییەکیدا، یان تەنیا کۆبوونەوەیەکی فراوانی یەکێتی بوو؟**

**عارف روشدی:** نەخێر بڕیاری گۆڕانکاری چاکیدا. پەیمانی ئاکار لەلایەن سکرتێری گشتی و جێگرەکانی ئیمزا کراو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وهەموو ئەندامانی سەرکردایەتیش پێیەوە پابەندن و، چیتر رێگە نادرێت ئەو کەشە نا ئارامەی ناو یەکێتی بەردەوامبێت . هەروەها پێکهێنانی ئەنجوومەنی ناوەند کە دەبوو سێ ساڵ لەمەوبەر پێکبێت بڕیاری لێدرا، کە لە 60-80 ئەندام پێکدێ، ئەو ئەنجوومەنە یەکێکە لەپێکهاتەکانی هەموو حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی دونیا. ئەنجوومەنێکی راوێژکارەو چاودێری هەموو جموجوڵەکانی یەکێتی دەکات. بڕیارێکی دیکەش دەستنیشانکردنی بەستنی کۆنگرە بوو، کە دەبێ لەماوەی نێوان 15/4-2010/5/15 ببەسترێت و جەختیش لەسەر ئەوەکرا کە هەموو پێکهاتەی یەکێتی لەکۆنگرەی داهاتوودا بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی.

**رووداو: بۆ دەرگای گەڕانەوەتان لەسەر سەرکردە رۆیشتووەکان داخست؟**

**عارف روشدی:** ئەوانە بەئازادی خۆیان رۆیشتوون، ئەوانە زیانیان لە یەکێتی داوەو دەنگی یەکێتیان فەوتاندووەو دژی سیاسەتی یەکێتی کاریان کردووەو بایی 25 کورسی دەنگی یەکێتیان کوشتووە. بەپێی ماددەی شەشی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیش ئەو برادەرانە سیفەتی ئەندامێتی یەکێتیان لەدەستداوە.

**رووداو: زۆر مەسەلە بۆ کۆنگرە هەڵگیران ئەوە مانای ئەوە نییە پلینیۆم نەیتوانی کێشەکانی یەکێتی چارەسەر بکات؟**

**عارف روشدی:** نەخێر. پلینیۆم دەسەڵاتی دیاریکراوە، ئەوانەی پێویست بوون قسەی لەسەر کراوەو بڕیاری پێویستیشی لەبارەوە دراوە، ئەوانەی دیکەش بۆ کۆنگرە هەڵگیران.

**رووداو: بڕیاریتانداوە ئەگەر تا 2010/6/1 کۆنگرە نەبەسترێت، سەرکردایەتی یەکێتی هیچ شەرعیەتێکی نامێنێت؟**

**عارف روشدی:** ئەوە ئیلتیزامێکی ئەخلاقیمان دەبێ و پێویستە جێبەجێبکەین.

**رووداو: بۆچی نەتوانرا شوێنی 12 ئەندامەکەی سەرکردایەتی پڕ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەبوو خەڵکێکی دیکە تووڕە نەبێ بەهۆی دەرنەچوونەوە؟**

**عارف روشدی:** 12 ئەندام نین، بەپێی پەیڕەوی نێوخۆ یەکێتی 45 ئەندامی سەرکردایەتی هەیە، 35 ئەندامی ئەسڵی و 10 یەدەگ. لە پلینیۆمی رابردوودا شوێنی یەدەگەکان پڕکرایەوە. ئێمە حەوت شوێنی چۆڵمان هەیە و، بڕیاردرا لەکۆنگرە پڕ بکرێنەوە، هیچ شتێکی دیکەی لەپشتەوە نەبوو.

**رووداو: مام جەلال بەتووندی رەخنەی لە نەوشیروان گرت، هەرچی تیرۆرکارییەکانی ناو شارەکان هەیە و شەڕەکانی ناوخۆی هەمووی خستنە ملی نەوشیروان مستەفا، تۆ لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەدای؟**

**عارف روشدی:** هەڵسەنگاندنی مام جەلال شتێکی واقیعیانە بوو، هیچ شتێکی لە خەیاڵ و دەرەوەی واقیعەوە نەهێناوە، ئەو ڕووداوانەی مام جەلال لەراپۆرتی خۆیدا باسیکردن هەموویان واقیعین و مافی خۆیەتی ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ ڕووداوەکانی ناو یەکێتی بکات.

**رووداو: هەستناکەی ئەو وتارەی مام جەلال دای خەڵک چاوەڕێی دەکرد لەسەرەتای چوونی نەوشیروان و هەڤاڵانی بیدات و، ئێستا خەڵک چاوەڕێیە وەک دوو هێزی سیاسی پێکەوە دابنیشن؟**

**عارف روشدی:** یەکێتی رێگری نەکردووە لە دروستبوونی هێزی دیکە. هەر هێزێکی سیاسی لەگەڵ سەوابتی نەتەوەیی ئێمە بێتەوەو نەچێتە سەنگەری دوژمنداری، ئێمە دوژمنداری لەگەڵ ناکەین و ئومێد دەکەین هەموو ئەو هێزانە خۆیان بەهێزی سیاسی دەزانن دووربکەونەوە لەهەندێک مەرامی شەخسی و بەپێی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان رەفتاربکەن .

**رووداو: ئازارێکی زۆر بە وتارەکەی مام جەلالەوە دیاربوو بەرامبەر نەوشیروان مستەفا، ئەی بۆ تاوەکو لەناو یەکێتی بوو هەمیشە وەک تێکۆشەر و پیاوی هەموو کارەکان دایدەنا؟**

> **یەکێتی دەستەی نەزاهە دروست دەکات و لە مام جەلالەوە دەستپێدەکات**

**عارف روشدی:** مام جەلال خاوەن وەفایەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا بوون و تەنانەت ئەوانەی رێزیشیان لێنەگرتووە، مام جەلال پیاوێکی واقیع بینە و لەهەموو کاتێکدا قسەی پێویست دەکات.

**رووداو: لە پلینیۆمدا باسی هێڵی گشتیی و هێڵی کۆسرەت رەسوڵ کرا، ئێستا ئەو دوو کوتلەیە لەناو یەکێتی دا ماون؟**

**عارف روشدی:** یەک یەکێتی هەیە، دوو یەکێتی نییە.

**رووداو: دەتوانی بڵێی کۆتایی هاتووە؟**

**عارف روشدی:** بەشێک لە پەیمانی ئاکار ئەوەیە کە رێگە نەدرێت بە بوونی کوتلەو کوتلەکاری، بوونی هێڵ و هێڵکاری، یەکێتی لەمەودوا یەک یەکێتی دەبێت و ماڵی هەموو دۆستان و ئەندامانی یەکێتییە، بڕیاری بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناشارستانییە دراوە.

**رووداو: ئەوە زۆر دووبارە کراوەتەوە، لەو بڕوایەدای بەڵگەنامەی ئاکار بتوانێ ئەوە بکات؟**

**عارف روشدی:** هەموومان بەو هیوایەین ئەو پەیمانە ببێتە شتێکی ئیلزامی و جێبەجێی بکەین.

**رووداو: ئێستاتەکەتول لەنێوسەرکردەکانیشەوە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو ئەندامانی ئاسایی یەکێتیش، ئێوە کە دەڵێن تەکەتول تەواو، دەتوانن ئەوە لەمێشکی ئەندامانی یەکێتیشدا بسڕنەوە؟**

**عارف روشدی:** بەرنامەمان هەیە بۆ ئەو مەبەستەو بەم نزیکانە بەشێکی مەکتەبی سیاسی بەشێوەی مەیدانی سەردانی هەموو مەڵبەندەکان و رێکخستنەکانی یەکێتی دەکات لەناوچە جیاجیاکان تاوەکو بە شێوەی مەیدانی کار لەسەر بنبڕکردنی دیاردەی تەکەتول بکەن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مەیدانی ئەو پەیمانی ئاکارە جێبەجێ بکەین.

**رووداو: گۆڕان خەریکە لەچوارچێوەیەکی سیاسیدا خۆی رێکدەخات، نەوشیروان لە دیدارێکی (رووداو)دا دەڵێ ئێمە ئامادەین لەگەڵ یەکێتی و هەموو لایەنەکان دابنیشین، ئێوەش ئامادەن لەگەڵیان دابنیشن؟**

**عارف روشدی:** بەستنی پەیوەندی بەندە بەهەڵوێستی ئەو لایەنانە لەگەڵ یەکێتی.

**رووداو: دەگوترێ مام جەلال بەو وتارەی لە پلینیۆمدای ئەو گومانەی بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی رەواندەوە کە پێیانوابوو هێشتا مام جەلال و نەوشیروان مستەفا پەیوەندییان ماوەو دوور نییە گۆڕان بگەڕێتەوە ناو یەکێتی؟**

**عارف روشدی:** ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێمنانە بیرکردنەوەی مام جەلال، لەگوتارەکانی خۆشیدا هەوڵی نەداوە هیچ لایەک گرژ بکات. مام جەلال چاوەڕوانی ئەوەبوو هەڵوێستە سلبیەکانی ئەوانەی کە لەگەڵ نەوشیروانن، مەترسی نەخەنە سەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، چونکە لەزۆر مەسەلەدا ئەوانە لایەنگیری هەندێک بیرۆکەی نەشاز دەکەن، وەک سیستمی فیدراڵی پارێزگاکان و پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە شۆڤێنییەکانی عێراق کە هەڕەشەن لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆیە مام جەلال ویستی چیتر ئەو بێدەنگییە هەڵنەبژێرێت و شتەکان بخاتە بەردەم خەڵک.

**رووداو: مام جەلال لە پلینیۆم دا گوتی لە گەندەڵی و سامانی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی دەکۆڵدرێتەوە، ئەگەر بەڕاشکاوی قسە بکەی باوەڕت بەسەرکەوتنی کارێکی وا هەیە؟**

**عارف روشدی:** مام جەلال لەراپۆرتەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کرد. ئەوەبۆچوونێکی راستە و بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لەو هەنگاوە دەکەین، چونکە قسەوقسەلۆکێکی زۆرهەیە لەسەر گەندەڵی فلان و سەروەت و سامانی فلان، بۆیە هەیئەی نەزاهەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە هەبێت و راستییەکان و ناڕاستیەکان لەیەک جیابکاتەوە و ئەوەش دامەزراندنی هەیئەی نەزاهەی یەکێتییە.

**رووداو: بەڵام ئەوە پێویستی بەمیکانیزمی جێبەجێکردن هەیە، کێ ئەو کارە دەکات؟**

**عارف روشدی:** یەکێتی خۆی دەیکات و دەتوانێ دەستەیەک لە یاساناسان و پارێزەران بۆ ئەو مەبەستە دروست بکات .

**رووداو: ئایا ئەو بڕیارە مام جەلالیش وەک سکرتێری گشتیی دەگرێتەوە؟**

**عارف روشدی:** هەمووی، مام جەلال گوتی لە منەوە دەست پێ بکەن، کارەکە لەخودی مام جەلالەوە دەست پێدەکات.

**رووداو: ئێستا وەک میدیاکانی خۆتان باسی دەکەن، دەستە دەستە ئەوانەی رۆشتبوونە ناو گۆڕان پەیوەندیتان پێوە دەکەنەوە، پێتوایە ئەوە پەیوەندی بەچییەوە هەیە، نانبڕاوەکانن یان کاریگەری پلینیۆمە؟**

**عارف روشدی:** بەدڵنیاییەوە کاریگەری سەرکەوتنی پلینیۆمی یەکێتییەو پلینیۆم هیوایەکی نوێی خستە دڵی هەموو هەوادارانی یەکێتی و سەلماندی یەکێتی هێزێکی زیندووەو دەتوانێ بەسەر کێشەکانی خۆیدا زاڵ ببێت . ئەوانەی دەگەڕێنەوە دڵسۆزی یەکێتین و جێگەی رێزی ئێمەن.

**رووداو: هەندێک کەس پێیوایە ئەوەی لە سلێمانی روویدا لە کەرکووکیش روودەدات و گۆڕان لە هەڵبژاردن کەرکووک لە دەستی پارتی و یەکێتی دەردێنێ؟**

**عارف روشدی:** لەو بڕوایەدا نیم، چونکە ئەوانەی لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکە دەنگیان بە گۆڕان دا ئێستا گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کارێکی باشیان نەکردووە. رەنگە بەتوڕەبوونەوە دەنگیاندابێت، یان هەندێک وایاندەزانی کە گۆڕان هات، شتێکی باشتر دەبیننەوە لەوەی پارتی و یەکێتی کردوویانە، برادەرانی گۆڕانیش دواتر نائومێدییەکیان بەهەوادارانی خۆیان بەخشی، بۆیە ئەو خەڵکە چیتر دەنگی خۆی بەخەسار نادات.

> **بەم نزیکانە لیژنەی مەکتەبی سیاسی بۆ نەهێشتنی تەکەتول سەردانی هەموو ناوچەکان دەکات**

**رووداو: ئێوە وەک سەرکردایەتی یەکێتی گەش بینن بەسەرکەوتن لەکەرکووک؟**

**عارف روشدی:** کەرکووک موڵکی کوردانەو لەدەستی کوردانیشدا دەمێنێتەوە.

**رووداو: زیاتر لە12هەزار رێکخستنی یەکێتی لەئەورووپا شەڕی نێوان یەکێتی و گۆڕانیان گەرمکردووە، گۆڕان دەڵێن کۆنترۆڵی ئەو رێکخستنانەیان کردووە، ئایا ئەو رێکخستنانە لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نەماون؟**

**عارف روشدی:** رێکخستنەکانی ئەوروپا بەشێکن لەتێکۆشەرانی نێو یەکێتی نیشتمانی و لەپلینیۆمیش بەشداریبەرچاویان هەبوو،، ئەمەش مانای وایە ئێمە گرنگی زۆرمان بەرێکخستنەکانی ئەورووپا داوە . لەپلینیۆم چۆن بەخۆداچوونەوە بەرێکخستنەکانی ناو کوردستان هەبوو، هەر ئاواش پێداچوونەوە بەرێکخستنەکانی دەرەوەش هەبوو. پلانێکی باشیشیان بەدەستەوەیە کە رێکخستنەکان زیندوو بکەنەوە.

**رووداو: بۆچی هەمیشە جموجوڵ و چالاکییەکانی یەکێتی بەندە بەگەڕانەوەی مام جەلالەوە، واتە هەموو بڕیارەکان لای مام جەلالن ؟**

**عارف روشدی:** مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کورستانەو لوتکەی دەسەڵاتە لەنێو یەکێتی نیشتمانیدا، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە بەبێ مام جەلال جموجوڵمان نییە، بەڵام هەندێک مەسەلە هەن بەبێ مام جەلال نابن، پلینیۆم ناکرێت مام جەلالی تێدا نەبێت، کە مام جەلال دێتە سلێمانی، نەک هەر یەکێتی، بگرە خەڵکیش هیوا پەیدا دەکات.

---

## بزووتنەوە گفتوگۆی لیستی ئیسلامی دەباتە بەغدا

# یەکگرتوو خەونی ئیسلامییەکانی تێکدا

- **یەکگرتوو: ئەندامانی خۆمان لەگەڵ لیستی ئیسلامی نەبوون**
- **کۆمەڵ: دوای ئەم هەڵبژاردنە دەتوانین لیستی ئیسلامی دروست بکەین**

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

بە مردنی عوسمان عەبدولعەزیز، رابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەمانگی ئایاری 1999، سەردەمی لەتلەتبوونی ئیسلامییەکانی کوردستان دەستی پێکرد، سێ هەڵبژاردنیش، پرسی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی ئیسلامی نەیتوانیوە ئیسلامییەکان بخاتە سەرهێڵی گفتوگۆ بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکگرتووی ئیسلامی بزووتنەوەو کۆمەڵی لەو لیستە ئیسلامییە نائومێد کرد.

رۆژی 2009/10/25 مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، وەڵامی بزوتنەوەو کۆمەڵی دایەوە، کە ناتوانێت لیستی هاوبەشی ئیسلامی دروست بکات، هەر دوای وەڵامەکە، هەر سێ لا رایانگەیاند بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن، ئێستاش بزووتنەوەی ئیسلامی لەگفتوگۆدایە لەگەڵ حیزبە ئیسلامییە عێراقیەکان بۆ پێکهێنانی لیستی ئیسلامی بەهێز.

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی شورای گشتی یەکگرتووی ئیسلامی رایگەیاند "ئەندامانی یەکگرتوو لەگەڵ لیستی هاوبەشی ئیسلامی نەبوون" . یەکێکی تر لەو هۆکارانەی باسیکرد، تاقیکردنەوەی هێزی یەکگرتووە "دەمانەوێ هێزو قورسایی خۆشمان بۆ دەربکەوێت" . وەک ئەو ئەندامەی شورای گشتی یەکگرتوو گوتیشی "لەلیستی چوارحیزبەکەدا داکشانێکی زۆرمان بەخۆمانەوە بینیوەو دەمانەوێ لەو دەرفەتەدا هێزی راستەقینەی خۆمان ببینینەوە" . سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند، لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 25ی تەممووز، مەکتەبی سەرکردایەتی یەکگرتوو ئۆباڵی شکستەکەی خستووەتە بۆ ئەستۆی مەکتەبی سیاسی. چونکە وەک ئەو سەرچاوەیە گوتی "مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێداگیریان لەسەر چوونە نێو لیستی چوارحیزبەکە کردووە" .

یەکگرتوو و کۆمەڵ لەهەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەکەی رابردوودا بەدروستکردنی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ دوو لایەنی عەلمانی، بەشێکی زۆری ئەندامانی خۆیان رەنجاندو ئەو دڵشکانە جەماوەرییەش، بالانسی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرزکردەوە و توانی دووکورسی پەرلەمان بباتەوە. دەنگدەرانی ئیسلامی لەکوردستان چاوەڕوانی ئەوەبوون کە بەخۆداچوونەوەی ئیسلامییەکان، بگاتە دروستکردنی لیستێکی هاوبەشی ئیسلامی.

زانا سەعید رووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی "جەماوەری کۆمەڵ، داوای لیستی ئیسلامییان دەکرد، بۆیە داوای لیستی هاوبەشمان لەبزووتنەوەو یەکگرتووی ئیسلامی کرد، بەڵام برایانی یەکگرتوو رەتیانکردەوە" . بە بڕوای رووستایی، سەیرنییە ئەگەر ئیسلامیەکانیش نەتوانن لێکنزیک ببنەوە "حاڵی ئیسلامیەکان، حاڵی هەموو حیزبە کوردییەکانەو ئێمەش بەدەردی لێکجودابوونەوەو پارچە پارچە بوون دەناڵێنین" .

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، فرە لیستی ئیسلامیەکان بە بڕیارێکی هەمیشەیی نازانێت و لەئاسۆیەکی رەشبینانەشەوە ناروانێتە ئەو لیستە هاوبەشە و دەڵێ دەکرێت ئەمجارە هەر لایەک هێزی خۆمان تاقی بکەینەوە "بۆ داهاتووش دەتوانین لیستی ئیسلامی دروست بکەین" . وەک ئەو باسیشیکرد، ئەوەی زیاتر بووەتە رێگر لەبەردەم پێکهێنانی لیستی هاوبەشدا "نەزانینی قەبارەو هێزی یەکترییە" .

پێشتر بزووتنەوەی ئیسلامی داوای لە کۆمەڵ و یەکگرتوو کرد، کە لیستی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دروستبکەن، بەڵام داواکەیان رەتکرایەوە. عیرفان ئەحمەد، ئەندامی سەرکرایەتی بزووتنەوە دەڵێت ئەمجارەش بزووتنەوە لەگەڵ لیستی ئیسلامیدایە "بەڵام یەکگرتوو رێگەی تاک لیستی هەڵبژارد" . بە بڕوای عیرفان "ئەندامان و لایەنگرانی ئیسلامییەکان زۆر دیندارانە بیر دەکەنەوە، بەڵام سەرکردە ئیسلامییەکان سیاسیانە بیر دەکەنەوە " .

عیرفان ئەحمەد ئاشکراشیکرد، بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر بە تەنگ لیستی ئیسلامیەوەیەو بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ لایەنە ئیسلامیە عەرەبییەکانیش لەگفتوگۆدایە بۆ پێکهێنانی لیستی ئیسلامی "هێشتا لەگفتوگۆداین و دوابڕیار نەدراوە" . هەروەها گوتیشی "فرە لیستی ئەنجامی باشی نابێت، بەتایبەت بۆ ئیسلامیەکان" .

بەبڕوای چاودێران، وەک چۆن حیزبە کوردییە عەلمانیەکان لەروانگەی بەرژەوەندییە حیزبیەکانیانەوە هەندێکجار پشت لەپرسە نەتەوەییەکان دەکەن، ئیسلامیەکانیش بەدەر نین لەو دۆخەو، بەرژەوەندی حیزبی، دەقە ئاینیەکانی تایبەت بە یەکڕیزی و برایەتی لەنێویاندا کاڵکردووەتەوە. سەلام عەبدولکەریم، نووسەرو لێکۆڵەری مێژووی ئیسلامی، پێیوایە ئەو پێوەرانەی گوتاری سیاسی ئەوان ئاراستە دەکات بەرژەوەندییەو دەڵێ ئەگەر ئایەتەکانی قورئان چەند باس لەبرایەتی و لیستی هاوبەش بکەن، ئەوا لەگۆڕەپانی واقیعدا بەرژەوەندییە سیاسیەکان ئەو ئایەتانە کاڵ دەکەنەوە .سەلام گوتیشی "ئەو جیاوازییەی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، هەمان جیاوازی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتووشە" . ئەو لێکۆڵەرە مێژووییە دەڵێ ئێستا جەماوەری ئیسلامی داوای لیستی ئیسلامی دەکات "بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان سیاسەت دەکەن و سیاسەتیش ملکەچی بەرژەوەندییە، ناتوانن داخوازی ئەندامانی خۆیان جێبەجێ بکەن " .

حەزکردن لەدەسەڵات تاکە هۆکاری لێکدوور کەوتنەوەی هێزە ئیسلامیەکانە بە لای شێخ عەبدولرەحمان نەقشبەندییەوە .ئەوپێیوایەگوتە بەناوبانگەکەی ئەحمەدشەوقی شاعیری عەرەب، دەردی ئێستای ئەوانەو دەڵێ "رێککەوتون، کە هەرگیز رێکنەکەون" . نەقشبەندی، کە سەرۆکی پارتی ئازادی هەورامییە گوتیشی "جەماوەری ئەوان زیاتر لەناوچە هەژارەکانەو خەڵکێکی دڵفەقیر یان لەگەڵدایەو سەرکردەکانیشیان بیر لەکۆکردنەوەی دەسەڵات و داهات دەکەنەوە، بەڵام ئەوان دەبێت جیهادی نەفسی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەداهاتوودا سەربکەون" .

شێخ عەبدولرەحمان نەقشبەندی دەڵێ ململانێکە لەنێو سەرکردەی یەکەمی ئیسلامیەکاندایەو ئەوانیش پشتیان بەو پلەوپایانەوە نەئێشاوە، بۆیە دەستبەرداری نابن . هەروەها گوتی "بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر، دین ئامۆژگارییە، بەڵام کاتێک ئەوان هاتنە سەر هەڵبژاردن، ئامۆژگارییان بیر دەچێتەوە، بۆیە ئەوەی ئەوانی پێوە سەرقاڵن دینداری نییە" .

## کامکاران بە دوور تا نزیک دێنەوە



**رووداو - هەولێر**
**گرووپی کامکارەکان نوێترین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (دوور تا نزیک) بڵاودەکاتەوە، کە چەند گۆرانیەکی بەدەنگی ئەحمەد رەزا ئەحمەدی لەخۆگرتووەو هۆشەنگ کامکار کاری ئامادەکردنی مۆزیکی بۆ کردووە و تێکستی هەر یەک لە (حافزی شیرازی و خاقانی و نیما یوشیج و ئەحمەدی شا ئەحمەدی ) لەخۆگرتووە. ئەم بەرهەمە لەلایەن دامەزراوەی فەرهەنگی ئاوا لەچەند رۆژی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە.**

### لە نۆک و پاقلە فرۆشتنەوە بۆ فیستیڤاڵی پووسان

# گۆڤار ئەنوەر: کۆمیدیا قەشمەریات نییە

لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی پووسان لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەیەک کە چەند سینەما هەیە لەشارەکەم، درۆیەکی زۆر گەورەم کرد و گوتم "چوار سینەمامان هەیە"



**رووداو- هەولێر**

کێشی 111 کیلۆگرامە، بەڵام هیچ کێشەیەکی لەگەڵ قەڵەوییەکەی نییە،لەشانۆ و دراما و فیلمەکاندا وەک کەسێکی کۆمیدی دەردەکەوێت،بەڵام راستییەکەی ئەو کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆیە، هەستدەکات بەشێکی کۆمیدیاکەی پەیوەندی بە قەڵەوییەکەیەوە هەیە، ئەو کە هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ خۆلاوازکردن، دەڵێت "لەکاتی ئێش ئاگام لەقەڵەوی خۆم نامێنێت"، بە پێکەنینەوە گوتیشی "لەقەڵەوییەکەم بگەڕێ، ئەگەر وا نەبوومایە کۆریاشم نەدەبینی".

گۆڤار ئەنوەر، لەساڵی 1978 لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لەدایکبووەو فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ. لەساڵی 1993 یەکەم کاری هونەری بەشداریکردن بووە لە شانۆگەرییەک لە قوتابخانەی ئیبن خەلەکان، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی 1997 بەشداری کورتە فیلمێکی کردووە بەناوی (منم دکتۆر)، تائێستاش بەشداری لە 5 فیلمی سکرین، 2 کورتە فیلم، فیلمێکی سینەمایی درێژ، 17 شانۆگەری، 19 دراما‌دا کردووە. گۆڤار بە رۆژنامەی (رووداو)ی گوت"یەکەمجاربوو بچمە دەرەوە".

گۆڤار لەگەڕەکی کوران، کە یەکێکە لەگەڕەکە میللییەکانی شاری هەولێر ژیانێکی سەختی گوزەراندووە، بەڵام هەمیشە کێشە و سەختییەکانی ژیانی لەلایەن هاوڕێکانیەوە بە کۆمیدیا و پێکەنین دەربڕیوە" ناخۆشییەکانی خۆم بە کۆمیدی دەردەبڕین، لەقوتابخانەش زۆر لاسایی مامۆستاکانم دەکردەوە زۆرجاریش لەسەر ئەو لاساییکردنەوەیە لێیاندەدام"، دەربارەی هونەری کۆمیدیاش گوتی "کۆمیدیا قەشمەریات نییە،بەڵکو هونەرێکی گەورەیە، پێکەنین و گریان تێکەڵاو دەکات ".

بەمشێوەیە گۆڤار ژیانی منداڵی و هەژاری خۆی دەگێڕێتەوە "ئەوکاتەی قوتابی بووم، بەیانیان زوو بۆ نۆک فرۆشتن لە خەو هەڵدەستام،کە دەهاتمەوە یەک مەنجەڵ شێلمیان بۆ ئامادەکردبووم عارەبانەم پاڵدەدا بۆ شێلم فرۆشتن، کە دەوامی قوتابخانە نزیک دەبووەوە و شێلمم دەمایەوە نەمدەزانی چی لێبکەم، جاری وا هەبوو شێلمەکەم دەڕژاند دەمگوت زەرەرم کردووە، تەنیا لەپێناو ئەوەی بگەمە قوتابخانە، بەردەوامیش درەنگ دەگەیشتمە قوتابخانە، مامۆستا رەشید بەخۆو دارێک لەبەر دەرگا وەستابوو لێیدەدام"، گۆڤار گوتیشی "بە زستانان پاقلە و نۆک و شێلم و سەمونم دەفرۆشت، هاوینانیش کەوکەو و کرێمستی، بەو جۆرە پێگەیشتین".

گۆڤار ئەوکاتە چانسی بۆ هەڵکەوت کە لەرێگەی هیوا سوعاد لەسەر بەشداریکردن لە فیلمی (شوێنێک بۆ یاری) لەگەڵ دەرهێنەر شەوکەت ئەمین گفتوگۆ دەکەن و رۆڵی کاراکتەرێکی کۆمیدی وەردەگرێت، لەیەکەم پیشاندانیدا لە فیستیڤاڵی پووسان لەکۆریای باشوور لەنێوەڕاستی مانگی رابردوودا گۆڤار و رۆژان حەمە جەزا وەک دوو ئەکتەری فیلمەکە لەگەڵ دەرهێنەر ئامادەی رێوڕەسمی فیستیڤاڵەکە دەبن و لەنێو 350 فیلمی بەشداربوو هەردوو خەڵاتی فیستیڤاڵەکە بەدەستدێنن، لەدوای وەرگرتنی 2 خەڵاتەکە، گۆڤار ئەو هەستە دەردەبڕێت " لە پووسان



لەکۆریا بۆ وێنە و ئیمزا کردن بەر نەدە کەوت و
کە گەڕایەوە هەولێریش تاکسی دەست نەدەکەوت

دڵم پڕ ببوو لە گریان، کە بەسەر فەرشی سوور کەوتین نازانم چۆن باسی بکەم دونیا بەرامبەرت دانیشتووە و وێنەت دەگیرێت"، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەیەک کە چەند سینەما لەشارەکەی تۆدا هەیە، گۆڤار دەڵێت "نەمگوت سینەما سەلاحەدین بووەتە گەراج و کریستاڵ قفل دراوە و سینەما نەماوە، بەڵکو درۆیەکی زۆر گەورەم کرد و گوتم 4 سینەمامان هەیە".

ئەو ئەکتەرە کۆمیدییە نازانێت چۆن هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەو پێشوازیە گەرمەی کە لێیان کراوە " هەرچی باسی بکەم نازانم چۆنە، تۆ وا تێدەگەی خەڵکی ئەو شارە هەمووی خەریکی ئەو فیستیڤاڵەیە، شەوی 16ی مانگ کۆتایی بوو خەڵاتەکان دابەشکران هەزارەها کەس وێنەی دەگرتی و دیانویست ئیمزایان بۆ بکەی، کەچی کە هاتینەوە لە کوردستان هیچ لەگۆڕێ نەبوو".

گۆڤار گوتیشی "کە هاتینەوە پێشبینیم دەکرد خەڵک پێشوازیمان لێبکەن، بەڵام کەس ئاگای لێ نەبوو، نزیکەی کاتی مەغریب گەیشتینە هەولێر تاکسی نەبوو پێی بچمەماڵەوە، هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی، ماڵ و منداڵی خۆشم هەر ئەوەندەیان گوت : بەخێر بێیەوە".

---

### دەلال زاخۆیی:

# ئەڤە دەولەتا واستانە ئەگەر تە نەبیت دێ ژ برسا مری

(دەلال محەممەد رەشید) یێ بەرنیاس ب دەلال زاخۆیی ل سالا 1971ێ ل زاخۆ هاتییە سەر دونیایێ. دەلال کو دبێژی ئەو چەند سالە ئەڤینداره و ل بەر نەبوونیێ نەکارییە تا نها ببیتە خودان خێزان رەخنەیێن زۆر ل حکومەتێ دگری کو هاوکاریا هونەرمەندێن کێم شیانێن دارای ناکەت

**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو- زاخۆ**

**رووداو:دەسپێکا تە یا هونەری چاوا بوو؟**

**دەلال :** تا سالا 1990ێ لێدەرێ سازێ بووم و لبەر هەژاریێ تاوەکو سالا 1996ێ من دەست ژ کارێ هونەری بەردایە و ب کارێ ژیانێ ڤە یێ مژویل بووم و پشتی هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی و نوبەدار ئیبراهیم تیپەکا موزیکێ ل سالا 1996ێ چێکری بناڤێ (تیپا دەلال) ئەز چووومە دگەل واندا وەک لێدەرێ سازێ و چوویمە چەندین ئاهەنگان. تا سالا 1998ێ مە ستودیۆیەک دگەل سەمیر زاخۆیی ل رادیۆیا زاخۆ بناڤێ ستۆدیویا دەلال ڤەکر و ب کارێ چێکرنا بەرهەمێن هونەری رادبووین و کاسێت بۆ هونەرمەندان چێدکرن و ئەز ژی ئێک ژ دەرچوویێن وێ ستۆدیۆیێ مە. ئێکەم سترانا من ل سالا 2000ێ دەرکەت بناڤێ (ژڤان). تا نها ل دەه سالاندا من بتنێ چار ستران چێکرینە.

**رووداو : هەر وەکو تو جگارانژێ دکێشی، بۆچی؟**

**دەلال:** راستە ئەز رۆژێ دوو پاکیتان دکێشم و ئەگەر مرۆڤ ل کوردستانێ جگاران نەکێشیت دێ دین بیت، دێ پەقیت، چونکو هەمی لسەر ئەعەسابان دژین، هندی مرۆڤ خەلەتیان و نەحەقیێ دبینیت.

**دەلال: بۆچی د کلیپێن تەدا کچ نینن؟**

**رووداو:** من ئەو کچا رێکوپێک نەدیتییە کۆ ئەکتەر بیت و ژ دل دگەل سترانێ بژیت و بشێت کارتێکرنێ ل بینەری بکەتن، ئەڤێن ل کلیپێن سترانبێژان دەردکەڤن هەمی عەرەبن ل موسل و بەغدا دئینن و هەر ئێک دێ دەه کچان مکیاج کەتن و پیچەک سنگێ وێ و مەمکێن وێ و رانێت وێ دەرئێخیتن دا بەس خەلک بەرێ خۆ بدەتە کلیپا وێ. هەبووینە خەلکی گۆتیێ سترانا تە گەلەک یا جوانە و نە گۆتیێ یا خوشە، چونکو ژ بەر کچان یا گوتی یا جوانە، لێ د بێژنە من سترانا تە یا خۆشە.

**رووداو:نوکە ب چڤە مژویلی؟**

**دەلال :** نووکە ئەز یێ سیدیەکێ چێدکەم لناڤ بەینا وەلاتێ سوێد و پارێزگەها دهۆکێ ژ بەرهەمێ ( ARTCOLORS) کو ژ دەه سترانان



## ئەم وەرتین ب ڤی شولیڤە، لێ نەچارین خزمەتا هونەرێ کوردی بکەین

پێکدهێت .تا نها من بریار نەدایە ناڤێ سیدی بکەمە چ و لناڤ واندا سترانەک سۆرانی هەیە بناڤێ (پەشیمانم) ژ پەیڤێن عومەر ئەرکان و ژ ئاوازێن من بخۆنە و من لبەرە ل ئادارا سالا بهێت بەلاڤ بکەم.

**رووداو:تو نها فەرمانبەری یان نە؟**

**دەلال:** ئەز ل فەرمانگەها رەوشەنبیری و هونەری ل زاخۆ فەرمانبەرم و ئەوژی نە منەتەکە ل من کری و حەقێ منە چونکو ئەز ژی کوردم وەک هەر کوردەکێ دی ببمە فەرمانبەر و مووچەیەکی وەرگرم.

**رووداو: مووچێ تە یێ هەیڤانە چەندە؟**

**دەلال :** مووچێ من 250 هزار دینارن، ئەوژی تێرا پێنج رۆژا ناکەتن و خەلک هزرەکا مەزن لمە دکەتن دەما مە ب قات و ریباتان دبینیت یا ژ وانڤە کا مە چ هەیە.

**رووداو: بۆچی تا نها تە خێزان پێک نەئینایە؟**

**دەلال:** نها ئەز ئەڤیندارم و ئەز زۆر حەز ژ کچەکێ دکەم و ئەڤە پێنج سالە ئەز حەز لێ دکەم.

**رووداو: دێ شێین کەنگی هێینە دەواتا تە؟**

**دەلال:** ئەگەر خودێ حەزکەتن ل هەیڤا یانزدەه یان دوانزدەه، ئەڤەژی ژ بەر ئەگەرێ دارایی کو وەزعێ من یێ دارایی زۆر یێ باش نینە.

**رووداو : سترانێ بۆ تە چ پێڤە دهێت؟**

**دەلال:** موزیک و ستران تا نها نانی نادەتە مرۆڤی، لێ د خوینا مەدا گەریایە و ئەم نەشێین دەستا ژێ بەردەین، چونکو رۆژانە خەلکێ داخازا بەرهەمان ژ مە دکەتن و هەرچەندە ئەم وەرتین ب ڤی شولیڤە، لێ نەچارین خزمەتا جەماوەری و هونەرێ کوردی بکەین و دێ د بەردەوام بین لسەر ڤێ چەندێ.

**رووداو: ل کوردستانێ چاوا سترانێ دبینی؟**

**دەلال:** ل کوردستانێ سترانێ چ پێڤە ناهێت و هندەک دکەن و هندەک دخۆن .هەر سترانبێژەکێ بەرپرسەک یان کەنکەنەک ل پشت نەبیت بسەر ناکەڤیت و هەر سترانبێژەکێ بەرپرسێ خۆ و واستێ خۆ هەیە و هەر کەسێ واستە ژی نەبیت دێ دبەر ئاڤێدا چیتن و بۆ کەسێ ژی نە خەمە و، بەداخەوە خۆزی ل کوردستانێ ئەڤ چەندە نەبا و هەمی تشت ب یەکسانی و ب یاسایی بان، لڤێرە پشتی هونەرمەند دمریت شنی دبێژن وەللا خۆش هونەرمەند بوو، باشە دەمێ ساخ بۆ هەوە وە نەدگوت و دەمێ مر بۆچییە پەیکەران بۆ چێکەی یان نە ئەگەر دەمێ ساخ نەشیا بچیتە ل خانیەکێ دوو ژووری و ژێ وی بۆ چل سالی و نەشیا ژنێ بینیت.

**رووداو: یەکسانی دناڤبەرا هونەرمەندادا دهێتەکرن؟**

**دەلال :** هیڤیا مەیە یەکسانی هەبیت لێ نینە، وەختێ مرۆڤ دچیت ل فەرمانگەها هونەری و رەوشەنبیری و وەزارەتا رەوشەنبیری و سەندیکا هونەرمەندێن کوردستانێ کو بۆ مرۆڤی کارەکی بکەن لێ وان چ دەور نینە بەس ناڤە و بەرپرسێ مرۆڤی دێ بێژنە مرۆڤی هەرە بۆ خۆ واستەکی بگرە مە چ پێ چێ نابیت، باشە پا ئەو رێڤەبەری بۆ چ ڤەکریە و ئەو رێکخراوە بۆ چییە و ئەگەر ئەو وەبێژن یانکو یاسا نینە و یەکسانی نینە و ئەگەر تە واستە نەبیت چ بۆ تە ناهێتە کرن و ئەڤە سۆر و سۆر بەرپرسێن مە دبێژنە مە و ئەڤە دەولەتا واستانە و ئەگەر تە نەبیت دێ ژ برسا مری.

## ل بەر نەحەقیا ئەگەر مرۆڤ ل کوردستانێ جگاران نەکێشیت دێ پەقیت

**رووداو : ئەو هونەرمەندێن پشتەڤانی بۆ دهێتە کرن لسەر چ بنەمایەکییە؟**

**دەلال :** ل ڤێرە یێ سترانا سیاسی نەبێژیت کەس پشتەڤانیێ لێ ناکەتن و چ بۆ نینە و هەرچەندە منژی ستران ب بارزانی گۆتینە و ژ بلی ویژی ب کەسێ دی نابێژم چونکو ئەو بوویە ئەم ب جیهانێ داینە نیاسین و کوردینیەکا پاقژ کری، لێ یێ لڤێرە سترانێ بۆ حیزبەکێ نەبێژیت یان ناڤێ سەرۆکەکێ نە ئینیت هاریکاری بۆ نینە و یێ سترانا سیاسی بێژیت دێ ب دەفتەران دەنێ، ئەم ژی کوردین و خەلکێ کوردستانێ نە ما خۆ نە ئەم یابانی و فەرەنسینە، ما ئەو پێشمەرگەنە و ئەم چەتەینە؟ ئەم هەمی کوردین و دیارە یێ سترانا سیاسی نەبێژیت ئەو نە کوردە؟

**رووداو :پەیڤا تە یا دوماهیێ؟**

**دەلال:** سوپاسیا هەرکەسەکی دکەم کو پشتەڤانیا پاراستنا سترانا کوردی یا رەسەن دکەت و سۆزێ ددەینە کوردێن هەر چار پارچێن کوردستانێ کو هندی د ساخ بین لدیف شیانێت خۆ خزمەتا هونەرێ کوردی بکەین و سوپاس بۆ رۆژنامەیا (رووداو) کو یا راستگۆیە و ئەز زۆرحەز ژێ دکەم چونکو راستیان ڤەدگوهێزیت.

---

# رۆژین واز لە سەردار تورگۆت ناهێنێ



**رووداو ـ کۆڵن**

هونەرمەندی کورد رۆژین سکاڵایەکی لە دادگا لەسەر رۆژنامەنووسێکی تورک تۆمار کرد، دوای ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسە بە زمانێکی زۆر ناشیرین سووکایەتی بە رۆژین کرد، رۆژین بە (رووداو)ی راگەیاند سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکان " واز لە سەردار تورزگۆت ناهێنم".

رۆژنامەنووسیی تورک سەردار تورگۆت لە وتارێکیدا کە لە رۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی بڵاویکردەوە، لەکاتی گەڕانەوەی دوو گرووپەکەی ئاشتی بۆ تورکیا، تێیدا دەستەواژەی زۆر ناشرینی بەرامبەر کورد و رۆژین بەکارهێناون کە شایەنی دووبارە نووسینەوە نین. کە بەبێ بۆنە نێوی رۆژینی خستووەتە نێو نووسینەکەیەوەو سووکایەتی پێکردووە. رۆژینیش لەبەرامبەردا لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە داوایەکی یاسایی لەسەر سەردار تۆرگۆت و رۆژنامەکە تۆمار کردووە. رۆژین داوای لە دادگا کردووە تورگوت سزا بدات و، رۆژنامەکەش بەهۆی ئەوەی کەسایەتیی ناوبراویان شکاندووە، قەرەبووی بکاتەوە.

رۆژین لە بارەی سکاڵاکەی بە (رووداو)ی راگەیاند کە چاوەڕوانی دادگایەکە دەکات "هەڵوێستی من نەگۆڕاوە، پارێزەرەکەم بەدواداچوونی دۆسیەکە دەکات، ئەو شتە تەنیا دژی کەسایەتی من نییە، بەڵکو دژی هەموو ژنان و کوردە، هۆکاری ئەم هێرشە ناحەزانەیەش لەبەرئەوەیە کە من ژنم و کوردم"، گوتیشی داوای لە دادگا کردووە کە دەبێ ئەو وتارە بە زووترین کات لەسەر ئینتەرنێتیش هەڵبگیرێت .

پارێزەری رۆژین ئوولکەری موجتەبا کلچ، کە داواکەی لە دادگای کۆماریی باکرکۆی لە دژی سەردار تورگۆت تۆماری کردووە، زۆر پەسنی رۆژینی دا و بە (رووداو)ی راگەیاند"رۆژین بە هەوڵ و تەقەلای خۆی و دوعاکانی دایکی گەیشتووەتە ئەم ئاستە بەرزە، ژنێکی هونەرمەند، ناسراو و خاوەن زۆر گۆرانی و لاوکە، ناوی رۆژین بووەتە مارکە، لەبەرئەوە ئەو هێرشانە بە مەبەست کراونەتە سەری".

دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی سەردار تۆرگۆت لە 2009/10/24، رێکخراوەکانی ژنان، رێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و هونەرمەندان، نارەزایی خۆیان پێشاندا و رایگانگەیاند پشتیوانی لە رۆژین دەکەن. هەروەها ژنە پەرلەمانتارەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP پشتیوانی خۆیان لە رۆژین راگەیاند و رۆژنامەنووسەکەیان شەرمەزار کرد.

پاش ئەم رووداوانە، رۆژنامەی (ئاکشام)لە لاپەرەی یەکەمیدا داوای لێبووردنی لە رۆژین و ئەو ژنانە کرد کە بەم وتارە دڵیان شکابوو. دوای رۆژێکیش سەردار تورگوت بە مانشێتی "رۆژین داوای لێبۆردنت لێدەکەم"وتارێکی نووسی و گوتی رۆژین بە هەڵە لە مەبەستەکەی گەیشتووە. بەڵام رۆژین لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی "بەردەوام دەبم لەسەر سکاڵاکەم".

# تاراوگە

## سیاسەتکارێکی کورد لە سوید دەکوژرێ



ڕووداو- نێتکورد
سیاسەتکاری کوردی باکووری کوردستان زەین ئەلعابدین ئۆزالپ لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوید لەلایەن کورەکەی بە چەقۆ دەکوژرێت و دواتر پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات و دان بە تاوانەکەیدا دەنێت. تائێستا دیار نییە ئەو کورە لەسەرچی باوکی خۆی کوشتووە.

# قوربانییەکی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەزموونی خۆی بۆ قوتابییەکانی بەریتانیا دەگێڕێتەوە



## فریشتە ڕاپەر: بەشداریم لە فیلمێکی مات دیمۆن کردووە لەسەر عێراق

**ڕووداو-بەریتانیا**

هەرچەندە لە منداڵیدا لەنێو شەڕدا ژیاوە، بەڵام فریشتە ڕاپەڕ هەمیشە ویستویەتی سەرکەوتوو بێت و خەونی بوون بە مامۆستای بیرکاری لە قوتابخانە ناوەندییەکەی خۆی بەدیبێنێت. بەڵام کاتێک سەدام حوسێن، چەکی کیمیایی دژی شاری هەڵەبجە بەکارهێنا، 21 ئەندامی بنەماڵەکەی کوژران و گشت ئەو منداڵانەی لەو قوتابخانەیەبوون کە فریشتە مامۆستابوو لێی گیانیان لەدەستدا. لە نێوەڕاستی ساڵانی 1980 فریشتە زیندانیکرا و ئازار و ئەشکەنجە درا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دوو کوڕی 16 ساڵی قوتابخانەکەی لای خۆی شاردبووەوە.

ئەو دوو قوتابییە کە بەشدارییان لە خۆپیشاندانێکی دژی حکوومەتدا کردبوو، لە دەست ئەفسەرانی موخابەراتی عێراقی هەڵاتبوون. قوتابییەکان توانیان ڕزگاربن، بەڵام فریشتە نەیتوانی و دەستگیرکرا و پاشان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ زیندانیکرا و بەردەوامیش ئەشکەنجە دەدرا. دوایی فریشتە چووە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە.

فریشتە کە ڕووی کردە چیاکان پێیوابوو ئەو ناوچانە ئارامن، بەڵام پاش سێ هەفتە بۆمبێکی دیکەی کیمیایی لەو ناوچەیەدا تەقییەوە و جارێکی دیکە فریشتە بەچاوی خۆی خەڵکی بینی کە دەمردن. فریشتە هەموو گیانی بەر کیمیایی کەوت و پێستی لەشی ڕەش هەڵگەڕاو و سووتا و بەنیوە بووراوەیی هەرچۆنێک بێت خۆی گەیاندە ئێران و، لەوێ لەلایەن تیمی پزیشکی ئەڵمانییەوە چارەسەر کرا.

فریشتە کە ئێستا تەمەنی لە نێوەڕاستی چلەکاندایە دەڵێ " بەختم هەبوو کە زوو چارەسەر کرام و ئێستا هیچ نیشانەیەکی کیمیابارانەکە بە جەستەمەوە نییە، بەڵام چەند کێشەیەکم لەگەڵ چاوەکانم هەبوو. هەندێک کەس بەهۆی ئەو گازە ژەهراوییەوە دووچاری کێشەی زۆر گەورە هاتوون و لە دەرئەنجامیشدا منداڵەکەیان بەشێواوی لەدایکبوون، بەپێی قسەی پزیشکان ڕەنگە ئەمە هەتا هەشت نەوەی دیکە درێژە بکێشێت و ئینجا نەمێنێت. بەڵام من توانیم بچمە دەرەوەو هەرزوو ژیانم دروست بکەمەوە".

دوای سێ ساڵ مانەوە لە کەمپی ئاوارەکان لە ئێران، فریشتە لە ڕێگەی سوریا و ڕووسیا و ڕۆمانیاوە گەیشتە بەریتانیا. ئەوکات زۆر بەکەمی زمانی ئینگلیزی دەزانی، بەڵام دواتر دەستیکرد بە خوێندن. ئەو لەو بارەیەوە دەڵێ " سووربووم لەسەر ئەوەی ببمە مامۆستا، بەڵام تۆقیبووم لەوەی ئینگلیزی کەم دەزانم، وەلێ ئەوە نەبووە ئاستەنگێک لە بەدیهێنانی خەونەکەم".

فریشتە دوای تەواوبوونی شەڕ، بۆ ماوەی چوار هەفتە گەڕایەوە هەڵەبجە و سەرپەرشتی دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی کرد بۆ ڕێزگرتن لە گیان لەدەستدانی ئەو 5 هەزار خەڵکە سڤیلەی بەهۆی ئەو هێرشەوە گیانیان لەدەستدا کە هەندێکیان خزم و کەسوکاری ئەو بوون.

دوای ناسینی (ستیوەرت) لە لەندەن و شووپێکردنی، ئێستا فریشتە هەڵگری وەڵاتینامەی بەریتانییە و 20 ساڵە مامۆستایە لە لەندەن و دوو منداڵیشی هەیە بەنێوی شۆن کە چوار ساڵانە و لۆرنا کە سێ ساڵانە. ئێستا لەشاری بورگ دەژین. فریشتە توانای قسەکردنی بە پێنج زمانی جیاواز هەیە ئەوانیش: کوردی، عەرەبی، فارسی، پشتوو، تورکی و ئینگلیزی. فریشتە ئێستا هەوڵدەدات ئەزموونی ژیانی خۆی بۆ قوتابیەکانی بگێڕێتەوە.

فریشتە سەرپەرشتیاری خوێندنی بوارەکانی بیرکاری، زانست، نەخشەسازی و تەکنەلۆژیایە و لە بێرموداش مامۆستا بووە، ئەو دەڵێ" ژیان پڕی هەل و ئەزموونی جوانە. من لە عێراقەوە هاتم کە ئەزموونێکی زۆر خراپم هەبوو، بەڵام ئێرە شوێنێکی ئارامە. ئەو منداڵانە نازانن چەند شانسیان هەیە. دەمەوێت لە خەویان هەستێنم تا ستایشی ئەو هەموو شتە بکەن کە هەیانە".

لەدرێژەی قسەکانیدا، فریشتە گوتی" دەمەوێ ئەوان باشترین کەس دەربچن، من لە ڕێگەی چەند کۆبوونەوەیەک ئەزموونی خۆمیان بۆ دەگێڕمەوە، من ئەزموونی تاڵ و پۆزەتیڤیشم لە ژیاندا هەبووە و دەمەوێ بۆ ئەو منداڵانەی بگێڕمەوە و هانیان بدەم هەر هەلێکیان بۆ ڕەخسا زوو بیقۆزنەوە".

فریشتە دەڵێ " نامەوێ ئەوان بە تەسکی بیر بکەنەوە، دەمەوێ بیرکردنەوەیان فراوانتر بکەم، هیوادارم ئەزموونە پۆزەتیڤەکانم لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا بەشبکەم بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەیەیان بدەمێ هەرگیز بێ ئومێد نەبن لەبەرئەوەی ئەوە کلیلی سەرکەوتنە لە ژیاندا".

پێش دەست پێکردنی دووەمین جەنگی کەنداو، فریشتە تێکەڵاوی سیاسەت ببوو، چەند جارێک لە کەناڵی BBC چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرابوو، لە پەرلەمانی بەریتانیاش بۆ چەند کاژێرێک قسەی کرد. لەم دواییەشدا، فریشتە چاوی بە ئەکتەری ئەمریکی مات دامۆن کەوت کە بەنیازە فیلمێک دەربارەی عێراق دروستبکات بەناوی (ناوچەی سەوز). ئەو فیلمە دەربارەی ڕۆژە بەراییەکانی شەڕی عێراقە و لەوبارەیەوە فریشتە گوتی" ڕۆڵی من لەو فیلمەدا ئەوەیە ڕۆڵی ئەندامێکی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دەبینم، نازانم تا چەند لەو فیلمەدا دەبم، بەڵام چێژم لە تاقیکردنەوەکە وەرگرت".

کەیت ڕۆبنسۆن بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی فریشتە لێی مامۆستایە، لەبارەی ئەو ئافرەتە کوردەوە گوتی " دۆزینەوەی مامۆستایەکی بیرکاری شارەزا لەم ناوچەیە زۆر زەحمەتە، دۆزینەوەی مامۆستایەکی لێهاتوو، ئەوەندەی دیکە زەحمەتترە، بەڵام لەکاتی وەرگرتنی فۆرمی فریشتەدا، ئێمە زۆر سەرسام بووین بە لێهاتوویی ئەو".

©Times and Star

# ئەنفالکردنی کورد خرایە لیستی جینۆسایدەوە

**ڕووداو- هەولێر**

27 ساڵ لەمەوبەر، لە چیاکانی کوردستانەوە ڕیزی پێشمەرگایەتی بەرەو یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپای سەر بەبلۆکی ڕۆژهەڵات بەجێدەهێڵێ. پاش چەند مانگێک مانەوە، بەهۆی پەیوەندیی بەتینی وڵاتانی ئەوکاتی بلۆکی سۆشیالیستی بەرژێمی عێراقەوە، ڕوودەکاتە سوێد و لەستۆکهۆڵمی پایتەخت دەگیرسێتەوە. بەجێهێشتنی ڕیزی پێشمەرگایەتی بۆ ئەو بەمانای بەجێهێشتنی ڕیزی کوردایەتی نابێ و ژیانی تاراوگە و چاوکردن لەئەزموونی میللەتانی دیکە دەیخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان کوردو ئەورووپاییەکان و دۆزینەوەی دۆست و پشتیوان بۆ دۆزی کورد.

سەڵاحەدین سەڵاح، بەو خەون و خولیایەوە، دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گوڵان کە کۆمەڵەیەکی کوردییەو بارەگاکەی لەسوێدە، دواتریش لەساڵی 2004 بەشێکی سەربەخۆ لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا بۆ پرسی جینۆساید دادەمەزرێنێ.

سەڵاحەدین سەڵاح، کە بە (سەڵاح کەرکووکی) ناسراوە، کاری چەندین ساڵەی لەبواری پرسی جینۆساید و دۆزینەوەی دۆست و پشتیوان بۆ دۆزی کورد، گەیاندوویەتییە ئەو باوەڕەی کە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە لە توانای کۆمەڵەو ڕێکخراوە پەرش و بڵاوەکانی کوردی دا نییە "کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەکی خاوەن بەرنامە بۆ ئەو پرسە دابمەزرێنێ کە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەکاری حیزبایەتی دووربخاتەوەو بۆ ناساندنی ئەو جینۆسایدەی دژی کورد کراوە بیانخاتەگەڕ".

ئەو لەو ڕووەوە ئەزموونی جولەکەکان وەبیردێنێتەوە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسی هۆلۆکۆست کە ڕەوایەتی بەدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەخشی و تا ئەمڕۆش نکوڵیکردن لە ڕاستیی یان ژمارەی قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژییە، لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا وەک هێڵی سوور تەماشادەکرێ.

سەڵاح کەرکووکی، ئاماژە بە (ئاخافتنگای مێژووی زیندووی سوێدی) دەکات کە فەرمانگەیەکی سەر بەحکومەتی سوێدەو گرنگیی بەپرسی جینۆساید دەدات. ئەو دەڵێت "ئەو فەرمانگەیە پاش ئەوە دامەزرا کە جولەکەکانی نیشتەجێی سوێد هەستیان دەکرد ئەنگێزەی دژایەتیکردنی ڕەگەزی سامی و گومانکردن لە ڕاستی و قەبارەی قوربانیانی تاوانی هۆلۆکۆست لەنێو لاوانی ئەورووپا ڕوو لەگەشەکردنە، نازیزمی نوێ لە ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپیدا دەبووژایەوەو لەولاشەوە عەرەب و ئێرانییەکان دژی ڕاستیی هۆلۆکۆست کەوتبوونە پروپاگەندە، لاوانی سوێد کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو تەوژمە و هێندێکیان بەتاشینی سەریان و پۆشینی جلوبەرگی سەربازی لاسایی نازییەکانیان دەکردەوە".

ئاخافتنگای مێژووی زیندووی سوێدی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە بەخۆکەوت و کەوتە داڕشتنی پرۆگرامێکی تۆکمە، بەڵام نەک بۆ دووبارە بیرهێنانەوەی هۆلۆکۆست بەتەنیا، بەڵکو بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێی سوێدی بەو جینۆساید و قڕکردن و کۆمەڵکوژییانەی لەسەرانسەری دونیادا ڕوویانداوە.

سەڵاح کەرکووکی دەڵێت "بەداخەوە ئەو ئاخافتنگایە لە لیستی ناوی ئەو میللەتانەی بەرەورووی جینۆساید و قڕکردن بوونەتەوە، ناوی کوردیان نەهێنابوو، بەڵام کاتێک سەردانمان کردن و دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەی پێویستمان لەسەر تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفالی دژی کورد پێشکەش کردن، ناوی کوردیشیان بۆ لیستەکە زیادکرد".



سەڵاح کەرکووکی،
بەرپرسی بەشی جینۆساید
لە کۆمەڵەی گوڵان

**کاتی ئەوە هاتووە حکومەت دەزگایەکی خاوەن بەرنامە بۆ پرسی جینۆساید دابمەزرێنێ**

ئەو کۆمەڵەیە، مانگی نیسانی ڕابردوو لەبارەگای پەرلەمانی ئەورووپا لە برۆکسل، سیمینارێکیان لەبارەی ئەنفال بۆ کۆمەڵێک پسپۆڕ و پەرلەمانتاری سوێدی و ئەورووپی سازکرد، لەوانە فریدریک ماڵم پەرلەمانتاری سوێدی و ئۆلی شمیت ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا و هەروەها د.مونزیر فەزڵ لێکۆڵینڤانی عێراقی و چەندین کەسایەتی دیکە، بەڵام سەڵاح کەرکووکی لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە ئەوەی ئەوان و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی دیکە تائێستا کردوویانە، نەک هەر لەئاستی پێویستدا نییەو ڕای گشتیی ئەورووپای لەو تاوانە ئاگادار نەکردووەتەوە، بەڵکو ئەو ژمارە کەمەی دۆست و پشتیوانانی کوردیش کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا پەیدابوون، بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە دەچن و لەپێگە گرنگەکانی بڕیارداندا نامێنن.

ئەو پێیوایە نووسینگەی نوێنەرایەتی حیزبەکان لەدەرەوە زیاتر خەریکی کاری حیزبی و دەستگرتنن بەجەماوەری خۆیانەوە، لەبارەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتیشەوە دەڵێت "ئەوانە پتر بە فەرمانگەی دادنووس دەچن و کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بەڕێدەکەن، ناساندنی جینۆسایدی کورد پێویستی بەدەزگایەکی حکومی و تایبەتی هەیە کە پلان و بەرنامەی هەبێت"، دەشڵێت "ئێستا من بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە نازانم دەبێ بچم لەگەڵ کامە بەرپرس و کام دەزگا قسەبکەم، بچمە لای هەر بەرپرسێک دەڵێت ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە".




مۆنۆمێنتی ئەنفال لە کەلار (فۆتۆ: ڕووداو)

## دوای 10 ساڵ

# تاوانی کوشتنی کچێکی کورد بە دەستی باوکی لە لەندەن ئاشکرابوو

**ڕووداو-بەریتانیا**

باوکی توولای گۆران، کە ناوی محەممەدە تۆمەتبار کراوە بەوەی کچەکەی خۆی لە ڕۆژی 1999/1/7 بە یارمەتی براکانی عەلی و جومعە کوشتبێت و لاشەکەشی لە شوێنێک شاردبێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو کچە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێک کە موسڵمان بووە، هەبووە، بەڵام مەزهەبەکەی جیاوازبووە لەوان، هەتا ئێستاش لاشەی کچەکە نەدۆزراوەتەوە.

هیلال ئونال کە تورکە و تەمەنی 41 ساڵە دۆست و بۆیفرێندی توولای بوو لە پشت شووشەو لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە قسەی دەکرد، دەڵێ کچەکە ڕۆژێک دوای ئەوەی لە ئاپارتمەنتەکەی دەرفڕێندرێت، بەنهێنی لە ماڵی باوکییەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات. هیلال لەو بارەیەوە دەڵێ " ئەو پێیگوتم :هیلال مەیێ بۆ ماڵمان، ئەوان دەیانەوێ فێڵت لێ بکەن و منیش گوتم باشە، بەڵام ئەگەر ئەوان دەیانەوێ فێڵ لە من بکەن، ڕەنگە فێڵ لە تۆش بکەن، توولای وەڵامی نەدامەوە و تەلەفۆنەکەی داخست". ئەمەش دوا قسەی نێوان هیلال و تووڵای بوو.

هیلال لەبەردەم دادگا باسی داوونەریتی شەرەفکوژی کرد وگوتی"بەپێی داوونەریتی شەرەفی ئێمە، ئەندامە بەتەمەنەکانی خانەوادەکە بەیەکەوە کۆدەبنەوەو بڕیار دەدەن ئاخۆ وازیان لێبێنن یان دووریان بخەنەوە، بەمانایەکی دیکە بیانکوژن".

هیلال دەڵێ لە دوای ئاگادارییەکەی تووڵای، باوکی کچەکە تەلەفۆنی بۆ کردووەو لێی پرسیووە کە کەی دێت بۆ ماڵیان؟ هیلال لەو بارەیەوە دەڵێ " پێمگوت ئەگەر بێم لەگەڵ دوو پۆلیسدا دێم، ئەویش گوتی بۆچی دوو پۆلیس لەگەڵ خۆت دێنی؟ تۆ کوڕی منی، منیش گوتم: هەرگیز نایێمە ماڵتان، پاشان ئەویش هەزار جنێو و قسەی ناشرینی پێگوتم".

پاش دوو هەفتەی دیکە، محەممەد گۆران، بە فێڵ هیلالی ڕازی کرد بەوەی لە شوێنێکی گشتی یەکتر ببینن بۆ ئەوەی ئاپارتمەنتێکی شیاو بدۆزنەوە تا پێکەوە بژین، پاشان دادگا بۆی ئاشکرابوو لەو چاوپێکەوتنە کە لە یانەیەکی شاری لەندەن بووە، هیلال لەوێ پێی ڕاگەیێندرا کە دەتوانێ تووڵای بێنێت. لەوبارەیەوە هیلال گوتی" بە بیستنی ئەو هەواڵە چاوم پڕبوو لە ئاو و هەستامە سەرپێ و دەستی خەزوورم ماچ کرد، کە ئەمەش داوونەریتێکی تورکییە بۆ نیشاندانی ڕێزگرتن".

بەڵام پاش کەمێکی دیکە و دوای ئەوەی هیلالیان ڕازیکرد بەوەی بڕوات لەگەڵیان تا هەواڵەکە بە تووڵای ڕابگەیێنن، محەممەد بە چەقۆ لە دواوە هێرشی کردووەتە سەر هیلال و بریندراری کردووە. هیلال لەوبارەیەوە دەڵێ" چاوم لە شتێک بوو بەدەستییەوە دەدرەوشایەوەو ئەو دەیویست بمکوژێت، لەبەرئەوەی ئەو بڕیارەیان دابوو، بەپێی داوونەریتی شەرەف، یان کچەکە دەکوژن، یاخود هەردووکیان پێکەوە دەکوژن. من دڵم پاکە و هەربۆیە ئێستاش لە ژیاندا ماوم، باکیشم بەوە نییە ئەگەر ئێستا بنەماڵەی گۆران بمکوژن، من 10 ساڵە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە دەکەم و هەموو ڕۆژێک لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیم".

محەممەد و براکانی لەسەر دیارنەمانی تووڵای کچیان لە ساڵی 1999 دەستگیر کران، بەڵام هەتا ئێستا دادگایی نەکراون. محەممەد، جومعە و عەلی گۆران ڕەتیانکردەوە تووڵای کچیان کوشتبێت و ئەوەشیان ڕەتکردەوە پیلانیان داڕشتبێت بۆ کوشتنی هیلال لە نێوان 1ی ئایاری 1998 و 2ی شوباتی 1999.



تووڵای گۆران

چەند ڕۆژێکیش لەمەوپێش دایکی کچەکە بە دادگای ڕاگەیاند کە باوکی تووڵای ڕۆژێک پێش کوشتنی کچەکەی، تووڵای بەستووەتەوە بۆ ئەوەی لەدەستی هەڵنەیێت.

هەنیم گۆرانی دایکی کچەکە و هاوسەری محەممەد لەبەردەم دادگا ئاشکرای کرد کە ڕۆژێک پێش کوشتنی، تووڵای کچی لەسەر جێگەکەی خۆی لەلایەن باوکییەوە دەست و قاچی بەسترابوویەوە "ئەمەش بۆ ئەوەی لەدەستی هەڵنەیێت".

هەنیم لەو بارەیەوە گوتی" کاتێک ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بینیم کە باوکی و براکەی تووڵای، لە ژێرزەمینەکە قسە لەگەڵ تووڵای دەکەن و دەست و قاچیشیان بەستووەتەوە".

دایکەکەش لە ڕێگەی وەرگێڕێکی تورکییەوە گوتی" کاتێک تووڵای منی بینی پێیگوتم دایە دەستم مەکەرەوە، دەمەوێ بمرم، محەممەدی مێردیشم لەو کاتەدا هاتە پێشەوە و گوتی نەیکەیتەوە و دەستکاری نەکەی".

هەروەها هەنیم لەدرێژەی ئاشکراکردنەکەیدا ئەوەش دەڵێ کە بەهۆی ئەوەی پەتی دەستی تووڵای ئەوەندە توند بووە، دەستی کچەکەی شین و مۆر بووەتەوە.

هەنیمی دایک پاشان ئاشکرای کرد کە بۆ ڕۆژی دواتر نانی بەیانی بۆ تووڵای بردووە، بەڵام ئەو تەنیا چاکەی خواردووەتەوە و ئەوەشی درکاند کە ئەو بەیانییە "شتێک لە چاوی تووڵایدا هەبوو ئەو هەستەی پێدەبەخشیم کە ئەوە دواجارە تووڵای دەبینمەوە".

پاشان هەنیم دان بەوە دادەنێت کە محەممەدی مێری پێی ڕاگەیاندووە کە ئەو ژوورە بەجێ بێڵێت و ئەو و تووڵای دەیانەوێ هەندێ قسە بکەن و پاشان بە تونجای کوڕە هەشت ساڵەکەی دەڵێت خوشکەکەت ماچ بکە، ئەمە دواجارە دەیبینیتەوە.

دواتر هەنیم دەڵێ کە ئەو شەوە لە ماڵی جومعە گۆران ماومەتەوە و بۆ بەیانییەکەی محەممەدی مێردی پێوەندی پێوە دەکات و دەڵێ تووڵای جارێکی دیکە هەڵاتووە و چیدیکە کچی من نییە و حاشام لێکردووە.

پاشان کە هەنیم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ محەممەد دەستی بڕاوە و کاتێکیش پرسیاری لێدەکات دەستی بەچی بڕاوە، محەممەد وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ" لەسەر توێکڵی مۆز خزاوم و کەوتووم".

بەڵام هەنیم گومانی لێدەکات و کاتێکیش دەبینێ کە چەند زەرفێکی گەورە و چەند قەچۆیەک و تایتی جل شتنەکە دیار نەماوە، گومانەکەی زیاتر دەبێ.

هەروەها هەنیم ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەستی کردووە چیمەنی حەوشەیان هەڵکەندراوە و کاتێکیش لە محەممەد دەپرسێ، بۆچی ئەو چیمەنە هەڵکەندراوە، محەممەد دەڵێ" دەمەوێ هەندێ پیاز بچێنم".

هەروەها هەنیم، بلوزی ڕۆژی پێشووتری مێردەکەی دۆزیوەتەوە و پیس بووە، بەڵام نەیزانیووە کە ئەو مادەیەی پێوەیەتی خوێنە، یاخود شتی دیکە.

لەمیانەی دان پێدانانەکانی هەنیمی هاوسەری، تۆمەتبار محەممەد، باری تەندروستی تێکچوو کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی ببوورێتەوە و ستافی دادگاکە محەممەدیان بەبێ هۆشی بردە نەخۆشخانەیەکی تایبەت.

دادگایی کردنە کە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

© The Guardian

# کاروباری ژنان

لەکاتی نوێژکردندا هاوسەرەکەی دەسووتێنێت



رووداو-ایلاف

پیاوێکی جەزائیری بە تۆمەتی سووتاندنی هاوسەرەکەی دراوەتە دادگا، بەپێی نیوەرۆکی دۆسییەکە، تۆمەتبارەکە لەکاتی نوێژکردن بەنزینی بە هاوسەرەکەیدا کردووە و بەبەرچاوی منداڵەکانییەوە سووتاندویەتی، پاش ئەوەی دیمەنی گڕگرتنی هاوسەرەکەی دەبینێت، تۆمەتبارەکە هەوڵدەدات خۆی بکوژێت و مادەیەکی سوتێنەر بەخۆی دادەکات، بەڵام دراوسێکان ڕێگەی لێدەگرن. دواتر منداڵەکان سکاڵا لە دژی باوکیان تۆمار دەکەن.

# خورشید ژنەکەی و هاوڕێیەکەی دەکوژێت

## "ئەگەر لەسەر ناموس بووایە بۆ ئەوانی پێکەوە نەکوشت" باوکی چیا



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-خەبات**

خورشید نانی ئێوارەی لەگەڵ منداڵەکانی و ژنەکەی نەخوارد و بەدەستی خۆی سێ گوللەی لە ژنەکەی دا و کوشتی، دوای تێپەڕبوونی نیو کاژێر بەسەر رووداوەکەدا، چیای هاوڕێشی بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە، کوشت . دوای کوشتنی ژن و پیاوێک، خورشید لەگەڵ براکانی بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتن و تائێستا دەستگیر نەکراون.

بەپێی سەرچاوەکان، ئێوارەی 2009/10/30 پیاوێک بەناوی خورشید خانئاوەدل دانیشتووی شارۆچکەی خەبات (30 کم لە رۆژئاوای هەولێر) ژنەکەی خۆی بەنێوی مەهاباد مەغدید هەمزە،27 ساڵ، کە دایکی چوار منداڵە، بە تۆمەتی نامووس کوشت، پاشانیش چیا محەممەد کەریم،21 ساڵ، باوکی 2 منداڵ، کوشت. چیا هاوڕێی خۆی بوو، بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە ئەوی کوشت.

ژیان تەلعەت، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە وەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند، خورشید بە تۆمەتی نامووس خێزانەکەی کوشتووە و پاشان چیاشی کوشتووەو هەڵاتووە "دادوەر بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری گرتنی خورشیدی داوە، بەڵام تائێستا دەستگیر نەکراوە".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە (رووداو)ی راگەیاند، کە خورشید گومانی لە ژنەکەی هەبووەو ویستوویەتی تاقیبکاتەوە، بۆیە بە ژنەکەی دەڵێت دەچمە گوند شەو نایێمەوە، بەڵام هەر لە خەبات دەمێنێتەوە، مەغریب دەگەڕێتەوە دەبینێ ژنەکەی لە ماڵ نییە، بە منداڵەکانی دەڵێ دایکتان لە کوێیە "کچە گەورەکەی دەڵێت دایکم لەگەڵ چیا چووە دەرەوە".

چیا دانیشتوی کانی قرژاڵەیە، 5 ساڵە ژنی هێناوەو 2 منداڵی هەیە، پێشتر ماڵی مەهابادو خورشیدیش لەکانی قرژاڵە بووە، چیاو خورشید هاوڕێی یەکترن و پێکەوە لە پێشمەرگایەتی لە یەک فەوج بوونە، وەک ئەو سەرچاوەی پۆلیس ئاماژەی پێدا، خورشید لە ماڵەوە چاوەڕوانی ژنەکەی دەکرد لە ناکاو دەبینێ ژنەکەی لە ئۆتۆمبێلەکەی چیا دادەبەزێ و، چیا دەڕوا، خورشیدیش یەکسەر لەبەر دەرگا 3 گوللە لە ملی ژنەکەی دەدات و دەیکوژێت.

پاشان خورشید تەلەفۆن بۆ چیا دەکات و دەڵێت لە کوێی دێم بۆ لات، تاوەکو رانەکات، چیاش پێیدەڵێت لە ناحیەی رزگاریم (کە لە نزیک خەباتە)، خورشید دەچێتە رزگاری و دوای کەمێک دەمەقاڵێ یەک مەخزەن گوللە لە چیا بەتاڵ دەکات و دەیکوژێ.

محەممەدی باوکی چیا بە دەنگێکی نزم و گریانەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و، نەیدەزانی خەم بۆ کوڕەکەی بخوات یان بۆ ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ کوڕەکەی و لەسەری کوژراوە، ئەو یەکسەر گوتی خورشید کاتێک چیای کوشت، برایەکیشی لەگەڵ بوو، باوکی چیا هیچ قسەی لەسەر ئەوە نەبوو کوڕەکەی لەسەر ناموس کوژراوە یان نا تەنیا گوتی "ئەگەر لەسەر ناموسە بۆ ئەوانی پێکەوە نەکوشت؟، بۆ لە خەبات لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان نەیکوشت؟".

وەک محەممەد دەڵێت لەو کاتەی خورشید ژنەکەی کوشتووە، کوڕەکەی لە ناحیەی رزگاری بووە، خورشید تەلەفۆنی بۆ کردووە، پێیدەڵێت وەرە دەرەوەی تۆبزاوە کارم پێتە، چیا کە دەچێت دەبینێ خورشید راوەستاوە "ئەو برادەری خورشید بوو، بیری لەوە نەدەکردەوە کە دەیکوژێت، نە چەکی پێ بووە نە کەسی لەگەڵ بوو، خورشیدو براکەی دەیانویست بە زۆر بیخەنە ناو ئۆتۆمبێلەوە و بیبەنە دەرەوە بیکوژن، بەڵام کە پێی نەکراوە خورشیدی داوەتە بەر گوللە".

چیا نزیکەی کاژێرێک ژیا و لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، باوکی چیا نازانێت کوڕەکەی لەگەڵ مەهاباد چووەتە دەرەوە یان نا "بەڵام دەزانم ئەو شەوەی کوژرا لە رزگاری بوو، ئەگەر چیاش شتێکی وای بکردایە رانەدەوەستا تا خورشید بێت بیکوژێت، ئەگەر تاوانبار بووایە خۆی نەدەچووە لای".

لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی چیاو خورشید، خەڵک بەراکردن بەرەو روویان دەچن، بەڵام بەر لەوەی بگەنە لایان خورشید، چیا دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە.

عەلی کە بە چاوی خۆی کوشتنی چیای بینیوە، بە پەشۆکاویەوە قسەی دەکرد "یەکێکیان دەیگوت وەرە لەگەڵمان سوار بە، ئەو سوار نەبوو، یەک مەخزەنی لێ بەتاڵکردو هەڵات، خەڵک واقی وڕما زیاتر لە 15 خولەک نەیانزانی چی لە بریندارەکە بکەن، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت".

دایک و باوکی مەهاباد سکاڵایان تۆمارکردووە، بەڵام تائێستا باوکی چیا سکاڵای تۆمار نەکردووە. محەممەدی باوکی چیا دەڵێ لەبەر پرسەی کوڕەکەی نەیانتوانیوە سکاڵا تۆمار بکەن، دوای پرسە سکاڵا تۆمار دەکەن.




چیا محەممەد باوکی دوو منداڵ

# حەب جێگەی ئاگر دەگرێتەوە

## لە 9 مانگی رابردوودا 27 کەس بەحەب خواردن هەوڵی خۆکوشتنیان داوە



لەنیا مەحمود
رووداو-سلێمانی

هەستی، کاتێک دڵنیابوو نایدەنە ئەو کوڕەی خۆشی دەوێت، بڕیاریدا خۆی لەنێوبەرێت، ئەو بۆ ئەو مەبەستە هیچ رێگەیەکی لەحەب خواردن باشتر نەدۆزیەوە. لەژوورەکەی خۆیدا بە جارێک 45 دەنکە حەبی پاراسیتامۆڵی خوارد "کاتێک چاوم کردەوە لەنەخۆشخانە بووم". هەستی، 22 ساڵ گوتی "ئاواتەخواز بووم بمرم و خۆشەویستەکەم بزانێ لەپێناوی ئەودا وام لەخۆم کردووە". بەڵام ئەو حەب خواردنە بۆ هەستی بەخێر گەڕاوە چونکە یەکسەر دوای چاکبوونەوەی دایانە ئەو کوڕەی خەریکبوو خۆی لە پێناودا بفەوتێنێ.

دیاردەی خۆکوشتنی کچان بە حەب خواردن، لە تەشەنەسەندندایە و هەندێک لە کچانیش حەبخواردن لە خۆسووتاندن بە باشتر دەزانن.

ئەگەر براژنەکەی نەبووایە، ئێستا سەنای تەمەن 21ساڵ مردبوو. سەنا لەگەڵ خۆشەویستەکەی بە یەکەوە دەبینرێن، لەبەرئەوە هەڕەشەی لێدەکەن ئەگەر جارێکی دیکە لەگەڵ ئەو کوڕە بیبیننەوە دەیکوژن. سەنا دەڵێ ناچار بووم حەب بخۆم بۆئەوەی خۆم بکوژم وەک کاردانەوەیەک لەدژی ماڵەکەمان "بەڵام براژنەکەم پێیزانی و نەیهێشت".

ئەوانەی پەنا بۆ حەبخواردن دەبەن، توندوتیژی خێزانی بەهۆکاری سەرەکی دەزانن. زۆربەی ژنان بەهۆی هەڵسوکەوتی خراپی مێردەکانیان پەنا بۆ حەبخواردن دەبەن. ساکار کە ناوی خوازراوی ژنێکە یەکێکە لەوانەی مامەڵە خراپەکانی مێردەکەی وایکردووە بیر لە حەبخواردن بکاتەوە. ساکار گوتی "مێردەکەم مامەڵەی خراپ بوو، ویستم حەب بخۆم، بەڵام کە بیرم لەمنداڵەکانم دەکردەوەو دەمزانی پیاوەکەم دوای من ژنێکی دیکە دێنێت، پەشیمان بوومەوە".

رووناک، کە بەهۆی حەبخواردنەوە کەوتووەتە نەخۆشخانە و گەدەی بۆ شۆردراوە. ئەو هۆکاری حەبخواردنەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "کاتێک زانیم هاوسەرەکەم دەیەوێ تەڵاقم بدات، 33 دەنک حەبم خوارد". رووناک دەڵێ "مردن لەو ژیانە باشترە".

نیگار کە لە داخی هەڵسوکەوتە توندەکانی باوکی زیاتر لە 30 دەنک حەبی خواردووەو ئێستا لە نەخۆشخانە کەوتووە، ئێستاش پەشیمان نییە و دەڵێ "خۆزگە زیاترم بخواردایەو رزگارم بووایە". نیگار کە جار جار بەدەست ئازاری نێو سکییەوە دەیناڵاند، هۆکاری حەب خواردنەکەی گێڕایەوە بۆ توندی باوکی لەگەڵ خۆی و دایکی "هەموو جارێک کە بەسەرخۆشی گەڕابێتەوە، داخی دڵی خۆی بە ئێمە رشتووە".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی کە دراوەتە (رووداو)، تەنها لە ماوەی 8 مانگی ئەمساڵدا 27 حاڵەتی پەنا بردن بۆ حەب خواردنی کچان و ژنان لە سلێمانی تۆمارکراون و، 12 کچ و ژنیش کە ویستویانە بەحەب خواردن کۆتایی بەژیانی خۆیان بێنن، گەیێنراونەتە نەخۆشخانە.

مولازم هێمن عەبدولقادر، لەبەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، دوای خستنەرووی ئامارەکە روونیردەوە کە "رێژەکە ئەمساڵ، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زیادی کردووە".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پەنجە بۆ فیلم و دراما بیانییەکان رادەکێشێت و دەڵێ، بەداخەوە ئێستا کچ و ژنی کورد لاسایی ئەوانە دەکەنەوە کە دەیبینن. دڵشاد مەحموود سەلمان، توێژەری کۆمەڵایەتی گوتیشی "ئێستا دیاردەی حەب خواردن وەک خۆسووتاندنی لێهاتووە". ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە دەڵێ، بڕیارو هەڵسوکەوتی ناهوشیارانەو کوێرانەی خێزان لەبەرامبەر کچ و ژنان وادەکات پەنا بۆ ئەو جۆرە کارانە ببەن، کە بەزیانی خۆیان تەواودەبێت "هۆکارەکانی حەب خواردنی ژنان و کچان، هەمان ئەو هۆکارانەن کە لەپشت خۆسووتاندنەوەن".

مامۆستایەکی ئاینی داوا لە ژنان و کچان دەکات بیر لەخۆکوشتن نەکەنەوە "هەرکەس بەئەنقەست و بەدەستی خۆی خۆی بکوژێت دەچێتە دۆزەخ". مەلا عەبدوڵڵا چوارتایی، گوتیشی "رۆحی ئینسان خەڵاتی پەروەردگارەو موڵکی پەروەردگارە، بۆیە ئینسان بۆی نییە بەهەرشێوەیەک بێت، ئەو رۆحە لە جەستەی دەربکات"

# ژنانی سلێمانی ژەمی ئێواران دەبەنە دەرەوە

## جگە لە رێستۆرانتی هۆتێلەکان 696 چێشتخانە لە سلێمانی هەن

داستان سدیق
رووداو-سلێمانی

گزنگ عومەر زۆربەی ئێوارەکان دەستی منداڵەکانی دەگرێ و لەگەڵ مێردەکەی سەر دەکەن بە یەکێک لە چێشتخانەکانی شاری سلێمانی، ئەو ژنە فەرمانبەرە دەڵێت چوونە دەرەوەی ئێوارانیان پەیوەندی بەوەوە نییە کە نەتوانێت ژەمی ئێوارە ئامادە بکات، بەڵکو پەیوەندی بەوە هەیە داهات و توانای خێزانەکان باش بووە و ئاستی رۆشنبیری خەڵکیش وەک جاران نییە.

ئێستا لە سلێمانی، ژەمی ئێوارەی زۆر لە خێزانەکان لە چێشتخانەکان دەخورێ، بەمەش دەرگایەک لەبەردەم ژناندا کراوەتەوە، تا تەمەنێکی کەمتر لەنێو چێشتخانەکانی ماڵدا بەسەر بەرن. بە بڕوای نەرمین محەممەد، کە ژنی ماڵەوەیە، چوونە دەرەوەی هەر خێزانێک بۆ نانخواردن پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ژنەکان تەمبەڵ بووبن، وەک پیرەژنەکان دەڵێن "من ژنی ماڵەوەم، دەتوانم خواردن ئامادە بکەم و لەماڵەوە نان بخۆین، بەڵام تەنها لەبەر حەزی خۆمان دەچینە دەرەوە". نەرمین دەڵێ "ئافرەت قەت بێزار نابێ لەکاری ماڵەوە، چونکە ژن هەمیشە دڵخۆش دەبێ بە کارکردنی لە ماڵ".

خاوەن چێشتخانەکانی سلێمانی ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئێستا چێشتخانەکانیان ئێواران جمەیان دێ لە خێزان. عەبدوڵڵا عومەر حەمە، خاوەنی چێشتخانەی قەدوری دەڵێت هاتنی خێزانەکان بۆ چێشتخانەکەیان زۆر بووەو ئەمەش بۆچەند هۆکارێک دەگێڕێتەوە "باشبوونی لایەنی دارایی خێزانەکان و چاولێکەری، لە وڵاتی ئێمەدا چاولێکەری کاریگەرییەکی زۆری هەیە"، هەروەها دەڵێ "زۆر لە ژنەکان لەبەر دەوام ناتوانن ئەرکی ماڵەوە بەباشی جێبەجێ بکەن".

عەبدوڵڵا، بەپێچەوانەی رای ژنەکان، هاتنە دەرەوەی بەشێکیان بە خۆ دزینەوە دەزانێ لە کاری ماڵ و هاوکات دەڵێ، نانخواردن لە دەرەوە کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان "چونکە ئەوتێکەڵی وپەیوەندییانەی لە ماڵەوە دروست دەبێ لە دەرەوە بەو شێوەیە نییە".

عەلی کەریم، وەکیلی چێشتخانەی مەلیک دەڵێ، ئەوانەی دێنە ئێرە دوو جۆر میوانن "ئەوانەی کە لە ژەمی نیوەڕۆدا دێن زیاتر کارمەندەکانن و ناچارن لە دەرەوە نان بخۆن، بەڵام ئەوانەی کە ئێواران دێن، بەزۆری خێزانەکانن و ئەوانەن کە ئاستی بژێویان بەرزە". عەلی کەریم دەڵێ کاتێک مووچە دوادەکەوێت، ئاستی بازاڕی ئەوانیش دادەبەزێت"بەبڕوای من نان خواردن لە دەرەوە کاریگەری سلبی لەسەر پەیوەندییە خێزانیەکان دانانێت".

ئەو دیاردە وکرانەوە کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەک رەنگی لەسەر بازاڕ داوەتەوە، کە بەردەوام لەنێو شاری سلێمانیدا ژمارەی چێشتخانەورێستورانتەکان زیاد دەبن، هەریەک لەو چێشتخانانەش هەوڵدەدەن بایەخی تەواو بە شوێنی خێزان بدەن. مستەفا سلێمان (شێخ عەباس) بەرپرسی کۆمەڵەی چێشتخانەومیوانخانەکان، بەخستنەرووی ئامارێک پشتڕاستیکردەوە کە ژمارەی چێشتخانەکان بەردەوام لە زیادبووندایە لە سلێمانی و گوتی "ساڵی رابردوو بە میللی و گەشتیارییەکانەوە 676 چێشتخانە هەبوون، بەڵام ئەمساڵ بوونەتە 696 دانە، جگە لەو میوانخانانەی کە چێشتخانەو ریستورانتی تایبەت بە خۆیان هەیە".

ئابووریناسان دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە لە کوردستان بۆ باشبوونی باری ئابووری خێزانەکان دەگێڕنەوەو پێشیانوایە نانخواردن لەدەرەوە کاریگەری ئەرێنی زۆرە. بەبڕوای موسا محەممەد، پسپۆڕ لە بواری ئابووری، چوونە دەرەوەی خێزانەکان بۆ چێشتخانەکان هۆکاری زۆرەو گرنگترینیان بەرزبونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک و زۆربونی داهاتی وەدەستهاتووی خێزانەکانە. گوتیشی "نانخواردنی خێزانەکان لە دەرەوە لە زۆر لایەنەوە کاریگەری ئیجابی هەیە لەبەرئەوەی کاتێک ئافرەتێک توانای کارکردنی نییە لە ماڵەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە لە دەرەوە کارێکی هەیە کە بەمەش داهاتێکی زیاتر دێتە دەستیان و ئەمانیش لە رێگەی چوونە دەرەوەیان ئەو داهاتە خەرج دەکەن، ئەمەش زنجیرەیەک چالاکی لە کەرتی خۆراکدا دروستدەکات و جوڵەیەکی ئابووری دێنێتە کایەوە و هەلی کارکردنی زیاتر دەڕەخسێنێت".

موسا محەممەد، ئەو جوڵە ئابوورییە بەرفراوانتر دەبینێت لە بردنە دەرەوەی نانخواردنی خێزانەکان و دەڵێ دەستاو دەستپێکردنی داهات و گەشەپێدانی ئابووری دێنێتە کایەوە "لەگەڵ ئەمانەشدا کاریگەری کولتوری و رۆشنبیری دەبێت، چونکە کاتێک خێزانێک دەچێتە دەرەوە هۆشیاری رۆشنبیری ئەو خێزانانە بەرەو باشتربوون دەچێت".



## کۆمەڵایەتی



### لەسەر خۆشەویستی بریندارکرام

فریاد محەممەد - رووداو

لە ناحیەی دارەتووی سەر بەشاری هەولێر، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی پیاوێک گەنجێکی بریندار کرد. (ر.ز)، 18 ساڵ، دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی ئیمرجنسی لەشاری هەولێر بە پۆلیسی راگەیاندووە " لەنزیک ماڵی خۆمان پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کچێک هەیە، بەمەبەستی بینینی خۆشەویستەکەم چوومە نزیک ماڵەکەیان، بەڵام باوکی کچەکەی پێیزانی و بە دەمانچە تەقەی لێکردم و بریندارى کردم". ئەو گەنجە سکاڵای یاسایی لە دژی باوکی کچەکە تۆمار کردووە. پۆلیسیش بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە.

# منداڵە فڕێدراوەکان لە کوردستان بەرناکەون



رەوا عەبدوڵڵا

rawaebdalla@yahoo.com

رووداو - هەولێر

ئەڤین، نزیکەی 10 ساڵ بوو سەردانی شێخ و مەلا و پزیشکانی دەکرد، بۆ ئەوەی خودا منداڵێکی پێبدات، بەڵام تەنیا دادگا فریای کەوت، کاتێک لە رێگەی دادگاوە منداڵێکی فڕێدراوی وەرگرت و ئێستا لە باوەشی خۆی دەگرێ و وەک ئەوەی منداڵی سکی خۆی بێ.

مانگی رابردوو دادگای هەولێر ئەڤینی ئاگادار کردەوە، لە بوونی منداڵێکی فڕێدراو ئەویش خێرا خۆی گەیاندە دادگا "کاتێک لەلایەن دادگا ئاگادارکرامەوە کە منداڵێک هەیە، لەخۆشیان دەستم بەگریان کرد، خێرا لەگەڵ مێردەکەم چووین بۆ دادگا، کاتێک منداڵەکەم لە باوەش گرت، هەستم وابوو هەموو دونیام پێبەخشراوە". ئەژین بە پێکەنینەوە گوتیشی "لەوەتەی ئەو منداڵەم وەرگرتووە، هاوسەرەکەم لەبەر کڕینی دایبی و شیر، ژنهێنانی لەبیر چووەتەوە و منیش رزگارم بووە لەتانەو تەشەرو قسەی خەڵک".

بەهۆی نەبوونی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو پیاو و ژنانەی کە بەهەر هۆیەک بێت منداڵیان نابێ، بەسەتان خێزان بەمەبەستی وەرگرتنی منداڵ لە دادگای نەوجەوانانی هەولێر ناوی خۆیان تۆمار کردووە. ئەڤین دوو ساڵ بوو ناوی خۆی نووسیبوو تا نۆرەی گەیشتێ.

بەپێی ئاماری ئەو دادگایەش لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، زیاتر لە 30 خێزان بوونەتە خاوەنی منداڵ و 150 خێزانی دیکەش لە چاوەڕوانی وەرگرتنی منداڵدان، بەرپرسی تۆمار کردنی ناوی ئەو خێزانانەش دەڵێ "رۆژ نییە چەند خێزانێک بە مەبەستی تۆمارکردنی ناویان و ئاگاداربوون لە هەبوونی منداڵ سەردانمان نەکەن".

بەیانییەکی زووی مانگی رابردوو، لە نزیک شوقەکانی ئیسکان لەهەولێر چەند خێزانێک کێشەیان بوو لە سەر بردنی ئەو منداڵەی لەژێر دیوارێکی ئەوێ فڕێدرابوو، بەڵام دواتر پۆلیس هات بردی و کەوتە نێو چوارچێوەی نۆرەو مەرجەکانی دادگاوە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند مانگانە منداڵێک تا دوو منداڵ لە نزیک مزگەوت، قوتابخانە، گۆڕستان و شوێنە گشتیەکانی شاری هەولێر لەلایەن کارمەندانی پۆلیس هەڵدەگیرێنەوە. بەڕێوەبەری پۆلیس بۆ (رووداو)ی روونکردەوە" لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا 8 منداڵمان لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری هەڵگرتووەتەوە، زۆربەی ئەو منداڵانەش تەمەنیان لە نێوان 1 رۆژ تا هەفتەیەکدا بووە".

دوای هەڵگرتنەوەی منداڵەکان دادگا ئاگادار دەکرێتەوەو دواتر منداڵەکان بە نووسراوێکی فەرمی پۆلیس دەبرێنە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون. لەبەر ئەوەی هەڵگرتنەوەی منداڵ لەوانەیە کێشەی بەدوادابێت، بۆیە هاووڵاتیان بەزۆری پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە لە بوونی منداڵی فڕێدراو لە شوێنەکان.

خوناو حەسەن، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند " لەگەڵ گەیشتنی ئەو منداڵانە بۆ نەخۆشخانە، بۆ دڵنیابوون لە تەندروستییان لەلایەن پزیشکی تایبەت پشکنینی پێویستیان بۆ ئەنجامدەدرێت و چاودێری دەکرێن تا ئەو کاتەی لە رێگەی دادگاوە بە رێگەی یاسایی دەبەخشرێنە ئەو ژن و مێردانەی مەرجی یاساییان تێدایەو دەتوانن بەخێوکردنی ئەو منداڵە لەئەستۆ بگرن".

دادگای نەوجەوانان بەپێی ماددەکانی (39 و46 )ی یاسای نەوجەوانان مامەڵە لەگەڵ منداڵە هەڵگیراوەکاندا دەکات. سامر ئەنوەر، سەرۆکی توێژەران لە دادگای نەوجەوانانی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا دادگا 8 منداڵی بەخشیوەتە خێزانەکان و گوتیشی" لەگەڵ دۆزینەوەی هەر منداڵێک، لێژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنین و لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی منداڵەکە دەکات ئەگەر دەرکەوت منداڵەکە خاوەنی نییە، بەپێی مەرجەکان دەیبەخشینە ئەو خێزانانەی داوای منداڵمان لێدەکەن".

مەرجی دادگا بۆ ئەو خێزانانەی داوای وەرگرتنی منداڵ دەکەن ئەوەیە کە دەبێ ئەو ژن و پیاوەی داوایان تۆمار کردووە گرێبەستی هاوسەرگیریان هەبێت و 7 ساڵ بەسەر گرێبەستەکەیان تێپەڕبووبێت و راپۆرتی پزیشکیان هەبێت کە بەهیچ شێوەیەک توانای منداڵبوونیان نییە، دەبێ ولاتینامە (جنسیە)ی عێراقیان هەبێ و لە بنەماڵەیەکی رابردوو پاک و موسڵمان بن و توانای داراییان باش بێت و، بەڵێن بدەن ئەو منداڵە بە باشترین شێوە پەروەردە بکەن.

سامر ئەنوەر، دەڵێت سەرەڕای مەرجەکانی دادگا، بۆ ماوەی شەش مانگ لە رێگەی توێژەران چاودێری بەخێوکردنی منداڵەکە دەکرێ، ئەگەر دەرکەوت منداڵەکە بەباشی بەخێودەکرێت، منداڵەکە لەسەر نێوی ئەو خێزانە تۆمار دەکرێ کە وەریانگرتووە،

> **لەوانەیە بەشێک لەو منداڵانە لەبەر ئەوە فڕێدرابن کە کچن**
>
> سەرۆکی توێژەران لەدادگای نەوجەوانانی هەولێر

ئەگەر بە باشیش بەخێوی نەکات منداڵەکەی لێدەسەندرێتەوەو دەبەخشرێتە خێزانێکی دیکە.

گومان دەکرێ ئەو منداڵانەی فڕێدەدرێن بەشێوەیەکی نا شەرعی لەدایکبوون، بەڵام سامر دەڵێ "مەرج نییە هەموو ئەو منداڵانەی دەدۆزرێنەوە بەناشەرعی لەدایکبوون، لەوانەیە بەشێکیان لەبەر ئەوە فڕێدرابن کە کچن، بەشێکیان لەوانەیە هی ئەو گەشتیارانە بن کە لەنێوەڕاست و خواروی عێراقەوە دێنە کوردستان".

جگە لەو منداڵانەی لە رێگەی دادگا بە شێوەی یاسایی دەبەخشرێنە خێزانەکان، بەشێک لەو خێزانانەی منداڵیان نابێت، ئەگەر منداڵێک بدۆزنەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا، بەخێویان دەکەن و لەسەر ناوی خۆیان تۆماری دەکەن.

(س) 39 ساڵ، یەکێکە لەو خێزانانەی منداڵێکی هەڵگرتووەتەوەو دەڵێ "سێ ساڵ بوو چاوەڕێم دەکرد لە دادگا نۆرەم بێ و منداڵێکی فڕێدراو وەربگرم، هەر نۆرەم نەگەیشتێ، بۆیە دوای دۆزینەوەی منداڵێک لەلایەن ناسیاوێکمان بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا بەناوی خۆم تۆمارم کرد". دوای ساڵێک لە هەڵگرتنەوەی ئەو منداڵە (س) منداڵی بوو، بەڵام دەڵێ هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو دوو منداڵەدا ناکات "بگرە ئەو منداڵەی هەڵمانگرتووەتەوە زۆر لەوەی خۆشمان خۆشتر دەوێت، چونکە خۆم و مێردەکەم وا هەستدەکەین خودا بەهۆی ئەو منداڵەوە،

### لەژێر دیوارەکانەوە بۆ باوەشە گەرمەکان

**30 خێزان** لە ماوەی 4 ساڵدا لە رێگەی دادگاوە منداڵی فڕێدراویان وەرگرتووە.

**150 خێزان** چاوەڕێی دادگای نەوجەوانان دەکەن منداڵیان پێبەخشێ.



**مەرجەکانی وەرگرتنی منداڵی فڕێدراو**

- دەبێت ئەو کەسەی منداڵ وەردەگرێ رەگەزنامەی عێراقی هەبێ.
- ٧ ساڵ بەسەر گرێبەستی هاوسەریان تێپەڕبووبێت.
- نووسراوی پاڵپشتی لێژنەی پزیشکیان هەبێت کە منداڵیان نابێت.
- کەسەکە موسڵمان بێ و توانای دارایی باش بێ و بتوانێ منداڵەکە بەخێو بکات.
- دوای شەش مانگ بەسەر بەخێوکردنی منداڵەکە هەڵگیراوەکە، ئینجا بەنێو خێزانی بەخێوکەر تۆمار دەکرێ.

**دادگای نەوجەوانانی هەولێر: رۆژ نییە خێزانێک سەردانمان نەکات بۆ داواکردنی منداڵ.**

**بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر: لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا 8 منداڵی فڕێدراومان هەڵگرتووەتەوە.**

**ژنێک: لەبەر کڕینی دایبی و شیر بۆ ئەو منداڵەی هەڵمانگرتووەتەوە، مێردەکەم ژنهێنانی بیر چووەتەوە.**



تامان شاکر

## دەرگای خیانەت

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ سێکس وەک پێداویستییەکی مرۆڤ چاوی لێدەکرێت، نەک وەک شەرەف و نەنگی و شوورەیی، لە هەموو حاڵەتێکیشدا تاکەکان خۆیان بڕیار دەرن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ جەستەی خۆیاندا دەکەن، بەڵام لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، سێکس بووەتە کێشەیەکی گەورە، تەنانەت بووەتە هۆکارێک بۆ سوکایەتیکردن بە مرۆڤ، هەربۆیەش مرۆڤەکانی خستووەتە ژێر باری دەروونی ئاڵۆزەوە. بوونی تەکنەلۆژیای سەردەمیش رەوشەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

سێکس تەنها بۆخۆشی و بەردەوامبوونی خۆشەویستی و وەچەنانەوە نییە، بەڵکو لای هەندێک بۆ رابواردن و سوکایەتی بەکەسانی دیکە و لای هەندێک کەسیش بووەتە نەخۆشی و لای هەندێکیتریش وەک واجبی نووسینەوەی ئەرکی ماڵەوەی لێهاتووە. لەکاتێکدا سێکس لە رۆحماندایە و هەمووما لە ئەنجامی کردەیەکی سێکسی لەدایکبووین، کەچی هەموومان ئەو هەستە دەشارینەوە، پێمان خۆش نییە کەس بە وردی لە چیرۆکەکانی ژیانمان بزانێ. ئەمڕۆ گەنجان و پیاوانی ئێمە دەچنە دەرەوەی وڵات بۆ ساتێک رابواردن لە کەشێکی ئازاد، بەوەش پارەیەکی زۆر لەم وڵاتە دەچێتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی ئابووری ناسەکانمان بیریان لەو زیانە ئابوورییە گەورەیە کردبێتەوە، جگە لەوەی چەندین نەخۆشیش دێننەوە نێوماڵی کورد. مرۆڤی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ ژیانی سێکسوالی خۆی نییە و هیچ زانیاریەکی ئەوتۆشی لەو بارەوە نییە، پیاوان وادەزانن کە سێکسکردن تەنها کاری ئەوانەو هاوسەرەکانیان لەو خۆشییە بێبەشکردووە، بێئاگا لەوەی کە سێکس کاری دووکەسە. هەر بۆیەش زۆرینەی ژنانی وڵاتی ئێمە وادەزانن سێکس تەنها بۆ منداڵ دروستکردنە، چونکە جێژیان لە سێکس نەبینیوە، لەبەرئەوە دوای شوکردن و بوونی منداڵێک گوێ بە هاوسەرەکانیان نادەن و دەست لەخۆیان بەردەدەن و هەر خەریکی کاری ناوماڵ دەبن و وەک هەندێک پیاو دەڵێن خۆیان دەکەنە پیرەژن، بەمەش دەرگایەک بۆ خیانەتی هاوسەری لەسەر ماڵەکانی خۆیان دەکەنەوە. پیاوانی ئەمڕۆ دەیانەوێ ژنەکانیان وەک ئەو ژنانە بن کە لەکەناڵە بیانی و عەرەبییەکان دەیانبینن، هەربۆیەش گەڕان بەدوایی ئەم ئامانجە بەرەو شوێنی دووریان دەبات، کە لەوەشدا پیاو و ژنەکە هەردووکیان زیانمەند دەبن. ئەوە کارەساتێکی کۆمەڵایەتییە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی رووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام کەس بەرنامەی بۆی نییەو کەسیش بە ئاشکرا باسی ناکات.

مرۆڤی کورد هەر لە منداڵییەوە هەستەکانی خۆی بە کاردێنێ، تەنها ئەندامی زاوزێی نەبێت، هەربۆیەش ئەم ئەندامە نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێ بە شێوازێکی سروشتی ژیانی سێکسی و هاوسەری بەڕێوە ببات، جگە لەهەندێکی تەندروست، هەندێک تووشی خەمۆکی دەبن، هەندێکیتر بەهۆی خۆ ئاسوودەکردن بەدەست تووشی دەست لەرزین دەبن، هەندێکی دیکە نێرباز دەردەچن. تاکی کورد هیچ راچێتەیەکی پێ نییە بۆ چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ خودو کەسی بەرامبەر، بۆیە لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە ماوەیەکی کەم سیناریۆکان دەست پێدەکەن و هەموو ژنێک لەلایان جوان دەبێت تەنها ژنەکانی خۆیان نەبێت. کچان و ژنانی کورد پێش شووکردن هەمیشە لە خەمی خۆرازاندنەوەدان، زۆر کەمیان دەمووچاوی راستەقینەی خۆیان پیشانی خەڵک دەدەن، چونکە پێیانوایە ئەگەر گەیشتنە تەمەنێکی دیاریکراو و شوویان نەکرد، دەبێتە قەیرەو چارەنووسێکی خەمناک چاوەڕێی دەکات، بۆیە بەپەلەن لە شووکردن، بەڵام تەمەنی خۆشی و ئاسوودەیی ئەم شووکردنە زۆر ناخایێنێ، چونکە ناتوانن هەندێک باڵانس رابگرن. زۆرینەی ژنانی وڵاتی ئێمە شەرمنن و ناتوانن حەزو ئارەزووەکانیان بە سادەیی تەنانەت بۆ هاوسەرەکانیشیان دەرببڕن، هەمیشە بە پێشنیازی هاوسەرەکانیان رازی دەبن، بیر لەخۆشی ئەوان دەکەنەوە نەک خۆیان، بۆ خۆدزینەوە لە پەیوەندییە سێکسییەکان حەز دەکەن زیاتر رۆڵی دایک ببینن لە نێو ماڵدا نەک هاوسەر. پرۆسەی سێکسی لە نێو خێزانی کورددا زۆر بە نهێنی بەڕێوە دەچێت، وەک ئەوە وایە مرۆڤەکان دزی بکەن، لەکاتێکدا هەموومان لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە هاتووینەتە دونیاوە. ئێمە هەموومان لەیەکتر دەترسین و ئەو ترسەش وایکردووە جەستەمان ببێتە رێگر لەبەرامبەر عەقل و خۆشگوزەرانیمان، بۆیە ئەم خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە خۆری لێ هەڵنایێ و پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێ، چونکە کەس خۆی ئازاد نەکردووەو نایەوێ و نایەڵێ کەسیش ئازاد بێت، هەموومان نێو ژوورە تاریکەکانمان پێخۆشە نەک بەر رووناکی.

# 3 گەنج لەسەر راوەستانی بەر دەرگا دەکوژرێن



سۆران بەهائەددین

رووداو- هەولێر

کەس نییە لە گەڕەکی مامزاوەی شاری هەولێر گوێبیستی هەواڵی کوژرانی سێ گەنجی گەڕەکەکە نەبووبێ، بەڵام کە پرسیار لەبارەی هۆکاری رووداوەکە دەکەی یەکێک دەڵێت لەسەر کۆترە، یەکێکی دیکە دەڵێت لەسەر پارەی مۆلیدەیە، هەشبوو دەیگوت "قەزیەی ناموسە".

کاژێر 9ی شەوی 2009/11/5 لە گەڕەکی مامزاوەی هەولێر گەنجێک بەناوی (دارا تۆفیق) قوتابی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، بەدەستڕێژێکی گوللە سێ گەنجی دیکەی کوشت کە بریتیبوون لە (بۆتان یاسین محەممەد- 18 ساڵ،هەڤاڵ یاسین محەممەد- 22ساڵ، عەبدولسەتار رەحمان مەحمود- 35ساڵ). هەروەها 3 کەسی دیکەشی بریندار کرد، بەناوەکانی نەهرۆ، هەورۆ کە بران، لەگەڵ منداڵێک کە لەو کاتەدا چووە شت بکڕێت.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند" ئەو شەڕە لەسەر شتی بێ مانا روویدا". بەڕێوەبەری پۆلیس روونیکردەوە شەڕەکە لەسەر ئەوە دروستبووە ئەوانە کۆمەڵێک گەنج بوونە لەلای ماڵی دارا دانیشتوون، ئەویش پێیگوتوون نابێ لێرە دانیشن، لەسەر ئەوە دەبێتە دەمەقالیان و سەری دارا دەشکێنن، داراش دەچێتەوە ماڵ و چەک دێنێت و دەستڕێژیان لێدەکات. هەروەها گوتیشی " دارا ئێستا دەستگیرکراوە".

هەڤاڵ دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین بوو، دوو مانگە ژنی هێناوە. بۆتان قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. هەڤاڵ و بۆتان و عەبدولسەتار کرێکاری نەهرۆ و هەورۆ بوون کە ئەو دووانە بران و وەستای کاشین.

گەڕەکی مامزاوە پێشتر گوندبوو، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی هەولێر ئێستا بووەتە گەڕەکێک لە شاری هەولێر، بەو پێیەی گەڕەکێکی میللییە زوو زوو رووداوی کۆمەڵایەتی تێدا روودەدات.

هاوڕێ کە دانیشتووی مامزاوەیە، لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقە رادەکاتە شوێنی رووداوەکە و دەبینێت تەرمی هەڤاڵ و بۆتان بەتانیەکیان بەسەردا دراوەو خوێنیان لەبەر دەڕوات و گوللەیەکیش بەسەری عەبدولسەتار کەوتووە "نزیکەی کاژێرێکی پێ چوو هەتا ئاسایش لە هەولێرەوە هات و تەرمەکانیان برد".

هاوڕێ ئاگاداری تەواوی رووداوەکە بوو، وەک ئەو گێڕایەوە، هەورۆ و دارا ساڵێک لەمەوبەر بەشەڕهاتبوون لەسەر وەستانی پێش کۆڵان و دارا پێیگوتبوو واز لە ماڵمان بێنەو چیتر مەیێ بەر دەرگامان، بەڵام ئەو شەوە هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە " ببووە دەمەقالیان، هەندێکیان لەیەکتر دابوو، لە برایەکی کەمئەندامی داراشیان دابوو ئەوەش وایکرد دارا زیاتر توڕە ببێت و خۆی پێ نەگیرێت، لەو کاتەشدا هەورۆ تەلەفۆن بۆ بۆتان و هەڤاڵ و ستار دەکات بێنە هانای ئەو لەشەڕەکەدا".

کاتێک ئەوان دەگەنە شوێنەکە، دارا خۆی دەدزێتەوەو دەچێت لە ماڵ چەک دێنێت و دەیانداتە بەر دەستڕێژی گوللە، 4 گوللە بە سەری هەڤاڵ دەکەوێت و 3 گوللە بەر بۆتان و 7گوللەش بەر عەبدولسەتار دەکەون، هەروەها هەورۆ و نەهرۆو منداڵێکی گەڕەکەکەش گوللەیان بەردەکەوێت و بریندار دەبن و، ئێستا لە نەخۆشخانەن.

عەبدوڵڵا شێرزاد، کە لە پرسەی هەڤاڵ و بۆتانی ئامۆزای راوەستابوو، قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی ئامۆزاکانی پەیوەندییان بە شەڕەکەوە نەبووە، بە تەلەفۆنی نەهرۆ چوو بوون پارەی کرێکاری وەربگرن "لەو کاتەی ئەوان چووبوون، دارا لەگەڵ نەهرۆ و هەورۆ ببووە شەڕیان، ئەو سێ کرێکارە زیاتر ناوبژیوان بوون، بەهیچ شێوەیەک کێشەیان لەگەڵ دارا نییە، بۆیە کاتێک دارا چەک دێنێت ئەوان هەڵنایێن، شەڕکەرەکان هەوڵیاندابوو خۆیان رزگار بکەن، لەئەنجامدا ناوبژیوانەکان کوژران و شەڕکەرەکانیش بریندار بوون".

عەبدوڵڵا رەتیکردەوە کە ئامۆزاکانی شەڕیان کردبێت یان ئەوانیش لەبەر دەرگای ماڵی دارا وەستابن "ئاگاداری هیچ نەبوون، تەنیا بۆ پارە وەرگرتن چوو بوون".

ئازاد حەسەن، کە خزمی بۆتانە، بۆ جەختکردنەوە لە قسەی عەبدوڵڵا دەیگوت دە خولەک پێش شەڕەکە خوارزایەکم لەگەڵ بۆتان راوەستابوو "هەورۆ تەلەفۆنی بۆ بۆتان کردبوو کە بچێت پارە وەربگرێت، بۆ سەلماندنی قسەکەم پارەکە لە گیرفانی نەهرۆ بووە لە نەخۆشخانەش لای مابوو، بەر لەوەی پارەکەیان بداتێ شەڕەکە دەستی پێکردبوو".



بۆتان، قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی

هەڤاڵ، دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ، دوو مانگ بوو ژنی هێنابوو

# خواردنەوە لەناوچەی سەوز قەدەخە دەکرێت

## پۆلیس دوو شووشە شەرابی چیلی لە پەرلەمانتارێکی کورد دەستێنێ

**ڕووداو- مەلەف پرێس**

ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی لە راپۆرتێکدا باس لەو بڕیارە نوێیەی حکومەتی عێراق دەکات کە خواردنەوەو فرۆشتنی مادده کحوولییەکان لە ڕێستورانت و فرۆشگەکانی ناوچەی سەوزدا قەدەخـــە دەکات و بڕیارەکەش لەیەکی ئەو مانگـــەوە چووەتـــە واری جێبەجێکردنەوە. ئەوەی ســـەرپێچی لەو بڕیارە بکات مۆڵەتی کارکردنی لە ناوچەی سەوز لێوەردەگیرێتەوە.

ڕۆژنامەکە دەڵێت چێشتخانەی (الحریه)ی نزیک باڵیۆزخانـــەی ئەمریکاش یەکێکە لەو شـــوێنانەی هەڕەشەی داخســـتنی لەسەرە، ئەگەر گـــوێ نەداتە ڕێنماییـــەکان و واز لە فرۆشتنی خواردنەوە کحوولییەکان نەهێنێت.

حکومەتی مالیکـــی فەرمانی بە هێزەکانی پۆلیس داوە لە هەر شوێنێک مەی و شەرابیان دۆزیەوە یان لەدەستی هەر کەسێکدا گرتیان، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە لە گەورە بەرپرسانی عێراقیش بێت، دەستی بەسەردا بگرن.

ڕۆژنامەکـــە ئامـــاژە بـــەوە دەکات کـــە پەرلەمانتـــاری کـــورد عەبدولبـــاری زێباری ناچارکرا دوو شووشـــە شەرابی سوور کە لە چیلییەوە هاتبوو، بداتە دەســـت هێزەکانی پۆلیس کاتێک لەبەردەم ماڵەکەیدا لە ناوچەی سەوز ڕایانگرت.

زێبـــاری بـــە ڕۆژنامـــەی (تایمـــز)ی ڕاگەیاند"ناوچـــەی ســـەوز لە چەند ســـاڵی ڕابردووی سەردەمی داگیرکاریدا وەک ژیانـــی پڕ لە عەیش و نۆشی سەدەی نۆزدەهەم بـــوو، ســـەربازانی ئەمریکا کۆشکەکانی ســـە رۆکا یە تییا ن کردبـــووە مەیخانە".

ئەفســـەرێکیش کە لە ناوچەی سەوز کار دەکات، خۆشـــحاڵی خۆی بەرامبـــەر بەو بڕیارەی حکومەت مالیکی دەربڕی وگوتی "ئەمە فەرمانێکی تازەیە کە سەرۆک وەزیران نووری مالیکـــی دەریکـــردووە بـــۆ قەدەخەکردن و گواستنەوەی خواردنەوە کحوولییەکان، ئەگەر کەسێک لە ئێستا بەدواوە ویستی دیارییەک پێشـــکەش بکات با پیپسی هەڵبژێرێت".

وەک ڕۆژنامەکە دەڵێت، ئـــەم بڕیـــارە لێکدانـــەوەی جیاجیـــای بۆ دەکـــرێ، هەیە پێیوایە کە ئەوە نیشـــانەیەکە بۆ کەمکردنەوەی ئازادی و هەنگاوێکە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی توندڕەو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، بەڵام خەڵکانێکی دیکەش پێیانوایە کە سەرۆک وەزیران دەیەوێ لە پاڵ ئـــەو بڕیارەدا پەیامێک ئاراســـتەی مەرجەعـــە ئایینییەکان بـــکات کە حیزبی دەعوە لە بنەماکانی ئیسلام، وەک حیزبەکەی بانگەشەی بۆ دەکات، لای نەداوە.

هێزەکانـــی حکومەتـــی عێـــراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە تەممووزی ڕابـــردوودا لە ناوچەی ســـەوز، دەســـتیان بەســـەر زۆربەی ڕووبەری ناوچەی ســـەوزدا گـــرت، بەڵام تەلاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا و باخچەکانی دەوروبەری، بە خاکێکی خاوەن ســـەروەریی ئەمریکا دادەندرێن و حکومەتی عێراق بۆی نییە یاســـاکانی خۆی بەسەردا بســـەپێنێ. ڕۆژنامەی (تایمز) دەنووسێت "فەرمانبەرانی باڵیۆزخانـــەی ئەمریکا وەک ڕەفتارێکی دیپلۆماســـییانە بـــەدەم بڕیاری قەدەخەکردنەکەوە دەچن".

پاســـەوانێکی ئاســـایش کـــە خەڵکی باشـــووری ئەفریقایە و لە ناوچەی سەوز کار دەکات، کردییە هەرا کاتێک پۆلیسێکی عێراقی لەسەرئەوەی شووشەیەک ڤۆدگای پێ بووە، مشتومڕی لەگەڵدا کردووە.

ڕۆژنامەکـــە لە زمانـــی دیپلۆماتکارێکی ئەوروپاییـــەوە دەگوازێتەوە "ئیدی ژیان لە بەغدا تەحەمول ناکرێ، کەس نازانێت ئاخۆ کەی ئەم ڕەوشە چارەسەر دەکرێت".

دوای ئـــەوەی گوێیـــان لـــە بڕیارەکە بـــوو، ئەوانـــەی لە مەیخانەکـــەی تەلاری نەتەوەیەکگرتووەکان بوون تووشی شۆک بوون، کرێکارێکـــی فریاگوزاری گوتی ئەو پێیخۆشـــە ئیدی بگەڕێتـــەوە وڵاتی خۆی نەک لە وڵاتێکدا کار بکات و بمێنێتەوە کە خواردنەوەی مەی قەدەخە دەکات.

حیزبە ئاینییەکان کە لەساڵی 2003وە دەســـەڵاتیان گرتووەتە دەست لە عێراق، هەوڵدەدەن نەریتی خۆیان لە ڕووی ڕێگرتن لە فرۆشـــتنی مەی و سەپاندنی سەرپۆش بەســـەر ئافرەتان و لێپرســـینەوە لە لاوان ســـەبارەت بە جۆری جلوبەرگیان، بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن.

ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق لەکاتێکدایە کە ئەنجوومەنی پارێزگای بەغداش لەلایەکی دیکەوە خەریکی داخستنی بار و مەلها بێ مۆڵەتەکانی بەغدای پایتەختە.

کامیـــل زەیـــدی ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغـــدا لەوبارەوە ڕایگەیاند کە خەڵکی گەڕەکی کەڕادە و هەندێ شـــوێنی دیکەی بەغدا سکاڵایان لەدژی مەی فرۆشییەکان و یانەکانی شەوانە تۆمار کردووە.

زەیـــدی لـــە لێدوانێکـــدا ڕایگەیانـــد کە"زیادبوونی ژمارەی شـــوێنەکانی مەی فرۆشـــتن لـــە 50ەوە بۆ 350 شـــوێن و زیادبوونـــی ژمارەی یانەکانی شـــەوان لەو شوێنانەدا، کاریگەریی خراپیان کردووەتە ســـەر کۆمەڵگەی عێراقی و، بوونەتە هۆی چەندیـــن گرفـــت، چونکە ئەو شـــوێنانە مۆڵەتیان وەرنەگرتووە".

ســـەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا هەروەها گوتیشی "ئەنجوومەن بڕیاریداوە هەموو ئەو شـــوێنانەی مەی فرۆشـــتن و ئەو یانانەی شـــەوان دابخات، کە مۆڵەتی فەرمییان نییە و دەوڵەت ڕێی پێ نەداون"، گوتیشـــی "زۆربەی خەڵکی ئەو گەڕەکانە ئامادەن دژ بەو شوێنانە ڕێپێوان بکەن".



ناوچەی سەوز- بەغدا



### ئیدی ژیان لە بەغدا تەحەممول ناکرێ

دیپلۆماتکارێکی ئەوروپایی

### ئەو مەی فرۆشی و مەلهایانەی مۆڵەتیان نییە دایاندەخەین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا

# لەبەغدا نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن ڕۆژنامەکان دەبووژێنێتەوە

**ناسر بەغدادی**
**بەغدا- ڕووداو**

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و تەواوبوونی ئەو خولە پەرلەمانییەی لەسەر بنەمای سیستەمی بەشبەشانێی تایفی و نەتەوەیی بەڕێوەدەچوو، ئێستا سەرباری ئەو گرژی و مشتومڕەی لەنێو هۆڵی پەرلەمان بەهۆی بڕیاردان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان پەیدابووە، لەپشت پەردەشەوە جەنگێکی شـــاراوەو پەنهان دەســـتیپێکردووە کـــە ئامرازەکانی بریتین لە چاپەمەنی و سەربازەکانیشی خاوەنی کۆمپانیاکانی ڕیکلامکردن و بەڕێوەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنن. شەڕی ئەوان لەسەر بردنەوەی ڕێکلامی هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو لیســـتی دیکەیە و هەمووشیان پێکەوە چاوەڕێی بڕیاردانن لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران.

لە بەدواداچوونی ئەم شەڕەدا کە هەموو ئامرازێک بۆ پشت لە عەرددانی ڕکابەر گیراوەتەبەر، ئەوەی سەیر دێتە پێش چاو ئەوەیە کە سیســـتەمی ڕکابەری زیاتر سەرکەوتن بۆ ئەو لایەنە مسۆگەر دەکات کە لەدیاریکردنی نرخدا لێبووردەترە و خزمەتگوزاریی باشتر پێشـــکەش دەکات،کەچی لە ڕکابەرێتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکانـــی ڕێکلامکردندا تـــەواو بەپێچەوانەیـــە، دەزگاکان لە پێشـــبڕکێدان بۆ دانانی بەرزترین نرخ لەســـەر ڕێکلامەکانی هەڵبژاردن تا کار گەیشـــتووەتە ئەوەی کـــە ڕۆژنامەیەکی وەک (الزمان) لەبەرامبەر ڕێکلامێک لە لاپەڕەی یەکەمیدا و بەقەبارەی یەک چارەکی لاپەڕە نرخی 30 هەزار دۆلار دابنێ، ئەوە لەکاتێکدا کـــە تا هەفتەیەک لەمەوبەریش نرخی ڕێـــکلام لەو لاپەڕەیەدا لە 4 دۆلار تێپەڕی نەدەکرد بۆ هەر ســـانتیمەترێکی چوارگۆشـــە. هەروەها ڕۆژنامەیەکی وەک (المشـــرق) نرخی ڕێکلامکردنی لە 3 هەزار دینارەوە بۆ یەک ســـانتیمەتر چوارگۆشە بەرزکردووەتەوە بـــۆ 10 دۆلار لە لاپەڕەی یەکەم و 7 دۆلار لە دوالاپەڕە، زۆربەی ڕۆژنامەکانی دیکەش نرخەکانیان لەو دەوروبەرەیە.

ســـەیف ئەلقەیســـی سەرنووســـەری ڕۆژنامەی (السفیر)ی بەغدادی، لەبارەی ئەم زیادکردنەی نرخەکانەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "هەمـــوو ڕۆژنامەکانی دونیا و هەمـــوو دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ مانەوەو بەردەوامبوون پێویســـتیان بە پارەو پشتیوانیی داراییە، بەڵام لێرە سەرچاوەکانی پشتیوانیی دارایی هەمەجۆرن، هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن گەیشتوونەتە قۆناخی قازانجکردن، هەندێکی دیکە لەســـەر هێڵی هاوسەنگین و زۆربەشـــیان لەسەر زەرەرن". گوتیشـــی "ئەمانەی دوایی بۆ دووجۆر دابەشدەبن، یان حیزبێک پشتیوانییان دەکات یانیش دەبێ پشت بەڕێکلام ببەستن، بۆیە هاتنە پێشـــەوەی هەڵبژاردنەکان بەهـــەل دەزانن بۆ پەیداکردنی زۆرترین پارە".

ئەو دۆخە لە کوردســـتان جیاوازە، چونکە هەموو حیزبەکان ڕۆژنامـــە و دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیان هەیـــە، ئەوەش بەڕوونی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ســـەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لە 2009/7/25دا دیاربوو.

بـــۆ ڕۆژنامەکانی عێراق، هەڵبژاردنـــە پەرلەمانییەکان وەرزی کۆکردنـــەوەی ڕێکلامەو ئەم وەرزانـــەش لەعێراقدا زۆرن، ڕۆژێک هەڵبژاردن و ڕۆژێک ڕاپرســـی لەسەر دەستوور و بە بەردەوامیش پروپاگەندەکانی دژی تیرۆر.

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ڕێکلام پێیوایە ڕۆژنامەی (الزمان) بۆیە ئەو نرخە گرانەی لەسەر ڕێکلام داناوە چونکە هەر لەبنەماوە حەزناکات پروپاگەندەی قەوارە سیاسییەکان بڵاوبکاتەوە، چونکە هیچ مەعقـــول نییە لایەنێک هەبێت ئامادەبـــێ بۆ ڕێکلامێک لە چارەکە لاپەڕەیەکدا بڕی 40 ملیۆن دینار بدات. لەو باوەڕەشدایە ئەوەی قەبارەی کێبرکێیەکەی گەورە کردووەو نرخی ڕێکلامەکانی بەوجـــۆرە بەرزکردووەتەوە قەوارە سیاســـییەکان خۆیانن نەک ڕۆژنامەکان. هێشـــتاش دیارنییە ئاخۆ بۆ نموونە دوو هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردن نرخی ڕێکلامکردن چەندی دیکە دەچێتە ســـەرەوە. بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە دەڵێت "بەدووری نازانم ڕۆژنامەکان نرخێکی وا داوابکەن کە خەرجی چوار ســـاڵی دیکەیان تا هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ مسۆگەر بکات".

قەوارە سیاسییەکان لەپروپاگەندەی هەڵبژاردندا ناتوانن تەنیا پشت بەیەک جۆر ڕێکلامکردن ببەستن، تەنیا بە پروپاگەندەیەک لە ڕۆژنامەوە ناوەســـتن و دەبێ هاوکات لـــە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتیشـــەوە پروپاگەندە بکەن،جا بڕی ئەو پارەوپوولە مەزەندە بکەن کە قەوارە سیاسییەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەگـــەرووی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیدا دەکـــەن، ئەوە لەکاتێکدا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ســـەر بەحکومەت هەلی پروپاگەندەکردنی بەخۆڕایی بۆ هەموو قەوارەکان دەڕەخسێنێ.

لەنێوەندە میللییەکاندا لەبەغدا هەندێ قســـەوباس هەیە کە گوایـــە پاڵێوراو هەبووە ئۆتومبێل و هەرچی موڵک و ماڵی هەیە بۆ خەرجییەکانی پروپاگەندەی فرۆشتووە، بەڵام زۆر کەس ئەوە بەپێویســـت نازانن و پێیانوایە بردنەوەی هەڵبـــژاردن بەندە بە سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەرچەندە ڕاگەیاندنیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەناساندنی پاڵێوراواندا بە جەماوەر، بەتایبەتیش کە ئەگەری ئەوە بەهێزە بۆ ئەم هەڵبژاردنە سیستەمی لیستی کراوە پەیڕەو بکرێت و خەڵکێک لەدەرەوەی قەوارە سیاسییەکان خۆیان کاندید بکەن، ئەوەش دیسانەوە بازاڕی ڕێکلامکردن لە ڕۆژنامەکان گەرمتر دەکات.



ڕۆژنامەکانی عێراق نرخی ڕێکلامکردن بەرزدەکەنەوە، ڕۆژنامەی (الزمان) نرخی چارەکێکی لاپەڕەی یەکەمی کردووەتە 30هەزار دۆلار

# لە مۆریتانیا کۆیلایەتی هێشتا بەردەوامە



**ڕووداو- العربیه نت**

شاندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی باس لە بەردەوامبوونـــی دیاردەی کۆیلایەتی لە مۆریتانیا دەکەن چووەتە ئەو وڵاتە، بەو ئەنجامە گەیشت کە، ســـەرباری چەندین یاسا لەبارەی قەدەخەکردنی کۆیلایەتی، بەڵام هێشـــتا کۆیلایەتی بەچەندین شێوەی قێزەون لەو وڵاتەدا بەردەوامە.

گوڵنارا شـــاهینیان بڕیـــاردەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتـــووەکان، کە بۆ بەدواداچوونی کۆیلایەتی و بەندایەتی لە مۆریتانیا ڕاسپێردراوە، ڕایگەیاند کە حاڵەتی جۆربەجۆری کۆیلایەتی لە چەندین شوێنی وڵاتەکەدا بەدی دەکرێن.

ڕۆژی 2009/11/3 لـــە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نواکشـــوتی پایتەختی مۆریتانیا گرێدرا، شاهینیان ڕایگەیاند "زۆر کـــەس لە شـــار و گوندەکاندا بەرەوڕووی حاڵەتـــی دژواری کۆیلایەتی دەبنەوە". شاهینیان گوتی "کۆیلایەتی تاوانێکی ڕاستەقینەیە، گرنگ نییـــە دەرهەق بە خەڵکێکی زۆر یان کەم پیادە دەکرێت، تەنانەت ئەگەر دژ بە تەنیا کەسـێکیش بێت هـــەر تاوانە، چونکە ئەمە کارێکە یاساکان پرۆتستۆی دەکەن".

دەسەڵاتدارانی مۆریتانیا ڕەتیدەکەنەوە کە کۆیلایەتی لە وڵاتەکەدا هەبێت و تەنیا دان بەوە دادەنێن کە هەندێ پاشماوەی هەڵســـوکەوتی چەندین سەدەی ڕابردوو هێشتا لە نێو کۆمەڵگەی مۆریتانیدا ماون.

بەگوێـــرەی ڕاپۆرتەکـــەی شـــاندی نەتەوەیەکگرتووەکان،منداڵان لەگوندەکاندا کاریان پێدەکرێ و، مانگانە بەرامبەر تەنیا 15 دۆلار دەکرێنە خزمەتکاری ماڵان.

هەروەهـــا دەڵێـــت "ئـــەو کۆیلانـــەی ئازاد دەبن تەنیا لـــە کۆیلایەتییێکەوە بەرەو کۆیلایەتییەکـــی دیکە دەچـــن، چونکە ئەوان ژیانێکـــی پەراوێزکەوتە لە نێـــو چینکۆی کۆنە زبڵدانەکاندا بەسەر دەبەن".

### بەڵگەی زیندوو

کچۆڵەیەک کە دەردی کۆیلایەتیی چەشـــتووە دەڵێـــت، کە ئاغاکەی ڕێی شـــووکردنی نەداوە، هەڕەشەی لە هەر کەسێک کردووە کە ویستبێتی بیخوازێـــت، چونکە"موڵکـــی خۆیەتـــی" و هەر خۆشی مافی هەیە کاری سێکسیی لەگەڵ بکات، تا ئێســـتاش ئامادە نییە ئازادی بکات، هەرچەندە کچۆڵەکە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خزم و کەسی ئاغاکە و برادەرانیشی داوە، بەڵام گەورەکەی هەر ڕازی نییە.

هەروەها ئەو پیاوە کە بەرەو گوندێکی دیکە بار دەکات، خێزانی کچە کۆیلەکەش ناچـــار دەکات لەگەڵ ئەودا بار بکەن، لەم ڕووەوە چەندین جۆرە گوشار بەکار دەهێنێت.

کچۆڵەیەکی دیکەش بـــاس لەوە دەکات کە بەر لە دوو ساڵ لەلایەن گەورەکەیەوە دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە ســـەر، دەشـــڵێت "کاتێک منداڵم لێی بوو، نکۆڵی لێکرد و کوڕەکـــەی بە هێ خۆی دانەنا و بە منداڵەکەوە ڕەوانەی لای ماڵە باوانی کردمەوە".

ئەو کچۆڵە هەژارە بەو مەرجە ڕازیبووە گەورەکەی سێکسی لەگەڵدا بکات، کە بەهەشتی بۆ مسۆگەربکات، ئەو پێیگوتووە"من بەهەشتت بۆ مســـۆگەر دەکەم ئەگەر ڕێ بدەی لەگەڵت جووت بم". گوتیشـــی تا ماوەیەکی زۆر نهێنییەکەی شـــاردەوە چونکە گەورەکەی پێیگوتبوو ئەگەر نهێنییەکە بـــۆ هەتاهەتایە بپارێزی، دەچیە بەهەشت.

ئەو گوتیشـــی "دوای ئەوە بە ماوەیەک شووم بە کەسێک کرد لە توێژی کۆیـــلان و چوار کوڕم لێی بوو، بەڵام دووبارە گەورەکەم داوای لێکـــرد تەڵاقم بدات". ئینجا داوای لێکرد بە بێ کـــرێ کاری بۆ بکات، مەرجێک دوای تێپەڕبوونی هەر ساڵێکی خزمەت، یەکێک لە کوڕەکانی بکات، بەڵام مێردەکەی تەڵاقیدا.

## ئەوەی لەوێ دیم



د. مستەفا زەنگەنە

بەشی پێنجەم

### ئەو کچەی نەیویست بەشداری لە دزیکردنی وڵاتەکەیدا بکات

پەپوولە بە زیندەوەرێکی ئێسک سووک و جوان و کەم تەمەن ناسـراوە، جۆری هەند زۆرە کە ئێمە و مانان ناوەکانیان نازانین. لە جیهانی ئاژەڵاندا، کە کەناڵەکانی TVناو بە ناو پەخشیان دەکەن سووڕی ژیانی سەیر سەیری ئەو پەپوولانە نیشاندەدەن کە مرۆڤ بەو هەموو عەقڵەی خۆیەوە دۆش دامێنێ لە وردی سیستەمی ژیان و هەڵسوکەوت و عەقڵیانەوە. ملیۆنەها پەپوولەی یەک جۆر و یەک ڕەنگ و یەک قەبارە هەن. نێر و مێیەکان یەکدی دەناســـنەوەو هەمیشـــە پەیوەندییان بە یەکـەوە هەیە، هەندێ جۆریشـــیان هەیە کە لـــە دووری 42 کیلۆمەترەوە دەزانێ هاوســـەرەکەی لە چ شوێنێک و لە سەر چ جۆرێک لە جۆرەکانی گوڵەکە مرۆڤ مەودای زانینی و بینینی بۆ گیانلەبەرێکی بچووکی وا ناگاتە 300مەتر پتر. لە مالیزیا باخچەیەکی ناسـراو هەیە بەنێوی (باخچـەی پەپوولەکان) کە نزیکەی ســـەد جۆر پەپوولە لەو باخچەیەدا دەژین و بەسەر گوڵەکانەوە بەئاسمانی باخچە و سەر جلەکانتەوە دەیان بینی، ناوە ناوەش دێنە ســـەر دەســـت و شـــان و مل و سەرت ئەم باخچەیە ئەگەرچی ڕووبەرەکەی گەورە نییە، بەڵام ســـەری بە تووڵێکی ناسک گیراوە تا پەپوولەکان لە چوارچێوەی باخچەکەدا وا بمێننەوە ژینگەیەکی واش لەو باخچەیەدا ڕەخســێنراوە کە ئەو هەموو پەپوولە جۆر بە جۆرانە لەســـەر جۆری خۆراکی جیاجیای گوڵە جیاجیاکان نەتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن لەو باخچەیەدا، خەڵکانی پسپۆر لـــە ژیانی پەپوولـــەو بایەخدان بـــە زاوزێکردنیان دەبینی و هەمیشـــە ئاگایان لە مردن و زیادبوونی یەک دانە پەپوولەش هەیە، گەشتیارانی بیانی هەن لە ســـبەینانی زووەوە تاوەکـــو تاریکی ئێواری بە دیـــار پەپوولەیەکەوە بە کامێراو ڤیدیۆکەی وێنەی ســـەیر ســـەیر و عاجباتی ئەو پەپوولانە دەگرێ، چوونە ژوورەوە بۆ هەر کەسێک نزیکەی 3 هەزاری تۆملنی لێ وەردەگیرێ و لەزگەیەکی ســـەوزی بە ئەندازەی نیو لیرەیەک لەســـەر سینگی ئەو کەسە دەدەن کـــە دەچێتە ژوورەوە لـــە هاتنە دەرەوەدا لێی وەردەگرنەوە، بەڵام منداڵی تەمەن 12 ساڵ و بەخۆڕایی بۆیان هەیە بچنە سەیری پەپوولەکان. من لە حکایەتی ئەم پەپوولانەوە شتێکی ئەوتۆ فێربووم کە قەت لە بیری ناکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەرپرسی پلیتبڕینی چوونە ژوورەوە ویســـتی لەزگەیەک لە سینگی کەسێک بدات، بەڵام باوکی ئەو منداڵە وتی من کوڕەکەم تەمەن یازدە 11 ساڵە، گەشتیارەکە مالیزی نەبوو، بەڵام بەرپرسەکە ئافرەتێک بوو وتی ببوورە ئەوە تەمەنی سێزدە ساڵ دەبێ و پێویستە بەپارە بچێتە ژوورەوە، پاشـــان داوای پاسەپۆرتی منداڵەکەی کرد بـــۆی دەرکەوت تەمەنی منداڵەکە لە سەرووی 12ســـاڵەوەیە، کەواتە دەبێ 3 هەزار دینارەکە بدات و ئەوجا بچێتە نێو باخچەکە، پرسیم ئـــەم کارمەندە خاوەنی ئەم باخچەیەیە، لە وەڵامدا وتی مـــن کارمەندم و مووچەم هەیـــە و بۆم نییە خیانەت لـــە کارەکەم بکەم و ئەگەر وا نەبم ڕۆژانە دەیان کەس کە بۆ گەشـــت هاتوون و بە ئارەزووی خۆیـــان هاتوون بۆ ئەم باخچەیە دەبێ پارەیان لێ وەرنەگـــرم ئەوکاتە لە ڕۆژێکـــدا پارەیەکی زۆر لە کیســـەی ئەم وڵاتە دەچێ کە من یەکێکم لە وانەی بەرپرس دەبین بەرامبەر بە وڵاتەکەمان، من خەڵکم خۆشدەوێ و زۆر زۆر ڕێزیان لێدەگرم و هاوکاریشیان دەکەم، بەڵام بەشداری لە دزینی پارەی وڵاتەکەمدا ناکەم، ئەو بڕیارە منیش لە تەمەنی 12ی ســـاڵی بەسەرەوە جێبەجێی دەکەم، یەک کەس لەو تەمەنە بەســـەرەوە بۆی نییە بەبێ پـــارە بچێتە ژووری، ئیدی منیش لەزگەکەم لە ســـینگم داو چوومە نێو باخچەکەوەو بیرم لەوە دەکـــردەوە ئافرەتێک بەو ئاگاییەوە ســـەبارەت بە پـــارەی وڵاتەکەی مامەڵە لەگەڵ جوانترین مەخلووقی ســـەرزەویدا دەکات بۆ ئەوەی دارایـــی وڵاتەکەی زیاد بکات، کەچی لەلای ئێمـــەش بەداخەوە هەر شـــتێک هی حکومەت بێ زۆربەی خەڵک وا دەزانێ بەلاشـــخانەیەو بە چاوی دوژمنکاری مامەڵەی لەگەڵ دەکات و مانگانە ملیۆنەها دینـــار لووش دەدرێ بە فیڕۆ دەدرێ و لەبەر خاتر و خاترانـــە دەدرێنە دەم ئاوەوە یان دەچنە قورگی هەندێ لە شێرەکانەوە، کاتێکیش لە باخچەکە دێیتە دەرەوە کۆگایەک لە شێوەی مۆزەخانەی پەپوولەو مێرووەکان و کتێب لەسەر ژیان و وێنەو ناوەکانیان دانراون کە مرۆڤ هەستدەکات هەر هەموویان بکڕێ و لەگەڵ خۆتدا بیهێنییەوە هیچ نەبێ منداڵەکانمان فێری ئەوە بکەین کە پەپوولەیەکی بەستەزمان یان خاڵخاڵۆکەیەک دەبینن حـــەوت گەڕەک بە دوویدا ڕانەکەن و نەیگرن و نەیکوژن.

ئیدی دوو دنیای سەیر یەکێکیان پڕ لە جوانی و خۆشەویســـتی کە لەوێ دیم، یەکێکیشـــیان پڕ لە توندوتیژی و دوور لە خۆشەویستـی بەرامبەر پەپوولەکان کە ناوە ناوە لێرە دەیانبینم، ئێستا بۆم دەرکەوت کە پێش 40 ساڵ گرنگی ئەو فیلمەی سینەما چی بوو کە باسی لە کۆکردنەوەی پەپوولە دەکردو بەناوی فلیمی (کۆلێکتەر)ەوە لەسەر شاشەی سینەماکانی شار پێشکەشکرا کە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو سینەمایانە دەرگاکانیان داخراون بەداخەوە.



# گەنجێکی هەڵەبجەیی دەیەوێت ببێتە دیل کارنگی کورد

## خاوەنی پرۆژەی سەرکەوتن: ئێمە بە ڕێگە و تەکنیکێکی دەروونی تایبەت وانە دەڵێینەوە

**کەلسوم حوسێن**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

گەنجێکی کورد پرۆژەیەکی فێرکاری لە هەڵەبجەی شەهید دەستپێکردووەو دەیەوێت لەداهاتوودا پرۆژەکەی بۆ سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان فراوان بکات، ئەویش پرۆژەیەکی فێرکارییە لە بواری بەهێزکردنی مێشک و ستراتیژیەتی فێربوون، بەهێزکردنی یادگە، دەروونزانی هیپنۆتیزم و خۆ خەواندن، یۆگای هاوچەرخ، کۆرسی تایبەت بە زانستی NLP و چەندین کۆرسی دیکە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و ئینتەرنێت.

ماوەی سێ ساڵە بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگایەکی پەرەپێدانی مرۆیی لای ئاوات نەسروڵڵا، گەڵاڵە بووە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە سیستمی فێرکاری هاوچەرخ بێنێتە کوردستان، بەپێی سیستمێکی ورد و نەخشەی ستراتیژی و نوێترین زانستەکانی سەردەمیانەی وەک NLP و TQM کار بکات. ئەو لە ڕۆژی 2009/5/20 بەشێوەی مەیدانی دەستی بە پرۆژەکەی کردو ئێستا ژمارەیەکی زۆر خوێندکار وانە لەلای ئەو دەخوێنن، کە زۆربەیان مامۆستا، خوێندکار، توێژەری کۆمەڵایەتی، یاریدەدەری پزیشکن. خەونیش بەوەوە دەبینێ، پەیمانگەیەکی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان دابمەزرێنێت.

ئاوات،کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە دەڵێ سێ بابەتی سەرەکی لەم پرۆژەیەدا دەخوێندرێن "دەروونزانی کەسێتی سەرکەوتوو -فێربوونی فێربوون، واتە فێربوونی ستراتیژیەتی فێربوون و پەرەپێدانی تواناکانی مێشک و یادگە و فێربوونی زمانە بیانییەکان، لەوانەش زمانی ئینگلیزی".

لە ماوەی یەک ساڵی خوێندن لەو پرۆژەیەدا، ئاوات وانەی 4 ساڵەکەی زانکۆ بە خوێندکارەکانی دەڵێتەوە، هەر خوێندکارێکیش بەشداری پرۆژەکە بکات، مانگی یەکەم 75 هەزار دینار دەدات، بەڵام مانگەکانی دیکە تەنیا 30 هەزار دینار دەدات. کاتێکیش دەبێتە ڕاهێنەر لەو پرۆژەیەدا بە گوێرەی مانەوەی مووچەی پێدەدرێت.

خوێندکارانی پرۆژەکەی ئاوات بەو شێوازە تەقلیدییە ناخوێنن کە لەکوردستان هەیە، ئەو گەنجە ڕەخنە لەسیستمی پەروەردەی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە دەگرێت و دەڵێ لە وڵاتانی دواکەوتوودا زانیاری دەگەیێنرێتە فێرخواز و ئەرکی بەسەرشاندا دەدرێ بەبێ ئەوەی فێری بکەن چۆن مێشک و یادگە بەکاربێنێ بۆ وەرگرتن و تێگەشتن و بە یاد سپاردن. نمونەیەکیش دێنێتەوەو دەڵێ مامۆستا بە فێرخوازەکانی دەڵێت ئەم پارچە شیعرەم بۆ لەبەربکەن، بەڵام هەرگیز پێیان ناڵێت چۆن مێشکیان بەکاربێنن و یادگەیان بەهێز بکەن "بەڵام ئێمە بە ڕێگە و تەکنیکێکی دەروونی تایبەت ئەو وانەیە دەڵێینەوە کە فێرخواز بەبێ ماندووبوون و کات بەفیڕۆدان لەجاران باشتر فریای ئەرکی خوێندنگەکانیان و خولەکەشیان بکەون". گوتیشی "باوەڕمان وایە خوێندکار بە تەنها ئەوماوەیەی لای ئێمەیە فێر دەبێت، دواتر پێویستی بە هەوڵدان نییە".

خوێندن لە (پرۆژەی فێرکاری سەرکەوتن) تاوەکو ئێستا 200 خوێندکار بەشدارییان تێداکردووە. کۆرسەکانی لە پێنج قۆناخ پێکدێ و هەر قۆناخێکیش سێ مانگە، پاش تەواوکردنی قۆناخەکان فێرخواز دەبێتە ڕاهێنەر و دواجار لە پرۆژەکەدا وەک ڕاهێنەر وانە دەڵێتەوە. ئاوات لەم ڕێگەیەوە گرفتی دامەزراندنیش چارەسەر دەکات و دەڵێ ئەوانەی دەبنە ڕاهێنەر، هەر لەنێو ئەم پرۆژەیەدا وانە دەڵێنەوەو مانگانەیان بۆ دابیندەکرێت و پێویستیان بەدامەزراندن لەلای حکومەت نابێت. گوتیشی "ئەگەر حکومەت هاوکار بێت، ئەم پرۆژەیە دەتوانێ تا ڕادەیەک ڕۆڵ لەچارەسەرکردنی گرفتی بێکاریشدا ببینێت".

ژینیا یوسف هادی، 4 مانگە بەشداری لەو پرۆژەیەدا کردووە، سەرەتا بەخەونی فێربوونی زمانی ئینگلیزی چووەتە ئەوێ "بەڵام جگە لە ئینگلیزی فێری زۆر شتی دیکە بووم، بە تایبەت بابەتە دەروونییەکان". ژینیا بانگی فێرخوازانی دیکەش دەکات ڕوو لەو پرۆژەیە بکەن "تاوەکو زیاتر فێر ببن".

ئاوات نەسروڵڵا، وەک ڕاهێنەرێکی کارا و سەرکەوتوو لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی، بەتایبەت زانستی پرۆگرامکردنی زمانی دەماری NLP و دەروونزانی و بواری فێرکاریدا بەردەوامە و تائێستا چەندین سیمینار و کۆرسی پێشکەش کردووەو دەیەوێ لەمەودوا هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بکات. ئاوات جگە لەوە دەیەوێت ببێتە (دیل کارنگی) کورد و بایەخ بەپرسی دەروونزانی و سەرکەوتنی کەسایەتی و پشت بەستن بەخود و لایەنە دەروونی و سایکۆلۆژییەکانی نێو پەروەردە بدات.

سەبارەت بەوانەش کە دەتوانن لەپرۆژەکەی ئاواتدا بەشداری بکەن، ئاستێکی دیاریکراونین و دەڵێ هەموو ئارەزوومەندانی بواری پەرەپێدانی مرۆیی و فێربوونی زمانە بیانییەکان،بەتایبەت زمانی ئینگلیزی دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و بڕوانامە و تائێستاش هەر بەو شێوازە چەندین خوێندکار وەرگیراون.



بۆ لەبەرکردنی تەنوورەی کورت

# کچانی بەغدا ڕوو لە کوردستان دەکەن



**ڕووداو- AP**

ئاژانسی ئاسۆشێیتدپرێس ڕایگەیاند کە زۆر خێزانی عێراقی بۆ هەڵاتن لە دەست توندوتیژیی و تەقینەوە لە شارە گەورەکان و بەتایبەتیش لە بەغدا، گەشتی بەکۆمەڵ بەرەو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخەن و کچانی بەغدایی دڵخۆشن کە لە شارەکانی کوردستان بە ئازادی دەتوانن تەنورەی کورت و جینز لەبەر بکەن.

ئاژانسەکە هەروەها ڕایگەیاند کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێی ئەم گەشتە مەترسیدار بوو، بەڵام ئێستا ڕەوشی ئەمنی لە سەرانسەری عێراقدا گۆڕاوەو بەرەو باشی چووە. هەروەها دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ کارئاسانی زیاتری بۆ هاتنی گەشتیاران لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە کردووەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیش ڕیکلامیان بۆ گەشت و سەیران دەکرد.

بۆ ئەوانەی کە ماندووی دەستی توندوتیژیی‌وپاشماوەی‌شەڕی‌تایفەگەرین، کوردستان نەک هەر پەناگەیەکە، بەڵکو شوێنێکە وزەی کارەبای هەیە، سەرباری ئەوەی سروشتێکی جوانی هەیەو زۆر شوێنی گەشتیاریشی لێیە، ئەوە جگە لە کەمیی ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییانەی هێزە ئیسلامییەکان لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا بەسەر خەڵکیاندا سەپاندووە".

حەیدەر محەممەد عەلی، 36 ساڵ، کە فەرمانبەری حکومەتە لە بەغدا، بە ئاژانسەکەی ڕاگەیاندووە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵی و خێزانی ئامۆزایەکی هاتوونەتە هەولێر و دەڵێت "ئێمە لە خەڵکانی دیکەوە کە پێشتر هاتبوونە هەولێر، بیستبوومان کە چوونە هەولێر وەک ئەوەیە کات لە وڵاتێکی دیکەی دەرەوەی عێراق بەسەرببەی".

لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکی ناوچەکانی باشووری عێراق لە دەرچوون و گەشت بێبەش بوون، هەر کەسێک دەربچووبایە بەرەوڕووی مەرگ دەبووەوە، تەنانەت مزگەوتەکانیش مەیلەو چۆڵ ببوون. ئیدی بە مۆبایل خزم و کەس لە یەکدییان دەپرسییەوە.

زۆر لەعێراقییەکان لەساڵی ڕابردوو ڕوویان کردووەتە شاری سلێمانی بۆ کڕینی جلوبەرگێک کە لە بازاڕەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقدا نین. فیردۆس موراد، 24 ساڵ، دەڵێ وا هەستدەکات لە نێو تەقینەوەکانی بەغدادا خنکاوە، بەرامبەر بە ژینگەی داخراوی کۆمەڵایەتی ئەوێش ناڕەحەتە. خۆی و کچە ئامۆزاکەی جلوبەرگی مۆدێرنیان لەبەر کردبوو کە ناتوانن لە بەغدا لەبەری بکەن. پانتۆڵێکی جینز و تیشێرتی کورتی لەبەر کردبوو، ئامۆزاکەشی تەنوورەیەکی کورتی لەبەرکردبوو.فیردۆس گوتی "هاتووینەتە ئێرە چونکە لە بەغدا هەست ناکەین کە لە بەرگ و پۆشاکدا ئازادین، ئێمە لەوێ هەمیشە لە ڕفاندن و تەقینەوە دەترسین".

گوتیشی "هاتووین بۆ ئێرە تا هەوای ئازادی هەڵمژین، لە ڕاستیدا ئەو گەشتە زۆر زوو تەواو دەبێت، دیسان دەبێ بگەڕێینەوە بەغدا کە ژیان تێیدا هەر تاڵی و ناخۆشییەو هیچ بەختەورییەکی تێدا نەماوە".

لە جەژنی ڕەمەزان دا هەزاران گەشتیار لە شارەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتنە هەرێمی کوردستان، بەرادەیەک کە هۆتێل لەو شارانەدا دەستنەدەکەوتن.

ئاژانسە دەڵێ، لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند، پزیشک، مامۆستای زانکۆ ناوچەکانی دیکەی عێراقیان بەرەو هەرێمی کوردستان جێهێشتووەو، هۆیەکەش ئەوەیە کە لە کوردستان ئاسایش بەرقەرارە.



# کچان دزی لە پێناو خۆشەویستەکانیاندا دەکەن

**لەنیا مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لە نێوەڕاستی مانگی ڕابردوو ساوێن لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. چیرۆکی گیان لەدەستدانی ئەو کچە 20 ساڵییە، تەواو سەرنجڕاکێش بوو، چونکە ئەو لەپێناوی ئەڤینەکەیدا، ناچاربوو پەنا بۆ دزیکردن ببات، کەدزیەکەشی ئاشکرابوو، خۆی سووتاندو چیرۆکی عیشقێکی ناکامی لەدوای خۆی جێهێشت.

ساوێن،کوڕێکی‌هەژاری‌خۆشدەویست،ساڵانی خۆشەویستی نێوانیان بەهیوای ڕۆژی هاوسەری تێدەپەڕین، بەڵام ڕێکار زوو زوو پێیدەگوت لەبەر هەژاری ناتوانێ بچێتە خوازبێنی، بۆیە ڕۆژێک بیرۆکەیەکی سەیر مێشکی ساوێنی تەنییەوە "بۆ لە ماڵەوە بڕێک پارە نەدزم و بیدەمە ڕێکار تا بێتە خوازبێنیم؟". ساوێن لە شەوێکی درەنگدا ئەو بیرۆکەیەی جێبەجێکردو 2 هەزار دۆلاری بۆ ڕێکار دزی "ئیتر وەرە خوازبێنیم". ڕێکار بەڵێن دەدات داخوازی خۆشەویستەکەی جێبەجێ بکات و بچێتە خوازبێنی و بە دونیایەک خەونی ئاڵواڵەوە ساوێن دەنێرێتەوە بۆماڵەوە، بەڵام هەفتەیەک بەسەر دزییەکەدا تێناپەڕێت و ئاشکرا دەبێ.

لە یەکەمین کاردانەوەدا، ڕێگە بە ساوێن نادرێ بچێتەوە قوتابخانە و ڕێگەی چوونە دەرەوەشی پێنادرێ. جگە لەوەش بەردەوام توانجی لێدەدەن و دەیشکێننەوە، بۆیە دواجار ساوێن خۆی دەسووتێنێ و باوکی ساوێنیش، ڕێکار دەداتە دادگاو داوای پارەکەی لێدەکاتەوە. کەسوکارەکەی ڕێکاریش، ماڵی ساوێن بەهۆکاری تاوانەکە دەزانن و دەڵێن "کچی ئێوە کوڕی ئێمەشی تووشی هەڵە کرد".

ئەو دیاردەیەی ئەم چیرۆکەی لەپشتەوەیە، ئێستا لەنێو کچاندا دەگمەن نییەو هەندێک لە کچان بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خۆشەویستە هەژارەکانیان، خۆڵ دەکەنە چاوی کەسوکاریان و دزیان لێدەکەن. کچان بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکانیان سڵ لە هیچ کارێک ناکەنەوە، ئینجا باجەکەی هەرچەند بێ.

زۆری نەمابوو کێشەی نێوان کوردستان و ڕێزان بگاتە دەستی پۆلیس، کە دزیکردن بوو لە پێناوی کوڕێکی هەژاردا. ڕێزان کە کچێکی خواپێداوە، ڕۆژێک کوردستانی کچە هاوڕێی قوتابخانەی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ ماڵەوەو لە ژوورەکەی خۆیدا پێکەوە دانیشتبوون. هەر ئەوەندەی ڕێزان چووە چێشتخانە تا شەربەتێک بۆ هاوڕێ میوانەکەی بێنێت، بیرۆکەی دزینی زێڕەکانی ڕێزان مێشکی کوردستانی داپۆشی. تاکە لەمپەری بەردەم خوازبێنیکردنی کوردستان، هەژاری ئەو کوڕەبوو کە خۆشیدەویست، ئەو دڵنیا بوو لەوەی تەنها زێڕەکانی ڕێزانی هاوڕێی بەسن بۆ ئەوەی بگاتە هاوسەرگیری.

ئەو ڕۆژە کوردستان ماڵئاوایی کردو ڕۆیشتەوە، بەڵام ئێوارێ کاتێک ڕێزان ویستی بچێتە بازاڕ، بۆ خۆگۆڕین چووە بەردەم ئاوێنەکەو پاش خۆ ڕێکخستن زێڕەکانی لەشوێنی خۆیدا نەبینیەوە تاوەکو بیکات بەخۆیەوە "دایە، زێڕەکانم نەماون". ئەم هەواڵە ماڵی ڕێزانی ڕاچڵەکاند و دوای بیرکردنەوەو دۆش دامانێکی زۆر هەموو ڕێگاکان دەچوونەوە لای کوردستان "ڕۆڵە سێ ڕۆژیشە تەنیا ئەو کچەی ڕەفیقت هاتووەتە ئەو ماڵەوە". بۆیە ڕێزان، بڕیاریدا خۆی بگەیێنێتە کوردستان.

ڕێزان بەزوویی چووە لای کوردستان و بەنیگەرانییەوە پێیگوت "زێڕەکانم نەماون". کوردستان بەم قسەیە ڕەنگی تێکدەچێت و هەوڵیش دەدات کۆنترۆڵی خۆی لەدەستنەدات "جا من چووزانم زێڕی تۆ لەکوێیە".

ڕێزان گوتی "کۆڵمنەداو بەردەوام کوردستانم ئاگادار دەکردەوە کە زێڕەکانم بۆ بهێنێتەوە، تا ناچار نەبم پۆلیس ئاگادار بکەم". دوای چەند ڕۆژێک کوردستان بەخوشکێکیدا زێڕەکانی بۆ ناردەوەو، بە خوشکەکەی گوتبوو لەپێناوی کوڕێک ئەوەم کردووە تابێتە خوازبێنیم.

هەندێک لەکچان لەو بڕوایەدان کە کوڕ ئەوە ناهێنێت لە پێناویدا دزی بۆ بکەی. ڕێژنە. س، 23 ساڵ، دەڵێ "پیاو شایەنی ئەوە نییە دزی بۆ بکەی". ڕێژنە پێشتر بە مووچەی مانگانەکەی زێڕی بۆ خۆی کڕیوەو لەماڵەوە گوتوویەتی ئەو کوڕە بۆی کڕیوم، ئێستا پەشیمانەو دەڵێ "ئێستا کە هاوسەرمە، هەر جارێک توڕە ببێت دەڵێ تۆ ئەو کچە نەبوویت لەپێناو من درۆت لەگەڵ ماڵی خۆتان دەکرد".

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دیاردەیە بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕنەوە، دیارترینیان پەیوەندی بە پەروەردەی خێزانییەوە هەیە. دڵشاد مەحمود، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێ، هەمیشە خۆشەویستەکان وا لەخۆشەویستی دەڕوانن کە دەبێ قوربانی لە پێناودا بدەن "بۆیە ئەوەی دزی دەکات بۆ خۆشەویستەکەی، وادەزانێ قوربانی بۆ خۆشەویستەکەی داوە". دڵشاد ئەو جۆرە قوربانیدانە بە "هەڵە" دادەنێ و دەڵێ " لەو کاتەدا بیرکردنەوە نامێنێ و لایەنی سۆز زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵدا و ژیرانە بیر ناکاتەوە".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەو بڕوایەدایە ئەو جۆرە ڕەفتارە دواجار بە زیان بەسەر کچاندا دەشکێتەوەو لەدوارۆژدا ئەگەر ببنە هاوسەریش، کوڕەکە تانە لەکچەکە دەدات "ڕەنگە لەڕووی شەخسیەتیشەوە، کەسایەتی دابەزێت".



# خوێندکاران ڕۆژنامەکان دەکەنە سفرە



**لەیاد قەرەداخی**
**ڕووداو-سلێمانی**

زۆربەی خوێندکارانی بەشە نێوخۆییەکانی سلێمانی، ئێواران لەجیاتی سفرە ڕۆژنامە بۆ نان لەسەر خواردن ڕادەخەن، کە بە ڕۆژ دەیانخوێننەوە. هەندێک لە خوێندکاران ئەوە دەگێڕنەوە بۆ تەمبەڵی خوێندکارو ئاسانی پێچانەوەو فڕێدانی ئەو سفرە کاغەزییانە.

جیهاد جەلال، بەسفرەکردنی ڕۆژنامە بە دیاردەیەکی "ناشیرین" دادەنێ و دەڵێت "هەندێک بابەت لەو ڕۆژنامانەدایە، خوێندکار دەتوانێ بۆ داهاتوو سوودیان لێوەربگرێت". جیهاد جەلال، کە خوێندکاری قۆناخی چوارەمی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە، گوتیشی "زیاتر کوڕان ڕۆژنامە دەکەنە سفرە، چونکە کچان تارادەیەک تاقەتی باشیان هەیە لەسفرە ڕاخستن و ڕێکخستنی خواندا".

زیاتر ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان دەکەونە ژێر ژەمەکانی قوتابییانی بەشە ناوخۆییەکان، بەتایبەتیش ئەو ڕۆژنامانەی بە خۆڕایی دابەشدەکرێن. بەرهەم کەمال، کە لە بەشە ناوخۆیی دەمێنێتەوە، نایشارێتەوە زۆربەی ژەمەکان پەنا بۆ ڕۆژنامە دەبات. بەتێڕوانینی بەرهەم ناکرێ ڕۆژنامە بکرێتە سفرە هەرچەندە بۆخۆشی درێخی لەوە ناکات "ڕۆژنامە بۆ خوێندنەوەیە نەک بۆ سفرە". بەرهەم گوتیشی "بەڕۆژ دەیخوێنینەوەو بەشەویش نانی لەسەر دەخۆین".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان 821 ڕۆژنامە و گۆڤار و وەرزنامە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن. هەرچەندە گۆڤارەکان چانسێکی باشتر لە ڕۆژنامەیان هەیەو ناکرێنە سفرە، کەچی سامان تاڵب دەڵێ "لاپەڕەی گۆڤارم بەدەست پاقلەفرۆشەوە بینیوە".

بە بڕوای سەرچڵ قادری خوێندکاری قۆناخی دووەمی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، یەکێکیتر لەئاسانکارییەکانی ڕۆژنامە کاتێک دەکرێتە سفرە، ئەوەیە کە وەک سفرەی نایلۆن مێش و مووی لێ نانیشێت و ئاسانیش کۆدەکرێتەوە. ئەو خوێندکارە دەڵێ ئێ خۆ ئەگەر نەشکرێتە سفرە ئەو هەموو ڕۆژنامەیە چی لێدەکەی "یان دەبێ بیسووتێنیت یان بیدڕیت، کەواتە باشتر وایە بەر لەوەی بیدڕیت بیکەیتە سفرە".

سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاوێنە) پێیوایە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕۆژنامە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیایە، لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ڕۆژنامەکان کۆدەکرێنەوەو جارێکی دیکە دەکرێنەوە بەکاخەز "بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە فڕێدەدرێن یان دەکرێنە سفرە". شوان محەممەد گوتیشی "ئەمە زیاتر لەبەشە نێوخۆییەکان بەرچاو دەکەوێت و پێویستە خوێندکاران ئەوە بزانن، کە لەڕووی تەندروستییەوە شیاو نییە ڕۆژنامە بکرێتە سفرە". بەبڕوای ئەو ڕۆژنامەنووسە بەکارهێنانی ڕۆژنامە وەک سفرە یان دڕاندنی سەرپێچی یاسا نییە "هەندێک کە بابەتی خۆیان لەو ڕۆژنامەدا بڵاوبووەتەوە هەڵیدەگرن لای خۆیان وەک ئەرشیف، بەڵام خوێنەر چی لێبکات".

هەندێک جار ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆژنامەی لاوازن و خوێنەریان نییە، وەک ڕۆژنامەی سفرە نێودەبرێن. ڕۆژنامەنوسێک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات گوتی "دووساڵ لەمەوبەر چووم دیدار لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد بکەم بۆ ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی، کەچی کەژاڵ پێیگوتم، دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەیەک ناکەم بکرێتە سفرە".

شیلان عومەر عەبدول، توێژەری کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەم دیاردەیە لەدووخاڵدا دەبینێتەوە "ئێستا ئاستی خوێندنەوە لای خوێندکاران دابەزیوەو ناخوێننەوە و لە بەشە ناوخۆییەکانیش خزمەتگوزاری کەم بووەتەوەو خوێندکارانیش زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن".

# گورگە شاراوەکانی سلێمانی دەستگیرکران



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

لە ماوەی حەوت رۆژی رابردوودا دوو باندی دزی و گرووپێک بەنێوی "گورگە شاراوەکان" لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران، ژێدەرێکی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە سلێمانیش رایگەیاند "بەپێی زانیاریەکانمان هێشتا باندی دیکەی دزی ماون دەستگیر بکرێن".

شەوی 2009/11/1 پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی باندێکی 5 کەسی دزیکردنی لە یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری سلێمانی دەستگیرکرد، هەر دوای دەستگیرکردنیان دانیان بەتاوانەکانیان دانا، کە چووبوونە سەر ژمارەیەکماڵی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی و کەلوپەلی ئەو ماڵانەیان دزی بوو.

هەروەها رۆژی 2009/11/6 باندێکی دیکەی دزیکردن لەلایەن پۆلیسی راپەڕینەوە دەسگیرکران، کە بەهەمانشێوە کەلوپەلی ماڵان و کەرەستەی بیناسازییان دزیوەو دانیان بەتاوانەکانیان داناوە. هەمان رۆژ پۆلیسی راپەڕین لەشاری رانییە گرووپێکی چوار کەسییان بەنێوی "گورگە شاراوەکان" دەستگیرکرد، کە ماوەی زیاتر لە مانگێکە ئەو گرووپە هەڕەشە لە هاووڵاتییانی ناوچەکە دەکەن و لەرێگەی بڵاوکردنەوەی نووسراوی هەرەشە ئامێزەوە دەیانترسێنن، هەرچوار کەسەکەش خەڵکی شاری رانیەن.

سەرکەوت ئەحمەد محەممەد، ئەفسەری لێکۆڵینەوەو بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو باندانەی دەستگیرکراون شەوانە لە گەڕەکەکانی زەرگەتە، قرگە، سارداو، کوردسات چوونەتە سەرماڵی هاووڵاتییان و دزییان کردووە. گوتیشی "بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندان هێشتا باندی دیکەی دزیکردن لەناو شاری سلێمانیدا ماون". سەرکەوت ئەحمەد دەڵێ هێزەکانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان شەوانە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا دەسوڕێنەوەو بوار بەو باندانە نادەن بچنە سەرماڵان و گوتیشی "بەهاوکاری خەڵک هەموویان دەستگیر دەکرێن".

لەکۆتایی مانگی رابردووشدا باندێکی دیکەی دزیکردن لەشارۆچکەی عەربەت دەستگیرکران، ئەو باندە دەچوونە سەر رێگە گشتییەکان و خەڵکیان دەرووتاندەوەو کاری چەتەییان دەکرد. بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان گوتی "ئەو باندەی لەعەربەت دەستگیرکران، هەموویان منداڵن".

لەگەڵ دەستپێکردنی سەرما، باندە دزەکان سلێمانیان هەراسانکردووەو هاووڵاتییانیش هەست بەمەترسی دەکەن و ناوێرن شەوان ماڵەکانیان چۆڵبکەن. سەرکەوت ئەحمەد لەبارەی ئەو باندانەوە گوتی "لە 3-5 کەس پێکدێن و زیاتر دزی لەماڵ و دوکانەکان دەکەن".

# قوتابییە کوردە گەڕاوەکانی دەرەوەی وڵات داوای قوتابخانەی تایبەت دەکەن

## باوکی قوتابییەکی گەڕاوە: ئەگەر هاوکاری منداڵەکانمان نەکەن ناچارین بگەڕێینەوە ئەوروپا

مەریوان فەیزوڵڵا ساڵەیی
رووداو-هەولێر

ساڵانە، بەسەدان قوتابی نوێ لە تاراوگەوە رووەدەکەنەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە کوردستان دووچاری سەرئێشەیەک دەبن بەهۆی دەستکردنەوە بە خوێندن لە قوتابخانەو چوونە نێو کەشوهەوایەکی نوێ. ئەمە جگە لە کێشەی نەزانینی زمانی کوردی کە بەهۆیەوە پەنا دەبەنە بەر ئەو قوتابخانانەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام کەمی قوتابخانەی زمانی ئینگلیزی لە هەولێری پایتەخت کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئەوان.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەند قوتابخانەیەکی تایبەتی نێودەوڵەتی لە هەولێر کراونەتەوە. جگە لە قوتابخانەی نێودەوڵەتی شوەیفات و قوتابخانەی نێودەوڵەتی فاخیر مێرگەسۆری، لەم دواییەدا قوتابخانەی نێودەوڵەتی فەرەنسی کرایەوە، ئەمانە چەند قوتابخانەیەکی گەورەی ئەو شارەن. زۆربەی ئەو قوتابخانانە لە باڵەخانەی گەورە و شوێنی تایبەتیدان و مامۆستاکانیشیان بیانین، کرێی ساڵانەی ئەم قوتابخانانەش یەکجار زۆرە.

بۆ زۆربەی ئەو قوتابیانەی بەشێکی زۆری ژیانیان لە دەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکا بردووەتەسەر و لە قوتابخانەی باش بوون، چوونیان بۆ ئەم قوتابخانانە زۆر زەحمەتە، چونکە ئەو قوتابخانانە تازەن و پۆلەکانی سەرەوەیان نییە بۆ قۆناخی ناوەندی، ئەمەش تەنیا یەک رێگەیان بۆ دەهێڵێتەوە، ئەویش خوێندن لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێری نموونەیی، کە حکوومییە.

قوتابخانەی ناوەندی هەولێری نموونەیی، کەوتووەتە سەر شەقامی 40 مەتریی شاری هەولێر، ئەوە تاکە قوتابخانەی حکوومییە بە زمانی ئینگلیزی لە هەولێر کە هەتا پۆلی 12ی تێدایە.

کە پێدەنێیە ئەو قوتابخانە بچووکە، وادەزانی لە قوتابخانەی وڵاتێکی هەژاریت نەک هەرێمی کوردستانی دەوڵەمەند. بینایەکەی یان دەبێ نۆژەنبکرێتەوە یاخود دابخرێت ئەوەندە دارزاوە. ئەو قوتابخانەیە کە ژمارەی قوتابییەکانی 640 قوتابییە هیچ پێداویستییەکی قوتابی دابین ناکات و تەنها باخچەیەکی بچووکی تێدایە.

ئەو قوتابخانەیە ماڵئاوایی لەبەڕێوەبەرە کۆنەکەی کرد و بەڕێوەبەرە نوێیەکەش کە کەمتر لە مانگێکە پۆستەکەی وەرگرتووە، لە هەوڵداندایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابخانەکە.

عەبدولڕەزاق تەڵعەت عوسمان، بەڕێوەبەری نوێی قوتابخانەی ناوەندی هەولێری نموونەیی لە نووسینگە پاکەکەی خۆی گوتی" ئاسایی نییە قوتابخانەیەکی نموونەیی وەک ئەوەی ئێمە لە بارودۆخێکی خراپدا ببینیت".

ئەو بەڕێوەبەرە نوێیە لەڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە، لە هەوڵداندایە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی ئاوایی قوتابخانەکەیان "داوام لە وەزیری پەروەردە کردووە شوێنی قوتابخانەکەمان بگوازنەوە و پێداویستی نوێشمان بۆ دابین بکرێ".



دیمەنێک لە پۆلێکی قوتابخانەی نموونەیی هەولێر (فۆتۆ:رووداو)

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری نوێ، بەڕێوەبەرایەتی کۆن ئەوەندە کاریان بۆ کێشەکانی قوتابخانە نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی چەندین قوتابی بەهرەمەند لەو قوتابخانەیە دەخوێنن، ناوبراو بە خۆشحاڵییەوە گوتی" ساڵی رابردوو چوار لە قوتابییەکانمان لە باشترین قوتابییەکانی سەرجەم عێراق بوون".

عەبدولڕەزاق ئەوەشی درکاند لە کۆی ئەو 650 قوتابییە کچ و کوڕەی لەو قوتابخانەیە دەخوێنن، 100 قوتابی لەو کوردانەن کە لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕاونەتەوە "زۆربەیان لە هۆڵەندا، ئەڵمانیا، ئەمریکا، بەریتانیا و سویدەوە هاتوون، ئێمە بە بیانی بانگیان ناکەین وەک هەندێ کەس بەوشێوەیە ناویان دەنێن، ئێمە ناومان ناون ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هاتوونەتەوە".

یەکێک لەو قوتابیانەی لە دەرەوە هاتووەتەوە ناوی محەممەد نازم حوسێنە، ئەو لە ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوە کوردستان، محەممەد لەبەر بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە، بەڵام حەزیشی لە کوردستانە و تاکە کێشەی قوتابخانە نوێیەکەیەتی " قوتابخانەکەمان زۆر خراپە"، ئەو قوتابییە تەمەن 17 ساڵە بەو هیوایەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ ئەو قوتابیانە بکاتەوە کە لە دەرەوەی وڵاتە گەڕاونەتەوە.

کچە قوتابییەک بەنێوی نیگا سەربەست عومەر، کە ئەویش بە هەمان شێوە لە دەرەوەی وڵات گەڕاوەتەوە، بە هاتنەوەی بۆ کوردستان دڵخۆشە. ئەو کچە تەمەن 14 ساڵەی پۆلی 10، دەڵێ" خۆشە ئێستا هەموو رۆژێک ئەو کەسانە دەبینم کە جاران تەنیا دوو ساڵ جارێک دەمبینین".

بەپێی قسەی نیگا، مامۆستا خۆماڵییەکان، کێشەیان هەیە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و هەموویان "شێوەیەکی ئاڵۆزی قسەکردنیان هەیە". ئەو کچە قوتابییە دەڵێ ئەو کێشەی لەگەڵ وانەکانی کوردی، عەرەبی، ئایین و مافی مرۆڤ هەیە، لەبەرئەوەی ئەو وانانە نوێن بۆ ئەو " قوتابخانەکەمان، بەرنامەیەکی نوێیان داناوە لە دوای دەوامی یاسایی خۆمان بۆ ئەو قوتابیانەی لە دەرەوە هاتوونەتەوە تاوەکو زمانی کوردی و عەرەبی لە سەرەتاوە بخوێنن".

قوتابییەکی دیکە بەناوی شیلا فەیزوڵڵا رەفیق کە هەموو ژیانی لە هۆڵەندا بردووەتە سەر و چەند ساڵێکیش لە ئیمارات بووە، چەند مانگێک لەمەوپێش گەڕاوەتەوە کوردستان. ناوبراو پێیوایە هەولێر و هەموو عێراق خۆش نییە لەچاو ئەو شوێنانەی ئەو لێی ژیاوە، شیلا بە ئینگلیزییەکی ئەمریکییانەی زۆر جوان دەڵێ" حەزم لێرە نییە، لەبەرئەوەی هیچ شوێنێکی کات بەسەربردنی خۆش نییە بۆ گەنج، خەڵک لێرە زۆر جیاوازن"، بەقسەی ئەو، هەندێ لە مامۆستاکانیان بە کوردی قسە دەکەن لەکاتێکدا وانەی ئینگلیزی دەڵێنەوە. شیلا دەپاڕێتەوە و دەڵێ" داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە قوتابخانەیەک بۆ ئەو قوتابیانە دروست بکات کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە و نازانن بە زمانی کوردی بخوێنن".

یەکێک لە هاورێکانی شیلا بەناوی سارا عیماد تەها، ئەویش کێشەی لەگەڵ ئەو قوتابخانەیە هەیە، ناوبراو قوتابی قۆناخی 10یە و لەم ماوەیەدا لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە" حەزم لە ژیانی کوردستانە، بەڵام حەزم لە قوتابخانەکە نییە".

یەکێک لە باوکی قوتابییەکان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات داوای لە حکوومەت کرد زیاتر بایەخ بەو قوتابیانە بدات کە لە تاراوگەوە هاتوونەتەوە، داواشیکرد " ئەگەر حکوومەتەکەمان دەیەوێت خزمەتی میللەتەکەی بکات، دەبێ ئەوان خزمەتی منداڵەکانمان بکەن و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکەن، ئەگەریش ئەوان بەمزووانە یارمەتیمان نەدەن، ئێمە هیچ رێگایەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوروپا، بۆچی ئێمە داهاتووی منداڵەکانمان بفەوتێنین".

باوکێکی دیکەش پێیوایە پێویستە حکومەت هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانە هانبدات لە کوردستان بمێننەوەو ئەوانی دەرەوەش هانبدات بگەڕێنەوە. رووناک بەرزنجی کە مامۆستایەکی کۆنە و لەگەڵ خانەوادەکەیدا لە هۆڵەندا گەڕاوەتەوە، دەڵێ "دەبێ حکوومەتەکەمان خۆشحاڵ بێت بەوەی ئەو خێزانانە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، هەر بۆیەش دەبێ هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی لێرە بیانهێڵنەوەو پێداویستییەکانیان بۆدابین بکەن، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە".

هەروەک بەو وێنانەوە دیارە کە بە دیواری هۆڵی قوتابخانەکەوە هەڵواسراون، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئەم قوتابخانەیەی کردووە. قوتابییەکی 11 ساڵ کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەوبارەیەوە گوتی" ئێمە سەرۆک مەسعود بارزانیمان خۆشدەوێت، ئەگەر ئەو بە کێشەکانمان بزانێت، چارەسەریان دەکات، توخوا دەنگی ئێمەی پێ بگەیێنە ".

# قوتابخانەکانی کوردستان هێشتا سەلامەتن

## پەروردەی گشتیی هەولێر: ئەنفلۆونزای بەراز نەگەیشتووەتە قوتابخانەکانی ئێمە و ئەوەی ئامادەیی زەهرای کچانیش ئەنفلۆنزای بەراز نەبوو

بارزان محەممەد
رووداو-هەولێر

بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن لە ئامادەباشی تەواودان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز. بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەش رەتیدەکەنەوە کە لەبەر ئەنفلۆنزای بەراز دەوامی هیچ قوتابخانەیەک راگیرابێت.

پەتای ئەنفلۆنزای بەراز، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبووەتەوە، بە جۆرێک لە هەندێک وڵات پەتاکە ئەوەندە بڵاو بووەتەوە کە وازیان لە ژماردنی تووشبووان هێناوەو، تا ئێستا 5700 کەس لە جیهان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی N1H1 کە بە پەتای ئەنفلۆونزای بەراز ناسراوە، گیانیان لەدەستداوە. عێراق و کوردستانیش بەدەر نین لەو پەتایە و تائێستا 11 کەس تووشبوون، کە پێنجیان کوردبوون و دانیشتووی شاری سلێمانین، کە لە کاتی گەشتێکیان بۆ ئەمریکا دووچاری پەتاکە بوون، بەڵام هەر زوو لە ئوردن چارەسەرکران.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند بە گومانی هەبوونی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز، پۆلی 10ی ئامادەیی زەهرای کچان لە هەولێر بۆ ماوەی سێ رۆژ داخرا، بەڵام هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی بێ ئاگایی خۆیان لەو بارەیەوە راگەیاند.

کەریم مودەڕیس، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پەروردەی گشتیی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە هیچ حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای بەراز لەنێو قوتابیانی شاری هەولێر تۆمار کرابێ و گوتی "ئەو دەنگۆیەی گوایە لە ئامادەیی زەهرای کچان قوتابیان تووشی ئەنفلۆنزای بەراز بوون راست نییە، ئەو قوتابیانە تووشی ئەنفلۆنزایەکی ئاسایی ببوون، دوای پشکنین دەرکەوت کە حالەتی ئەنفلۆنزای بەراز نەبووە، ئێستا قوتابییەکان دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن".

د.جەمیل عەلی رەشید، بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی راگەیاند لە نێوەڕاست و باشووری عێراق چەند حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای بەراز تۆمار کراون، بەڵام لە کوردستان تەنیا هەر ئەو پێنج حاڵەتەی پێشووترە کە لە سلێمانی تۆمار کرابوو. گوتیشی "لە عێراق چەندان قوتابخانە بەهۆی ئەنفلۆونزای بەراز داخراون".

دکتۆر جەمیل، ئاماژەی بەوەشکرد کە بەپێی رێنماییەکان ئەگەر لە پۆلێک حاڵەتێک بە فەرمی ناسێنرا کە ئەنفلۆونزای بەرازە ئەوا ئەو پۆلە دادەخرێت، ئەگەر لە چەند پۆلێک هەبوو ئەوا خوێندنگاکە بە تەواوەتی دادەخرێت و خوێندکارەکانیش بۆ ماوەی یەک هەفتە دەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکی.

پێشتر وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاندبوو پێشبینی دەکرێ لە پاییزی ئەمساڵ نیوەی خەڵکی کوردستان تووشی ئەو پەتایە ببن، بەڵام پتر لە مانگێکی وەرزی پاییز تێپەڕیووەو، تاوەکو ئێستا پەتاکە بەوشێوەیەی چاوەڕان دەکرا نەگەیشتووەتە کوردستان.

د.خالیس قادر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی لەو بارەیەوە گوتی "ئەو پێشبینییەی رامانگەیاندبوو، پێشبینیەکی جیهانییە و تەنها هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، هەرێمی کوردستانیش لەجیهان بەدەر نییە و مەبەستیش لە بڵاوبوونەوەی ئەوە نییە هاووڵاتیان ترسیان لەنەخۆشیەکە هەبێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆیان لە ئەگەری تووشبوون بپارێزن و هۆشیارانە مامەڵە بکەن".

لەبارەی خۆپارێزیشەوە د.خالس گوتی "پێویستە هاووڵاتیان بەردەوام پاکوخاوێنی خۆیان بپارێزن و دەستیان بشۆن، خۆیان دوور بگرن لە تەوقەکردن و ماچکردن، کە هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەیە".

سەبارەت بە ئامادەکاری وەزارەتیش بۆ رێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە، د.خالس گوتی "ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە و لە تواناماندا هەیە ئەگەر 500 هەزار کەس دووچاری نەخۆشییەکە بێ بیانخەینە ژێر چاودێری تەندروستی". راشیگەیاند"جگە لە هێنانی چەند ئامێرێک بۆ کۆنترۆڵکردنی پەتایەکە، چەند ئامێرێکی تاقیگەشمان کڕیوە کە سەرجەمیان لە سنوورەکان و فرۆکەخانەکان دادەندرێن، ئەو کەسەی ئەم پەتایەی هەبێت لە رێگەی شاشەوە پیشانی دەدات و حاڵەتەکە دەستنیشان دەکات".

وەزارەتی پەروەردە بۆ هوشیارکردنەوەی مامۆستایان و قوتابیان لە بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆونزای بەراز تائێستا چەند خولێکی هۆشیاری کردووەتەوە. عەبدوڵڵا سابیر، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی یونسێف، خولی هۆشیاریان بۆ زیاتر لە 6 هەزار مامۆستای زانستەکان کردووەتەوە تاوەکو باسی مەترسی ئەو پەتایە و چۆنیەتی خۆپاراستن لێی لە ناوەندەکانی خوێندندا بکەن. گوتیشی "تائێستا هیچ حاڵەتێکی ئەنفلۆونزای بەراز لە نێو ناوەندەکانی خوێندن تۆمار نەکراوە".







هەرمان خالید- تۆرۆنتۆ

# ئارامی و چەک و بازگە

پێشکەوتن و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی لە وڵاتێک نایەنەدی ئەگەر ئەو وڵاتە هێمن و ئارامی تێدا نەبێ. کوردستان وەک هەمووماننان بە حکومەت و خەڵکەوە دەزانین، تەواو ئارامە و شوێنی ئەوەیە بێ ترس ژیانی تێدا بکەین. دروستبوونی سەرمایەی ناوخۆ و هاتنی سەرمایەی بیانی و ئەو هەموو رێکخراوە بیانییە، گەواهیدەری ئەو راستیەن.

بەرپرسانی کوردستان بەردەوام بۆ وەفدە بیانییەکان دووپات دەکەنەوە، کە دەتوانن بێ ترس و دڵەڕاوکێ بێنە کوردستان و کاری خۆیان بکەن. وابزانم زیادەڕەوی نییە گەر منیش جەخت لە قسەی ئەوان بکەمەوەو بڵێم کوردستان و تەواوی ئەوروپا وەک یەک ئارامن. وەلێ ئەو ئارامییەی ئەوروپا و کوردستان تەواو لێکجیان. لێرە مرۆڤ هیچ شتێکی وانابینێ، لێی بترسێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئارامی و ئاسایش وەک کارەبا و ئاو کەس لە ئێمەمانان هەر هەستی پێ ناکەین (زیاتر مەبەستم ئێمەی کوردانی باشووری کوردستانە)، چونکە وەک شتێکی مەعنەویان لێهاتووە و بە چاو نابینرێن. دەسەڵاتدارانی ئەوروپاش، وەک لای خۆمان بە چاوی میللەتی دانادەنەوە.

لەم سەری ئەوروپا بۆ ئەوسەری ئەوروپا برۆ، بازگەیەک نابینی، مەگەر بازگەی کاتی، کە ئەوانیش تەنیا بە دوای نەفەر و باری قاچاغ دا دەگەڕێن. تەنیا چەکێک نابینی، وا هەست دەکەی تەواوی ئەوروپا چەکی لێ نییە! وەلێ لە کوردستان، بەماوەی چوار پێنج کاژێر ئەمسەر و ئەوسەری دەکەی، زیاد لە 10 بازگە و چەک و جبەخانە دەبینی، پۆلیس و پێشمەرگە دەبینی وادەزانی لە بەرەی شەڕ راوەستاون و چاوەڕێی فرمانی ئەفسەرەکەیانن! کە دەچییە فرۆکەخانەکان، کە بە ناو مەدەنین، وەزعەکە زۆر خراپترە، یەکێک ئەگەر فرۆکەخانەکانی ئەوروپای بینیبێ، وادەزانێ ئەوانەی کوردستان، قاعیدەی ئەمەریکییە و فرۆکەکانی دەردەچن بۆ بۆردومان کردنی دوژمن!

من لەوە تێدەگەم، کوردستان وەک وڵاتانی ئەوروپا دەوڵەت نییە و ئیمکانیاتی سنورداره و دوژمنی نزیکی زۆرن، بەڵام ئەوە رەوایی نادا، کە بەردەوام تاکی کورد، لە ژێر رەحمەتی کلاشینکۆف و بی کەی سی بن. ئاخر ئەو میللەتە ئەوەتەی هەیە، لە ژێر زەبری کلاشینکۆف و پۆستاڵی سەرباز دایە، من بێ گومانم لە ناخی هەر تاکێکی کورد، هەزاران تف و نەفرەت لە چەک هەیە. چەکیش کاری کوشتنە و هەر چەکە چ بەدەستی دۆستەوە بێ چ دوژمن.

حکومەتی کوردستان حەقی خۆیەتی، بازگەی سنورەکان بە توندترین شێوە توند بکا، چونکە ئەگەر وانەکرێ، ئەوا تیرۆرست و ناحەزانی کورد ئەو سێ شارەیش بە دەردی بەغدا و موسڵ و ئەنبار دەبەن، کە هیچ کوردێک ئەمە ناخوازێ. لە هەمان کاتدا حەقی خۆیەتی لە ناوخۆش چاودێری کەسانی بەد بکا. وەلێ گوناهی پێنج ملیۆن تاکی کوردستان چییە تا بە ئاگری 50 کەسی خۆفرۆش بچن؟ بۆ دەبێ بەهۆی گەڕان بە دوای ژمارەیەکی زۆر کەم، سەر لەبەری گەلی کوردستان ئۆقرەی لێ هەڵبگیرێ و بەردەوام مرۆڤکوژ (چەک) ببینێ؟ ئاخر رۆژانە بینینی چەک، ئەگەر یەک مانای هەبێ، ئەوەیە کە ئارامی لەو شوێنە نییە.

لە ئەوروپا پۆلیس دەمانچەی لەنێو ئۆتۆمبێل داناوە، ئەوان چەک تەنیا بۆ حاڵەتێکی ترسناک بەکاردێنن، ئەوەش زیاتر بۆ بەرگرییە نەک هێرش. لێرە کەس رقی لە خودی کەسەکە نییە، چونکە باش دەزانێ ئەوە کەسەکە نییە غەدری لێکردووە، ئەوە یاسایە و ئەوان لەسەری دەڕۆن، واتا ئەگەر نارازی بن، ئەوا نارازین لە یاساکان، بۆ ئەمەش هۆکاری وەک خۆپیشاندان و مانگرتن بەکاردێنن.

بەو عەدالەتەی دروستیان کردووە، کەس خۆی بە مەغدور و ماف خوراو نازانێ. ئەوان لە سەرۆک تا منداڵیکی فامکردوو، خۆیان بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانن، ئامادەن بە کردەوە خزمەتی بکەن، لە باوکیشیان قبوڵ ناکەن کارێک دژی وڵاتەکەی خۆی بکات. لێرە هەر چوار ساڵ جارێ تەواوی بەرپرسە باڵاکان دەگۆڕێن، واتا هێند زۆرن دژەکانیان پێڕاناگەن دەست لە هەموویان بوەشێنن، وەک لای خۆمان نییە، نزیکەی بیست ساڵە، کەمتر لە 100دەموچاو حوکمی کوردستان دەکەن و ناگۆڕێن، تەنیا بۆیاغی سەریان دەگۆڕێ.



فۆتۆکانی ئارام لە قشڵە ببینە

رووداو - کەرکووک
لە شاری کەرکوک پێشانگەیەکی تایبەتی فۆتۆگرافی، هونەرمەندی فۆتۆگرافەر ئارام غەفور دەکرێتەوە. رۆژی 2009/10/10 فۆتۆگرافەر ئارام غەفور پێشانگەیەک لە هۆڵی (قشڵە)ی شاری کەرکوک، بەهاوکاری کۆمەڵەی رووناکبیریو کۆمەڵایەتی کەرکووک دەکاتەوە، پێشانگەکە 140 وێنەی جوانترین چرکەساتەکانی خودی سروشتو گیاندارانی ئامێزی سروشت لەخۆدەگرێت.
ئارام لەساڵی 1969 لە سلێمانی لەدایکبووە، ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی تەواوکردووە،لە 1996 خولیای وێنەگرتنی کەوتۆتەسەرو بەردەوام بەکامێرای M5 و M7 و تا کامێرای سیستمی HD کاریکردووە.

# خۆری لوبنان دەگاتە کوردستان



نیو ملیۆن دۆلارمان نەداوە بۆ هێنانی نەجوا کەرەم بۆ کوردستان
ماریۆ ئەبی نەخول

**رووداو- هەولێر**

بەرپرسـێکی کۆمپانیای بابیلۆن رایگەیاند کە رۆژانی 3 - 2009/12/4 هونەرمەندی ناسـراوی عـەرەب ولوبنانی نەجوا کـەرەم دوو ئاهەنگ لە هەولێر و سلێمانی ساز دەکات.

ماریـۆ ئەبی نەخول، لە کۆمپانیای بابیلۆن کە کۆمپانیایەکی لوبنانییەو بانگهێشتی نەجوا کەرەمی کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند نەجوا دوو کۆنسێرت لە کوردستان ساز دەکات یەکێکیان لە هەولێر لە رۆژی 12/3 لە هۆڵی های سیتی، رۆژی دواتریش لە رێستورانتی ئۆسکار لە سلێمانی کۆنسێرتێکی دیکە ساز دەکات.

نەخـول ئامادەنەبـوو بڕی ئـەو پارەیەی بۆ ئەنجامدانـی ئەو دوو کۆنسـێرتە دەدرێتە نەجوا ئاشـکرا بکات، بەڵام گوتی " ئەو بڕە پارەیە نیو ملیۆن دۆلار نییە وەک بڵاوکراوەتەوە" . گوتیشـی هێشـتا نرخی بلیتـی کۆنسـێرتەکانمان دیاری نەکردووە . نەخول ئاشکرایکرد کە نەجوا گرووپێکی سەماکارو 20 میوزیک ژەن لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئاماژەی بەوەشـکرد کە هاتنی ئـەو گۆرانیبێژە سەرەتایەکە بۆ هێنانی کۆمەڵێک گۆرانیبێژی دیکە " ئێمە دەمانەوێ پەیوەندییەکی هونەری بەهێز لە نێوان کوردستان و لوبنان دروست بکەین" . بڕیاربوو نەجوا کەرەم کە نازناوی ( خۆری لوبنان و گۆرانی عەرەبی-شـمس لبنان والاغنیة العربیة)ی لێنراوە لە جەژنی رەمەزاندا بێتە کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی لـەو کاتدا ئاهەنگـی هونەرمەندی ئێرانی موعین وهونەرمەند جەمشـید هەبوو، هاتنەکەی دواخرا بۆ جەژنی قوربان.

نەجوا لە ساڵی 1966 لە شاری زەحلەی لوبنان لە بنەماڵەیەکی مارۆنی مەسـیحی لە دایک بووە، 18 ئەلبووم و کاسـێتی هەیە، سـاڵی 2002 بە پێچەوانەی ویستی بنەماڵەکەی و بەنهێنی شووی بە کوردێکی لوبنانی کرد بە ناوی یوسـف حەرب کە بەڵێندەری ئاهەنگ و کۆنسێرتی گۆرانیبێژانی لوبنانییە و لە کەنەدا نیشتەجێیە، شووکردنی نەجوا هەرایەکـی گەورەی لە لوبنان و لە نێو راگەیاندنی لوبنانی و عەرەبی نایەوە بە هۆی ئەوەی بنەماڵەی نەجوا دژی شووکردنەکەی بوون چونکە مێردەکەی ژنی هەبوو و موسڵمانیش بوو. دوای چەند ساڵێک لەیەکتر جیابوونەوە.

# کاروان دەڵێ بەسە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو ـ هەولێر**

کاروان هەورامی یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی توانی بەگۆرانی (دڵـم زۆر تەنگە) زۆرترین گوێگر لەخۆی کۆ بکاتەوە، کاروان کە ماوەیەک لەمەوبەر دەنگۆی مردنی بڵاوکرایەوە، ئێستا لە کوردستانە.

گۆرانیبێژ کاروان هەورامی کە یەکەمجارە دێتە کوردسـتان، لەبـارەی نوێترین کاری هونەری خۆی بۆ (رووداو) گوتی "دوای ئەوەی توانیم لەگۆرانی (دڵم زۆر تەنگە) گوێگرێک بۆ خۆم بدۆزمەوە، ئێستا کۆتاییم بە ئەلبوومێکی گۆرانی هێناوە بە ناوی (بەسە)، هۆنراوەکانی ئـەو ئەلبوومە لەلایەن شـاعیر (گۆڤەند)و سـەرجەم ئاوازەکانیشی لەلایەن (کارزان)ی برامەو دانراون" .

لەبارەی ناوەڕۆکـی ئەلبوومەکە، گۆڤەند بەڕێوەبەری کارەکانی کاروان بۆ (رووداو) گوتی "ئەلبوومی (بەسە) لە7 گۆرانی پێکهاتووە کە بەشێوازێکی زۆر پرۆفیشناڵ کاری بۆ کراوە، هەروەها گۆرانی (بەسـە) بە شێوازێکی زۆر مۆدێرن کلیپکراوەو بریارە لەگەڵ کۆمپانیایەک رێکبکەوین بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە" .

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

**کاوڕ**
Mar 21–Apr 19
دەرفەتی باشتان بۆ هەڵدەکەوێ،کارەکانتان پێشـبخەن و باری دەروونیتـان ئارام دەبێت، لە باری سـۆزدارییەوە دەرفەتێکی گونجاوتان بۆ دروسـتدەبێت کە پێشـتر لەو هەوڵەتاندا سەرکەوتوو نەبوون.

**تەرازوو**
Sep 23–Oct 23
لەگـەڵ ئـەوەی گرفتێکـی سـەرەکی نابینن،کەچـی هەسـت بە بێـزاری دەکەن، بـاش نییە بەهۆی بێزاری بڕیاری دەسـت لە کارکێشـانەوە لە کارێک بدەن . ئەنجامدانتان چەنـد دوا بکەوێت مـوژدەی سـەرکەوتنی باشترتان پێدەبەخشێت.

**گا**
Apr 20–May 20
بەسەرسـامییەوە تێبینی ئەو گۆڕانکاریانە دەکەن کە لە چواردەورتان روودەدەن، کەسانی بەرامبەرتان دڵسۆزی خۆیان بۆ ئێوە دەردەبڕن و کات دەگونجێـت بیـرورا ئاڵوگۆڕبکـەن. لەکاریشدا ئاسانکاریتان بۆ دەکرێ.

**دووپشک**
Oct 24–Nov 21
هەست بە چالاکییەکی زۆر دەکەن، سەرەتای هەفتە چەندین دڵخۆشـیتان دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانە نوێیانەوە و دەتوانن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە، ڤینۆس لـە بورجەکەتاندا وا دەکات لە هەموو جێگەیەک خۆشەویستی و هاوسۆزی بدۆزنەوە.

**جمک**
May 21–Jun 21
دەتوانن قەرەبـووی کارە کەڵەکەبووەکانی پێشـووتان بکەنەوەو ئەو گرفتانە چارەسەر بکەن کە لەنێوان ئێوە و بەرپرسەکانتاندا هەیە، لایەنی سـۆزداریتان وەک خۆی دەمێنێتەوەو پێویستە ئاگادری هاوسۆزەکانتان بن.

**کەوان**
Nov 22–Dec 21
باشـترین کاتـە بـۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانـەی کـە تێیـدا گەورەبوونـی کەسایەتیتان نیشانبدات، گرنگی تەواو بە تەندروسـتیتان بدەن چونکە لەم ماوەیەدا هێزی بەرگری دادەبەزێت.

**قرژاڵ**
Jun 22–Jul 22
ماوەیەکی زۆر باشـە بـۆ هەموو کارەکانی ژیانتـان بەتایبەت پەیوەندی و هاوسـۆزی لە هەموو جێگەیـەک روووبەڕووتـان دەبێتەوە، کەسـایەتیتان خۆشەویسـت دەبێ و دەتوانن سـوودی لێوەربگرن بـۆ بەرەوپێشـچوونی کارەکانتان.

**کارژۆلە**
Dec 22–Jan 19
بـاری کارکـردن هیچ گرفتی تێـدا نییە و دەتوانـن کارەکانتان زیاتر بکـەن، بڕوا بە خۆبوونتان بۆ دەگەڕێتەوە بەهۆی سەرکەوتنی زۆری کارەکانتـان. کەمتەرخەمی لە کارەکان مەکەن، چونکە دەرفەتی ئەوها باشتان زۆر کەم بۆ دووبارە دەبنەوە لە ژیان.

**شێر**
Jul 23-Aug 22
کاتێکی باشی ژیانتانە، گرفتەکان کۆتاییان پێدێـت و دەچنـە کەشـێکی نوێـوە، کار و هەنگاوەکان بە توانای خۆتان بە ئەنجامدەگەن چونکە ئەگەر لایەنـی یارمەتیدەرتان نییە لە هەمانکات رێگری و بەربەستیش نابێت.

**سەتڵ**
Jan 20— Feb 18
بڕیارەکان دەکەونەوە دەسـت خۆتان، چەندیـن دەرگا بە رووتانـدا دەکرێنەوە، کاتێکی گونجـاوە بۆ ئـەوەی پلەیەک لە جێگـەی کارەکانتـان بەرز ببنـەوە یان بەرپرسیاریتان زیاد بکات.

**گوڵەگەنم**
Aug 23–Sep 22
بیر لە چەند رێگەیەک دەکەنەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەنجامی کۆتایی، وا باشـە زیاتر بیری لێبکەنەوە و پشتیوانی دروسـت بکەن . لەم هەفتەیەدا چەندین کاری نوێ تاوتوێ دەکەن.

**نەهەنگ**
Feb 19–Mar 20
بە ئاسـانی پەیوەندیتان لەگەڵ جێگە دوورەکان بـۆ دەرەخسـێت و هەندێکتان دەتوانن سەفەر بکەن، پێویستە زیاتر هێمن بن لەگەڵ دەوروبەرتـان و رەنگە لەلایەن هەندێکیانەوە بێزار بکرێن.

**بەگشتی :**
لەم ماوەیەدا ئاساییە بیر لە کاری نوێ بکەینەوە، چونکە چالاک دەبین بۆ ئەنجامدانیان و رێڕەوی کارەکان باشن و نشوستی هێنان رێژەی کەم دەبێتەوە.
هەموو ئەوانەی بڕیاریانداوە دەست بەهەر جۆرە خوێندنێک یان خولێکی فێر بوون بکەن بۆیان باشە.
بوارەکانی سۆزداری دەبنە یەکێک لە پێویستییەکانمان، پێویستە خێزانەکان ئەو بۆشاییە بۆ هاوسەرەکانیان پڕ بکەنەوە، چونکە لە دەرەوە بە ئاسانی ئەو بوارە دەدۆزرێتەوە.
کورتە سـەفەرو سـەردانەکان باش دەبن و دەتوانین بەئاسانی لەو شتانەی چواردەورمان تێبگەین کە پێشتر بەلامانەوە نامۆ بوون.

# ئۆباما خاوەنی 3 ملیۆن و 700 هەزار دۆلارە



**رووداو-رۆیتەرز**

بـە پێـی راپۆرتێـک کـە لە بـارەی سامانی بەرپرسـانی بەڕێوەبەرایێتی ئۆباما بڵاوکراوەتەوە . سەرۆکی ئەمەریکا خاوەنی 3 ملیۆن وحەوتسەد ملیۆن دۆلارە .

لەو راپۆرتەی کەلەسەر سامانی بەرپرسانی ئێسـتای ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری بۆرسە ماری سچاپیرۆ کە سەرپەرشتی بازاڕی دارایی The Wall Street دەکات دەوڵەمەنترین بەرپرسی ئەمەریکایە کە پتـر لە 26 ملیـۆن دۆلاری هەیە . دوای ئەو وەزیری دەرەوە هیلاری کلینتن دێت کەخاوەنی 21 ملیۆن و500 هەزار دۆلارە، ئینجا داواکاری گشتی ئەمەریکا ئێریک هۆڵدەر کە 11 ملیۆن ونیو دۆلاری هەیە . دوای ئەویش باراک ئۆباما دێت کە سـامانەکەی 3 ملیۆن وحەوتسـەد ملیۆن دۆلارە .

بەپێی راپۆرتەکە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزێف بایدن لە هەموو بەرپرسەکان هەژارترەو سامانەکەی تەنها 27 هەزار دۆلارە .!

# تورک زمان درێژن



**رووداو- تاما**

پیاوێکی بەرەگەز تورک دەیەوێت لە زمان درێژی ناسناوی پێوانەیی جیهانی وەک خاوەن درێژترین زمان لە پیاوێکی رەگەز بەریتانیی بستێنێت.

عەلائەدین ییل تەمەن 35 ساڵ، کە پیشەی سەرتاشیە و خەڵکی تورکیایە درێژی زمانی 13.5 سـەنتی مەترە و هەموو ئارەزووشی تۆمارکردنی ناوەکەیەتی لە کتێبی گینس بۆ پێوانە جیهانییەکان، وەکو خاوەن درێژترین زمان لە جیهانـدا. ئەو پیـاوە بەریتانیەی خاوەنی نازناوی زماندرێژترین کەسە لە جیهان ناوی (ستیڤن تایلۆر)ـە و درێژی زمانی دەگاتە 13.4 سەنتی مەتر. ئەو پیاوە تورکە بەرزی باڵای 165 سەنتی مەترەو درێژی زمانیشی بە قەد نزیکەی 10% بەرزی باڵایەتی.

# دڵیان مەشکێنن

**رووداو- AFP**

هەشتا کچی پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی نازناوی شاجوانی ئەمساڵی جیهان، گەیشتنە فلپین، کە دروشمی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بریتییە لە ژینگەپارێزی. لە نمایشـکردنیان لە بەردەم میدیاکانی جیهان، سـەرجەم پاڵێوراوەکان تابلۆیەکیان بەرزکردبووەوە بۆ ئەوەی جیهان ئاگادار بکەنەوە کە ژینگەی وڵاتەکان بە پاکی بپارێزن و لە یەکێکیان نووسرابوو "بایسکل، کەمبوونەوەی یەک ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکان بەمانای کەمبوونەوەی کاربۆن دێت..... بۆ هەوایەکی پاک" .




# دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو

**رووداو- هەولێر**

بۆ زیاترناساندن و ئاشناکردنی فیلمی سینەمایی کوردی بەجیهانی دەرەوە، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستان هەفتەی فیلمی کوردی لەشاری زیورخی وڵاتی سویسرا ساز دەکات.

ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری گشتی سینەما لەوەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردسـتان بە (رووداو)ی راگەیاند لە هەفتەی یەکەمی مانگـی 4ی 2010 بەڕێوەبەرایەتی گشـتی سـینەمای وەزارەتی رۆشـنبیری حکومەتی کوردسـتان، هەفتەیەک بۆ نمایشی فیلمی کوردی لەشـاری زیورخی وڵاتی سویسرا ساز دەکات بەمەبەستی ناساندنی فیلمی کوردی.

لـەو هەفتەیەدا نزیکەی 50 فیلمـی دۆکۆمێنتی و فیلمی درێژو کورتەفیلـم نمایش دەکرێن، کە ژمارەیەک لـەو فیلمانە بەرهەمی وەزارەتی رۆشـنبیرین و هەندێکیشـیان ئەو فیلمانەن کە لەلایەن دەرهێنەرە بەنێوبانگەکانی کوردستان بەرهەمهاتوون و لەفێستیڤاڵە جیهانییەکاندا خەڵاتیان بەدەستهێناوە.

سـەرجەم فیلمسـازانی کورد لـەدەرەوەو لەناوخـۆ دەتوانن بەفیلمەکانیان بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا بکەن، ناسر حەسەن گوتی "ئەو هەفتەیەی فیلم، دەبووایە لەهەفتەی یەکەمی مانگی نۆڤەمبەری 2009 ساز بکرابوایە، بەڵام بەهۆی کەشوهەوای ئەو وڵاتە و هاتنی جەژنی سەری ساڵەوە دواخرا بۆ مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو" .



رامیار مەحمود
karwanmramyar55@gmail.com

# کێڵگە و باخەکەی رامیار و کابینەی شەشەم

مارتن هایدیگەر دەڵێت "مرۆڤ سەرداری بوون نییە، بەڵکو شوانی بوونە". سەرەتا دەخوازم لە باخەکەی خۆمەوە دەست پێ بکەم، ئەم دەستپێکردنە هەم بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشین بە هەندێک مەسەلەی گرێدراوی وەک گرنگی سیاسەتی کشتوکاڵی لە هەرێمدا و، هەم باری سەرنجی هەندێک رابکێشم لەسەر مەسەلەی ژینگە و بە هەند وەرگرتنی تیۆری سیاسەتی سەوز لە وڵاتێکدا کە بە قورسی بە دەست کێشەی نەبوونی ژینگەی خاوێنەوە دەناڵێنێت.

تۆماس ماڵتۆس زۆر لەمێژە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە وتویەتی یەکێک لە پێشنیازە تەواوەکانی من ئەوەیە کە خواردن بۆ مرۆڤ زۆر پێویستە. من باخەکەم نزیکی دوو دۆنم دەبێت و ئێستا کردوومەتە رەزو ترێیەکی جوانی گرتووە،بەیانی دەست بە چنینەوەی دەکەم، دڵنیام پارەیەکی باشیش دەخەمە گیرفانمەوە. جگە لەوەش 21 مانگام هەیە و بەدەستی خۆم رۆژانە دەیاندۆشم و شیرەکەی بەسەوزی دەفرۆشم و هەروەها شەش بەرخ و دوو مراوی و یەک کیسەڵیشم هەیە، کیسەڵەکەم هێلکەکەی پارە دەکات، خۆ ئەگەر رێم بکەوێتەوە کەنەدا، دەتوانم بە سوفیای کچە چاینییەکەی هاوڕێم بڵێم بۆم بکاتە سوپ و سوپی کیسەڵ تابڵێی بە سوودە بۆ بەهێزبوونی لەشی مرۆڤ. هاوکات یەک بزن و یەک بەراز و دوو ئەسپی نازداریش لەگەڵ دووسەد داری بەردار کە لە فرۆشتنی بەروبوومەکانیان خێرێکی باش دەکەم و، ئەسپ و عەرابەنەشم بۆ گواستنەوەی پوش و کا، هەروەها ئاخوڕی ئاژەڵیشم هەیە، جگە لە کەپرێک بۆ حەوانەوە. جگە لەوەی لە دوو شوێنی جیاوە مەیل بۆکسم دانەوە. هەرچەندە ماشێنم نییە و هێشتا سوودم لە تەکنەلۆجیای تازە وەرنەگرتووە لە کێڵان و تۆوکردن و دروێنەدا و زیاتر دەستومەچەکی خۆمم لە گەڵدا زبر کردووە، بەڵام باخەکەم خۆشبەختانە روو لە پێشکەوتن و قازانجە و یەکجار لە ژیانمدا باخەکەم کردبووە شیلک و نەمپەرژا بیدوورمەوەو، بەرووبوومەکەی وشکی کرد، ئەو پارەیەی هەمبوو هەموویم لە خاوێنکردنەوەو سەرلەنوێ کێڵانەوەی خەرجکرد، ناچار لە سەروو ئیفلاسییەوە بەشێکی زۆر لە پەرژینە تەختە و ئاسنینەکەم فرۆشت، بەکەمتر لە نیوە قیمەتیش کاتێکی ویست تا هەستامەوە، بەڵام باخەکەم ئێستا روو لە قازانجەو ئەمساڵ یان سەرەتایساڵی ئایندە خانووشی تێدا ئەکەم. بەوپەڕی خۆشەویستییەوە لەگەڵ هەموو شتێکی باخەکەمدا هەڵسوکەوت دەکەم.

بودا وتویەتی "ئەوە چەند شۆکهێنەرە مرۆڤ ئەوەندە ئەهریمەن و دڕەندە بێت لقی دەرخت بشکێنێت دوای ئەوەی بەرەکەی دەخوات". تیۆرەی سیاسی سەوز، دیوێکی دیکەی کردەوە لەسەر فیکری سیاسی کە جیاوازە لەو گفتوگۆیانەی پەیوەندی بە دادپەروەری و هاووڵاتیبون و سەروەری و ئازادی و حکومەتەوە هەیە. ژینگە دەبێت وەک پرسیار و ئەکشنێکی سیاسی گرنگ وەربگیرێت. ئێستا سەوزخوازی لە هەموو شتێکدا رەنگیداوەتەوە، لە فاشن، تەکنەلۆجی، بازاڕکردن، هەواڵ و سیاسەتدا. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە سیاسەتێکی چالاک و بەکردەوە بگرێتە بەر لە بواری سەوزخوازیدا سنورێک بۆ پیسبوونی ژینگە دابنێت. بەشێکی زۆری پیسبوونی ژینگەی کوردستان پەیوەندی بە کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمەوەیە. سوپاس بۆ فەیسبووک کە شانسی ئەوەمان دەداتێ بە شێوەیەکی فەنتازی و ئەلیکترۆنی کشتوکاڵ و باخداری بکەین، ئیستا هەزاران جحێڵی تازە پێگەیشتووی کورد باخ و کشتوکاڵی ئەلیکترۆنییان هەیە لەسەر فەیسبووک، لە کاتێکدا کشتوکاڵکردن و باخداری و سەوزخوازی دوو پێویستی گرنگی هەرێمی کوردستانن.



جەنگیز چاندار
cengiz.candar@tdn.com.tr

## دوو رۆژ لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا

# حەتمەن شتێک دەزانێ

کەریم شنگاری لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) کە لێیپرسی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق گەیشتوونەتە چ ئاستێک؟ لە کاتێکدا رووی بەرەو "پردەکەی سەر گەرووی ئیستەنبول" دەسووڕاندەوە، ئاوا وەڵامی دایەوە: "ساڵێک بەر لە ئێستا بیرمان لەوە نەدەکردەوە لێرەو لەم بارودۆخەدا بین کە ئێستا تێیداین".

لەو کۆبوونەوەیەی کە ماوەی دوو رۆژ لە سویس ئۆتێلی ئیستەنبول، لەلایەن دەزگای توێژینەوەی ئەمریکی ئاتلانتیک کۆنسیل، زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکی، زانکۆی ئەمێریکان و وەزارەتی دەرەوەی نەرویج لەژێر ناوی (نەخشە رێی داهاتوو: پەتەوترکردنی پێشڤەچوون لە نێوان تورکەکان و کوردەکانی عێراق) رێکخرابوو، کوردەکانی عێراق بەشدارییەکی سەرسوڕهێنەریان تێدا کرد.

پێنج وەزیری کابینە تازەکەی بەرهەم ساڵح و لەوانە کەریم شنگاری وەزیری ناوخۆ، د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان و لەپاڵ ئەوانەشدا سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی هەر سێ پارێزگای کوردستان، کامەران قەرەداخی و سەرۆکی هەر سێ زانکۆی سەرەکیی سەلاحەدین، سلێمانی و دهۆک، ئەو شاندە بەهێزەی کوردیان پێکدەهێنا کە هاتبوونە کۆنفرانسەکەو، لە بەرامبەردا هیچ کاربەدەستێکی رەسمیی تورک ئامادەی ئەم کۆبوونەوە گرنگە نەبوو کە بەندە تێیدا لەسەر گرووپی تورکی حیساب بووم.

سەبارەت بە بەشدارنەبوونی کاربەدەستانی رەسمیی تورک هەندێ هۆکار هەبوون، یەکەمیان ئەوەبوو کە تورکیا حەساسیەتی بەناوی ئەو کابرایە هەیە کە کۆنفرانسەکەی رێکخستبوو، کە ئەویش ناوی (دەیڤید فلیپس)ە و پێشتر لەمانگی نیسان یەکەم کۆبوونەوەی لەو چەشنەی لە واشنتن رێکخستبوو. هۆکارێکی دیکەش پەیوەستبوو بەو گرژییە نێوخۆییەی کە ئێستا لە تورکیادا سەبارەت بە مەسەلەی کرانەوەی کوردی یان کرانەوەی دیموکراتی لە ئارادایە. لەسەر کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی ئەمە کە لە واشنتن ئەنجامدرابوو، پێشترێ لە سەروویانەوە دەنیز بایکاڵ و گوتەبێژەکانی حیزبی نەژادپەرستی MHP قیامەتیان بەرپاکردبوو، تاوەکو راددەییەک کە دەیانگوت کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا "کەلەکۆمەیەکی ئەمریکییە". بۆیە دیاربوو کە حکومەت کەوتبووە ژێر کاریگەریی دیماگۆجییەتی ئۆپۆزیسیۆن و نەیدەویست لەم ماوەیەدا خۆی تووشی دەمەقاڵی بکات، بۆیە خۆیان لە کۆبوونەوەکەی ئیستەنبول دوور گرت.

ئەوەش لە کاتێکدابوو کە دوو رۆژ بەر لە کۆبوونەوەکەی ئیستەنبوڵ ئەحمەد داود ئۆغڵوی وەزیری دەرەوە و زەفەر چاغلیانی وەزیری دەوڵەت بۆ بازرگانی دەرەوە سەردانی هەولێریان کردبوو و حکومەت پێیوابوو مادام لە هەولێر ئەو هەموو خەڵکەیان دیوە چ پێویست دەکات دوو رۆژ دواتری بچنە ئەو کۆبوونەوەیەش.

* * *

لایەنی سەیری مەسەلەکە ئەوەبوو کە هەر دوو رۆژ دوای سەردانی داود ئۆغڵو و چاغلیان، بەرپرسانی کوردی عێراقی هاتبوونە ئیستەنبوڵ کە هەم خۆشی سەردانی ئیستەنبول و هەمیش سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیایان بە رووخسارەوە دیاربوو.

لەو دانیشتنانەی کۆبوونەوەکەدا کە رێگە بە میدیاکان نەدرا تێیدا ئامادەبن، کێ لە کوردەکانی عێراق قسەی بکردبایە کە دەهاتە سەر سەردانەکەی داود ئۆغڵو بە "سەردانێکی مێژوویی" وەسفیدەکرد و لە دەروازەیەکی رووناکەوە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقیان بە پرشنگدار وەسفدەکرد.

ئەو کۆبوونەوەیە کە دوو رۆژی خایاند، لە لۆبی و دەرەوەی بینای هۆتێلەکە لە کۆریدۆرەکان، رۆژنامەنووسان بە تامەزرۆییەوە پرسیاری ئەوەیان دەکرد "ئەرێ لە ژوورەوە باسی چی دەکرێت" یان باشتر وایە بڵێم کە دەیانگوت:"لە ژوورەوە چی روودەدات".

راستییەکەی هیچ رووی نەدەدا، بەڵام باسی زۆر شت دەکرا. لەو دوو رۆژەدا کە کۆبوونەوەکە هەبوو، زۆر کەس لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە قسەیان کرد:

- رێککەوتنەکان.
- دوا بارودۆخی تورکیا.
- دوا پێشهاتەکان لە بواری وزە لە کوردستانی عێراق.
- بازرگانی و وەبەرهێنان.
- کولتور و پەروەردە.

رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لێک نزیکبوونەوەی نێوان تورکیا و یۆنان وەک نمونەیەک.

بە ئەزموونترین و بەتەمەنترین بەشداربووی کۆبوونەوەکە (ئیلتەر تورکمەن) بوو، ئەو کەسەی کە بە مەوهیبەی نێو دیپلۆماسیەتی تورکیا ناودەبرێت. لە کۆتایی رۆژی دووەمی کۆبوونەوەکە، دانی بەوە دانا کە قەت بڕوای نەکردووە سیاسی و کاربەدەستانی کوردستانی عێراق هێندە بەتوانا و لێهاتووبن. ئەو گوتی کە تورکیا هیچ لەبارەی حەقیقەتی باکووری عێراق یان کوردستانی عێراق نازانێت. لەوێ یەکێک هەیە پێیدەڵێن بارزانی، تورکیا وادەزانێ کە ئەو لەوێ حوکمێکی تاکڕەوانەی دواکەوتووانە دەکات. کەچی وانییە خەڵکێکی زۆر سەلیم و شارەزا ئەو ناوچەیە بەڕێوەدەبەن.

لە تورکیا ئەم بوارە نەک سەبارەت بە کوردەکانی عێراق، بگرە بەرامبەر کوردەکانی خۆشمان کێشەیە.

لایەنی سەیری مەسەلەکە ئەوەیە کە لە پشووی نێوان دانیشتنەکان سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان هێرش موحەڕەم، پێیگوتم کە 800 کۆمپانیای تۆمارکراوی تورکی لە کوردستان هەن 500یان بەبەردەوامی کاردەکەن.

قەبارەی بازرگانیی نێوان کوردستانی عێراق و تورکیا 6 ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا. واتە دوو ئەوەندەی بازرگانیی ساڵانەی تورکیا لەگەڵ یۆنان. لەگەڵ تێکڕای عێراق 7 ملیار دۆلارە کە وەک گوتم 6 ملیاری لەگەڵ "باکوور"ەکەیەتی.

جگە لەوەش پێویستە ئەوەش بخرێتە ناو حیساباتەوە، سامانێکی خەیاڵی کە دەکرێ لە داهاتوودا بە هاوبەشی کاری لەسەر بکرێت لە ژێر زەوی هەیە، واتە سامانی نەوت و غاز.

وەزیری نەوت (کە ناوە رەسمییەکەی سامانە سروشتییەکانە) ئاشتی هەورامی، لەسەر کاغەزێک شتێکی نووسی و بۆی راداشتم: بەپێی مەزندە جیۆلۆجییەکان لە کوردستانی عێراق، یەدەگی نەوت و غازی سرووشتیی کوردستانی عێراق بەم شێوەیە:

**نەوت - 45 ملیار بەرمیل**

**غازی سرووشتی- 6000 ملیار مەتری سێجا**

ناردنە دەرەوەی نەوت لە کوردستان لەساڵی 2009دا گەیشتە 100 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. لە 2010 پێشبینی دەکرێ بگاتە 300 هەزار بەرمیل و لە 2011 بگاتە نیوملیۆن بەرمیل و لە کۆتاییشدا لە ساڵی 2012 بگاتە ملیۆنێک.

رێژەی بەکارهێنانی نەوت لە تورکیا 500 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا و، هاوکات لە ساڵێکیشدا تورکیا 36 ملیار مەتری سێجا غازی سرووشتی بەکار دێنێت. کوردستانی عێراق تائێستا بۆ ناردنە دەرەوەی غازی سرووشتی ژێرخانی پیشەسازیی نییە، بەڵام ئەگەر هەیبێت لە ساڵێکدا بەلای کەمەوە دەتوانێ 60 تا 70 ملیار مەتر سێجا غازی سرووشتی رەوانەی بازاڕی جیهانی بکات.

با کەمێکیش لە گۆشەنیگای ئەو ئامار و داتایانەوە سەیری دایناميکییەکانی "کرانەوە" بکەین.

* * *

ئێستا کێشەی بنەڕەتی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا چییە؟ بەڕای خالید ساڵح جگە لە تێگەیشتنی هەڵە و ناتەواو هیچ بابەتێک نییە کە بخرێتە سەر مێزی گفتوگۆ و موناقەشە بکرێت. ئەو تورکیایەی کە ئێستا تێگەیشتنی گۆڕاوە، کاتێک کە دەستوری نوێی عێراقی فیدراڵ ئامادە کرا، تورکیا هەڵوێستی "ئینکار" کردنی بەرامبەر دەستکەوتەکانی کورد لە عێراقدا گرتەبەر. لەساڵی 2006 تا 2008 ئەگەرچی ئینکاری بوونی کوردستانی عێراقی نەدەکرد، بەڵام دوای تێپەڕبوون بە قۆناغی شڵەژاوی و بەتایبەتیش دوای سەردانی داود ئۆغڵو بۆ هەولێر، گەیشتە قۆناغێک کە باس لە شەراکەتی ستراتیژی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا بکات.

بەپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، فەلاح مستەفا دەڵێ :"هیچ کاتێک تێگەیشتنمان بەرامبەر تورکیا نەگۆڕا. لەنێوان دراوسێکانماندا ئێمە هەمیشە تورکیامان هەڵبژارد، ئەوەشمان نەشاردووەتەوەو بە ئاشکرا بە ئێران و سوریای دراوسێشمان راگەیاندووە".

وەزیری نەوت ئاشتی هەورامی دەڵێ :" تورکیا ماوەیەکی زۆر لەوە نیگەرانبوو کە کوردی عێراق ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ، کەچی وڵاتێک کە رێگەی بۆ دەریا نەبێت ئاستەمە بتوانێ سەربەخۆ بێت، خۆ ئەگەر بشتوانێ سەربەخۆ بێت هەر بە جۆرێک لە جۆرەکان وابەستەی دەوروبەریەتی. ئەگەر وابەستەی بەغدا نەبێ، ئەوا ناچارە وابەستەی وڵاتەکەی ئێوە واتە تورکیا بێت".

با بگەڕێینەوە سەرەتا، کەریم شنگاری کە بەرپرسە لە ئاسایشی ئەودیو زۆر بە متمانەوە دەڵێ ئەو پرۆسەی کرانەوەیەی تورکیا ئێستا وەستانێکی تێکەوتووە، بەڵام لە ماوەیەکی نزیکدا سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوەو درێژەی دەبێت.

حەتمەن شتێک "دەزانێ".

*** لە رۆژنامەی (رێفرانس)ەوە**



ئیسماعیل تەنیا - ئەڵمانیا

# کاڵبوونەوەی ئینتیما

## لیستەکەی من وا حالی باش نابێت

بەیانییەکی زوو، کۆمەڵێک کارتۆن و شووشەی بەتاڵ و کۆنە جلکم لەناو کیسەیەک دانان و، بەنیازی فڕێدان، ویستم بیخەمە ناو ئەو کۆنتێنە گەورەیەی کە تەنها شوێنی فڕێدانی کارتۆن بوو، خەریکبوو کیسەکە بەتاڵ بکەم، ئاگام لێنەبوو پیرەژنێک، لە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی لە پەنجەرەوە چاودێری من دەکات، یەکسەر دەنگی دام و گوتی، بێگانەی سەر رەش، شتەکانت کۆکەرەوەو مەیانخە ناو ئەو کۆنتێنەوە، ئەوە قەدەخەیە و پێشێل کردنی یاسایە، ئەو شوێنە تەنها شوێنی شووشە فڕێدانە، ئەگەر زوو هەڵیان نەگرییەوە، تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم. منیش لە ترسان، هەموو شتەکانم کۆکردەوەو لە تەشکی خۆمداو گەڕامەوە. ئەوە، چیرۆکی ئافرەتێکی عێراقی تەمەن 40 ساڵییە، کە ئەو رووداوەی بەسەر هاتبوو، لەمیانەی گفتۆگۆکردنی لەبارەی خۆشەویستی نیشتمان و پاراستن و بەتەنگەوە هاتنی، لەنێو کۆمەڵێک خەڵکدا، گێڕایەوە.

ئەڵمانەکان، بەتایبەتیش پیرەکانیان، چونکە زۆر تاڵی و سوێری شەڕو ناخۆشی وماڵوێرانییان، لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بینیوە، زۆر بە تەنگ پاراستن و پاک راگرتنی وڵاتەکەیانەوەن. ئەوان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا (1939 — 1945)، زەمەنێکیان بەڕێکردووە، کە جاری وا هەبووە، لە شارێکی گەورە و ئاوەداندا، تەنها کڵێسەیەک بە پێوە ماوە، نموونەی کڵێسەی دۆم لە شاری کوێلن، دەنا ئەوەی هەیە هەمووی سوتاو خاپوور کراوە، پاش تەواوبوونی شەڕیش، بەهۆی نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیاوە، سەر لەنوێ بنیاتنراوەو، ئاوەدانیان کردووەتەوە، کە بە ماوەیەکی کەم توانیوویانە پاشماوەکانی شەڕ نەهێڵن و، بەهەوڵی خۆیان ئەڵمانیایان گەیاندە ئەو رۆژەی کە ببێتە یەکێک لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی جیهان و، لەڕووی ئابوورییەوەش پێگەیەکی چاکی هەبێت.

ئەو پیرانە، هەر سەرپێچییەک لەڕووی یاسا و پاراستنی ژینگەو پاکوخاوێنی وڵاتەکەیان ببینن، با پەیوەندی راستەوخۆشی بەوانەوە نەبێت، یەکسەر دێنە دەنگ و خۆیان دەکەنە خاوەنی مەسەلەکە، کە لێشیان دەپرسی، بۆ ئێوە دێنە دەنگ، خۆ ئێوە پۆلیس و کارمەندی شارەوانی نین؟! یەکسەر وەڵامت دەدەنەوەو دەڵێن (ئێمە بەدەستی خۆمان ئەڵمانیامان لە وڵاتێکی کەلاوەی وێرانەوە، بنیات ناوەتەوەو گەیاندوومانەتە ئەو رۆژە، چۆن لێدەگەڕێین خەڵکانێک بە بەرچاوی ئێمەوە سەرپێچی بکات و، وڵاتەکەمان ناشیرین بکات؟!).

ئەمە نموونەیەکی بچووکی وا بەستەبوون و ئینتیمایە بۆ وڵات، ئەگەر تەنها یۆنانییەکان وەک ئەڵمانەکان، ئەوەندە ئینتیمایان بۆ وڵاتەکەیان هەبێت و بەتەنگ پاراستنیەوە بن، نەوەی دووەم و سێیەمی ئەڵمانەکان (پاش پیرەکان)، ئەوەندە بە تەنگ ئەو مەسەلەیەوە نین.

کە دێین ئەو نموونە خورد دەکەینەوەو لەگەڵ وڵاتی خۆمان بەراوردی دەکەین، بەزەییمان بە حاڵی خۆماندا دێتەوە،

نەک هەر گەنجەکانی نەوەی دوای راپەڕین، بەڵکو پیرەکانیشمان ئەوەندە گرنگی بە ئینتیمای کوردبوون و زێدی خۆیان نادەن. هەندێک جار دەگاتە رادەیەک کە پیرەکانمان رووبارێک خوێن و ئارەق و فرمێسکیان لەسەردەمانێکدا بۆ نیشتمان رشتووە، کەچی ئەمرۆکە خۆیان نەبان دەکەن و کە قسە دێتە سەر نیشتمان، دەڵێن خۆزگە ئەو خەباتەمان نەکردبووایە و یەکێک بووینایە لە کۆنە بەعسی و جاشەکان، کە ئەمرۆکە پێگەی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان زۆر لەوە باشتر دەبوو، گەنجەکانیش کۆمەڵێک گلەیی رەواو ناڕەوایان هەیە. کۆمەڵێک داوای حازر بەدەستیان هەیە (کە خوێندن تەواو دەکەین دانامەزرێین، ئەگەر حیزبی نەبیت کارمان بۆ رایی ناکرێت، ناعەدالەتییەکی زۆر لە خەڵک دەکرێت، ئازادی بیروڕانییە، پارکمان نییە، با پارکیش هەبێت، کە من بێ کاریم و دینارێک لە گیرفانم نەبێت، چی لە پارک بکەم؟! با پارکیش هەبێت، کە ئازاد نەبم و نەتوانم لەگەڵ دەستگیرانەکەم لە سوچێکی ئەو پارکەدا دابنیشم، یان لەژێر چاودێری باخەوان و پۆلیسدا بم، چی لە گوڵ و گوڵزار و چیمەنی ئەو پارکە بکەم؟! قەیرانی نیشتەجێبوون هەیە، بەو برە مووچەیەی کە هەندێکمان هەمانە، چۆن هاوسەرگیری بکەم؟! خەڵکێک هەیە دوو سێ ساڵ لەمەوبەر وەک من بووە، ئێستا دەستی لە وەزیفە و پلەیەکی حیزبی گیربووە، نازانێ چ لەپارە بکات و خاوەنی ئۆتۆمبێل و چەندین خانوو و دوکانە، ئەو وڵاتە نقومی گەندەڵی بووە، خەڵک هەیە بێ شەهادەی ئامادەیی لە زانکۆ دەوام دەکات، کەچی بۆ من حسێبی نمرە دەکەن، لە هەندێک شوێن سندوقی سکاڵای هاووڵاتیان دانراوە، بەڵام چۆلەکە هەیە بتوانێت بگاتە ئەو سندوقانەو دەنگی ناڕەزایی خۆی بخاتە ناویەوە؟!....تاد).

ئەمانەو دەیان پرسیارو داوایتر، کە لەوانەیە هەندێکیان زۆر رەوابن و لەو کوردستانەی خۆماندا پێشێل کرابن، لە ئەنجامی بێنەو بەردەو ململانێی حیزبی بوون و تەزکیە کردن، ئەو خەڵکە ماندووبوون و لە پەرەنجەرەیەک دەگەڕێن هەناسەیەکی تێدابدەن، راستە ئێمەش نموونەی ئەڵمانەکان، تاڵی و سوێریمان زۆر چەشتووە، تا ئەو واقیعە دروست بووە، وەلێ دەبێ ئەوەش بزانین، هەر نەوەیەک کوڕی قۆناخەکەی خۆیەتی، کوڕەکەی من تاوانی چییە لەسەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئابوورییەوە، بێبەش بێت لە ئیمتیازە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ؟! ئەوە چ جۆرە هەقێکی بەسەر چەشتنی تاڵی و سوێری منەوە هەیە و دەشبێت وەک من بژی و بەژیانی ناعەدالەتی رازی بێت؟!

خەڵک گلەیی زۆرە، بەشێک لە گلەییەکانیشیان رەوان، ئاخر تۆیەک ئەگەر واسیتەت نەبێت و فەرمانبەر و کارمەندێک لە یەکێک لە فەرمانگەکان نەناسی، ئیشت بۆ رایی ناکەن!. من ساڵانە دەگەڕێمەوە وڵات و مانگێک زێتر دەمێنمەوە، ئەو ساڵ لەبەر کاروباری تایبەتی، زێتر لە سێ مانگ مامەوە، بە چاوی خۆم، ئەو ناهەقی و ناعەدالەتیەم بینیوە. چوومەتە فەرمانگەیەک، کەسم نەناسیووە، لە پرسگە گرفتیان بۆ دروست کردووم، کەچی جارێکیتر، بە واسیتەوە چوومەتە هەمان فەرمانگە، نەک لێیان نەپرسیووم، بەڵکو بە ئۆتۆمبێلیشەوە کۆنترۆڵیان نەکردووم.

کە داوای دامەزراندن دەکەی، پێتدەڵێن (بەهیچ شێوەیەک دامەزراندن نییە و ئەو باسە مەکە...) کە دێیتە دەرەوە ناسیاوی خۆت دەبینی، یەک دوو رۆژە دامەزراوە، ئینتیمای خەڵک ئەوەندە کاڵ بووەتەوە تا سەیری کەناڵە کوردییەکانیش ناکەن، ساڵی رابردوو دەچوومە هەر ماڵێک کەناڵی تیڤیەکانیان خستبووە سەر (MBS، دوبەی و رۆتانا...) کە دەپرسی بۆ نایکەنە کوردییەکان، دەیانگوت (لە کوردییەکان چی هەیە؟! دوو سێ پیاوی سمێڵ رەش و زل بەناوی مێزگردەوە قسەی زل زل دەکەن، کە لە واقیعدا هیچی پیادە ناکەن و فریان بەسەر راستییەوە نییە، بۆ سەیری ئەو قسە زلانە بکەین؟! لەو جۆرە درۆیانە تێر بووین..)

بەکورتی و بە کوردی، شتێک لەو کوردستانەی خۆمان نەماوە ناوی ئینتیما بێت، ئەگەر هەشبێت تەنها وەک رۆتین و دیکۆر و قسەی زل، لای ئەو کەسانە ماوە کە لێپرسراون، یان لەو بارودۆخە سوودمەند بووینە. حاڵ وا بڕوات، ئەگەر کابینەی تازە خەمێک لە خەم و ئازارەکانی خەڵک نەخوات و بەتەنگ داخوازییەکانیانەوە نەچێت، ئەگەر هەوڵی بنەبڕکردنی دیاردەی خزم و خزمێنەو تەزکیەی حیزبایەتی وگەندەڵی نەدات، ئەگەر گەنجە خاوەن شەهادەکانمان دانەمەزرێن و هەر شەقام بپێون، ئەگەر لێپرسراوی نەشیاو و گەندەڵ بەبەرچاوی خەڵکەوە، بە فیزلێدان و بێ منەتی و توڕەییەوە، داواکاری هاووڵاتیان بدڕێنێت (کەمن بەچاوی خۆم بینیم)، دڵنیام لیستەکەی خۆم (هاوپەیمانی کوردستانی) کە چەندین ساڵە لە دەرەوە و ناوەوە، دەنگی بۆ دەدەم و زۆر جارانیش بەرگرییەکی کوێرانەی لێدەکەم، ئەو دەنگە ناهێنێتەوەو، نابێتەوە خاوەنی ئەو (تاس و حەمام)ەی کە چەندین ساڵە خۆی خاوەنیەتی.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# نەوشیروان مستەفا

دوایین دیدارمان لە گەڵ نەوشیروان مستەفا، لە کاتێکدا بوو جارێ قسە لەسەر ئەوەبوو ئاخۆ لە یەکێتی جیا دەبێتەوە یان نا، باسی لیستی گۆڕان هەر لە ئاراشدا نەبوو، یان لانیکەم، ئەو باسی نەدەکرد. ئەم جارەیان کە چووینەوە لای، خاوەنی بیست و پێنج کورسی پەرلەمان بوو.

دیدار لە گەڵ نەوشیروان مستەفا، ئەگەر ریکۆردی تێدا نەبێ، شتێکی دیکەیە، وابزانم بۆ رۆژنامەنووس، دانیشتن لە گەڵ نەوشیروان مستەفا، زۆر گرنگترە لە ئەنجامدانی دیداری رۆژنامەوانی لە گەڵی، ئاخر ئەو بە بێ بوونی ریکۆرد، هێندەت زانیاریی دەداتێ، زەحمەتە لە دیداری رۆژنامەوانیدا هەمان زانیاریت چنگ بکەوێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی، هەموو ئەو قسانەی لە دیدارێکی تایبەتدا دەکرێن، ناکرێ بچنە سەر کاغەز، وەک دەڵێن "مەجلیس ئەمانە".

ئەو، زانستە سیاسییەکانی خوێندووە. بە زەردەخەنەیەکەوە کە کەمجار لێی بەدی دەکرێت دەیگوت، لە رابردوودا هەرچیم کردووە فرێ بە زانستە سیاسییەکانەوە نەبووە و ئەوە دوو ساڵە زانستە سیاسییەکان بەکار دەهێنم. نازانم بۆ، بەڵام یەکسەر حیزبی شیوعیم بیرکەوتەوە، ئاخر ئەوان نزیکەی پەنجا ساڵێکە زانستە سیاسییەکان بەکار دەهێنن و حاڵیان حەلوەلای بوو تا کورسییەکی پەرلەمانیان چنگ کەوت.

لە ململانێی نێوان گۆڕان و ناگۆڕاندا، رکابەرەکانی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان، مشەوەشتر دیارن وەک لە گۆڕان، بە تایبەتی یەکێتی، لە بەردەم گۆڕاندا زۆر مشەوەش و پەشۆکاو دیارە، لە سەرکردایەتییەوەی تا رۆژنامەنووسێکی، کە باسی بەرەی گۆڕان دەکەن، دەمارگرژییان پێوە دیارە. پێچەوانەی ئەوان، نەوشیروان مستەفا زۆر لەسەرخۆیە و زۆر بە ئاشکرا هەستی پێدەکەیت کە بۆ هیچ شتێک پەلەی نییە و بەرنامەیەکی تۆکمەی دارشتووە و هەنگاو هەنگاو جێبەجێی دەکات، تا یەکیان تەواو نەکات، هەنگاوی نوێ نانێت.

کە گوێ لە قسەکانی نەوشیروان مستەفا دەگری، یەکراست بۆت روون دەبێتەوە کە ئەو لە هەموو شوێنێکی گۆڕاندا ئامادەیە، راستە لەوانەیە هەر جارێک چووبێتە بارەگای تیڤی کەی ئێن ئێن کە هەر سێی هەنگاو لە خۆیەوە دوورە، بەڵام تروحاتی ئەو شەوانە لە هەموو بەرنامەیەکی تیڤییەکەیاندا ئامادەیە. بۆ بەیانیش بە شێوەیەکی دیکە لە رۆژنامەی رۆژنامە دەیخوێنیتەوە، چەند رۆژێکیش دوای ئەوە یان بەرلەوە، ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی گۆڕان بە شێوازێکی دیکە تەرحی دەکەن.

پرسیارێکی تا رادەیەک بێ مانایە لە نەوشیروان مستەفا بپرسی ئاخۆ بە نیازیت پۆستێکی حکوومەتی یان پەرلەمانی وەربگریت؟ خێرا وەڵامت بە نا دەداتەوە، ئاخر ئەگەر کەمێک زیرەک بیت، دەزانی کە ئەو لە هەموو ئەو شوێنانەی گۆڕان دەیانگاتێ، پەرلەمان بێت یان حکوومەت، ئامادەیە، بەڵام بەدەموچاوی خۆی نا، گۆڕانەکان لە پەرلەمان و میدیادا رووخساری فرەن، لێ هەموویان یەک زاریان هەس، زاری نەوشیروان مستەفا.

گۆڕان ونەوشیروان مستەفا بۆ زۆربەی پرسە گرنگەکان بەرنامەی پەرلەمانیی خۆیان ئامادە کردووە، بەردەوامیش لە خۆسازدان و خۆ ئامادەکردنی پتردان. ئەمە سیفەتێکە لیستی کوردستانی تا ئێستا نییەتی. پێدەچێ تا ماوەیەکی زۆریش لە پەرلەماندا، گۆڕان هێرشبەر و دەستپێشخەر و بزووێنەر بێت، بە حاڵی لیستی کوردستانیشدا دیارە کە جارێ هەر بەوەدا رادەگات تۆپەکانی گۆڕان بگرێتەوە، جا کێ چەند گۆڵ لەوەی دیکە دەکات؟ با چاوەڕێ بین.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# دلاوەر و خوێندنی باڵا

بەڕای زۆر کەس یەکێتی کارێکی زۆر چاکی کرد د.دلاوەر عەلائەدین نەقشبەندی وەک وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکرد، هەرچەندە جارێ چەند رۆژێک بەسەر وەرگرتنی پۆستەکەیدا تێپەڕیوەو نازانرێ ئاخۆ دلاوەر لە کارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێ یان نا، بەڵام بە هۆی ئەوەی ناوبراو لە چەند ساڵی رابردوودا کەسێکی ئاکتیڤ و رەخنەگربووە لە رەوشی کوردستان، بۆیە خەڵکێکی زۆر بە هیوای ئەوەن ئەو وەزارەتە گرینگەی کە چەندین ساڵە مردووە، زیندووی بکاتەوە، ئاخر لەوەتەی ئەو وەزارەتە دامەزراوە نەمبیستووە یەک توێژینەوەی زانستیشی کردبێت.

گومانم نییە وەزیری نوێی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئاگادارە خوێندنی باڵا و زانکۆکانی کوردستان لە رەوشێکی چەند دژوار و ئاستێکی زانستی چەند نزمدان، دەستێوەردانی حیزبی لە کاروباری زانینگەکانی کوردستان، خوێندنی لە کوردستان زۆر بێ بەهاو سووک کردووە. بەرپرسانی کوردستان لە جیاتی ئەوەی رێز لە خوێندن و شکۆی زانینگەکان بگرن و نەیخەنە ناو ململانێی حیزبی، بەپێچەوانەوە ماوەیەکی زۆر، بەعس ئاسا بە وەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) بە بێ لەبەرچاوگرتنی مەرجە زانستییەکان، دەیان کەسیان لە کۆلێج وپەیمانگەکان وەرگرت. بە ئارەزووی خۆیان و تەنها لەبەر حیزبیبوون خەڵکی نالێهاتوویان دەکردە راگری کۆلێج و سەرۆکی زانکۆکان. بەرپرسانی پارتی و یەکێتی لەم ساڵانەی دواییدا دوور لە هەموو پرنسیپێکی زانستی، بە نووکی قەڵەمێک بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان بە کادیر و بەرپرسانی خۆیان بەخشی لەکاتێکدا هیچ کامیان ناتوانن پەرەگرافێک بە ئینگلیزی بنووسن و دەرچوون لە تاقیکردنەوەی ئینگلیزیش یەکێکە لە مەرجەکانی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا. بگرە دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو کادیرە حیزبیانەی لاف و گەزافی ماستەر و دکتۆرا لێدەدەن رەنگە لە تاقیکردنەوەیەکی شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندیش دەرنەچن.

زۆرجاران گوێمان لەوە دەبێت بەرپرسانی کوردستان کردنەوەی چەند زانکۆیەک لەدوای راپەڕین بە دەسکەوت نیشان دەدەن. بەڵام ناشپرسن داخۆ ئەو هەموو زانکۆیانە چ بەرهەم و داهێنانێکی زانستییان پێشکەشی کۆمەڵگە کردووە و ئەو لەشکرە خوێندکارەی ساڵانە لەو زانکۆیانە دەردەچن و بڕوانامە وەردەگرن بەرهەم و توانایان چییە؟ ئاخر ئەگەر مامۆستایانی زانکۆ بە تەزکیەی حیزبی ماستەر و دکتۆرا وەربگرن و سیستەمی خوێندنیش ئەو سیستەمە ئیسکپایەر و کۆنە بێت کە هەیە، چاوەڕێی چی لە دەرچووانی زانکۆ بکەین.

راستە ئەو هەموو کێشانەی لە بواری خوێندنی باڵادا هەن ئەستەمە بە وەزیری نوێ چارەسەر ببن ئیدی با زۆر پەرۆشی چارەسەرکردنیشیان بێت، بەڵام خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەوەن دوکتۆر دلاوەر وەک وەزیرەکانی تر بێ ئومێدیان نەکات و هەندێک هەنگاو هەڵبێنێ، پێش هەموو شتێکیش پێویستە شاڵاوی بەخشینی ماستەر و دوکتۆرا رابگرێت و مەرج و تاقیکردنەوە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا سەخت بکات و وەک زۆربەی زانکۆ موعتەبەرەکانی دنیا، دەرچوون لە تاقیکردنەوەی TOEFEL یا هاوشێوەکانی بکاتە مەرجێکی سەرەکی وەرگرتنی ماستەرو دکتۆرا.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# من بم ئاوها نایکەم

عومەری دووەم خەلیفە، دوای ئەو هەموو فەتح و ئەنفال و بە ئیسلامکردنەی خەڵک و ئەو هەموو دەستکەوتەی سەروەت و سامان و کۆیلە و ژن و کیژە کورد و فارس و رۆمە، دوای ئەو هەموو خزمەتەی بە ئیسلام و موسڵمانانی دوورگەی عارەبی کرد و دوای ئەوەی کۆچی بە کۆمەڵی بە جووەکان و دیانەکان کرد، ئەوجا خەڵک بۆ دادگاییکردن بانگیان کردە مزگەوت:

ئەی عومەر! تۆ بۆچی کراسەکەت لە کراسی هەمووان شۆڕترە؟ ئەو مافەت چۆن دا بە خۆت ئەو هەموو قوماشە سەرف بکەی؟ ئەویش کەوتە پاڕانەوە: باوکم وەڵڵا مەسەلە ئەوەیە من لە هەمووتان کەڵەگەتترم و قوماشەکە بەشی نەکردم، لە بەشەکەی عەولای کوڕم بڕی و دامە دەمیەوە. ئەوەش عەبدوڵڵایە و پرسیاری لێ بکەن! ئەم باسە، عەلی شەریعەتی دەیگێڕێتەوە.

رەفتاری عومەر لە پێناوی عارەبدا وەهای کردووە کەسێکی وەک حەسەن عەلەوی شیعەمەزەبیش شانازی پێوە بکا و هەوڵبدا خەسڵەتی بەعسێتی پێ ببەخشێ. عەلەوی دەڵێ: ئەو عێراقی کردە وڵاتی عەرەب و ئەو یەکەم خێڵی عارەبی لە یەمەنەوە هێنایە بەسرا و دووەم خێڵیش بۆ کووفە.

دیارە لە بەسرا و کووفەوە دەستیان پێکرد و ئێستا گەیشتوونەتە کەرکووک و بە دڵنیاییەوە بەرەو سەرەوەتر هەڵدەکشێن تا دەگەنە ئەو جێیەی بەعس بۆی دیاریکردوون.

کەس داوا ناکا سەرانی کورد لە خەڵکی بازاڕ و مزگەوتەکان جوانتر نەپۆشن و کۆشکیان نەختێ لە خانووی خەڵک و مزگەوتی خەڵک بەرزتر نەبێ و خۆراکیان جیاواز نەبێ و پارەیان زیاتر نەبێ چونکە لە دوای عومەرەوە تەنها ئەبو زەڕ لەو بابەتە جیاوازی و ناهەقییە بەدەنگ هاتووە و، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پیاوانە بووە. ئیتر هەر کەسێک دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستی بە سەر سامانیشدا گرت و ناوی خودای بە زێڕ نووسی و کردیە مەدالیا و ناوی پەیامبەری بە زێڕ چنی و لە قەراخی کراسیدا و شەوی سوور و شەراب و رەباب و بەزمی خەلیفە و دارودەستەی خەلیفە زوڕناژەنیی شاعیران برەویان سەند و زمانی خەڵکیان بڕی تا یەک بە دوای یەکدا سەریان تێدا چوو و چەند کەسێکی سوودمەندی دەوری خۆیان نەبێ کەس بۆیان بە پەرۆش نەبوو!

ئایا کەس سوود لە مێژوو وەردەگرێ؟! تۆ بڵێی مێژوو هەر بۆ ئەوانە سوودی هەبێ کە بە شێوەی ئەکادیمی دەیخوێنن و بە دەرس دەیڵێنەوە؟ سەیرە ئەم بەشەرە! وا بە بەر چاوتەوە خەڵکت لێ دەتەکێننەوە و دەنگت کەم دەکا و کورسیت کەمتر و دەسەڵاتت لەقتر، کەچی ئەو شانازییەی کە مافی خۆتە هەتبێ شەقێکی تێهەڵدەدەیت! شانازی ئەوەت هەیە ئێستا نووسەران لە سەردەمی بەعس زیاتر دەڵێن و تا رادەیەک چاوقایمترن، بەڵام لە بری ئەوەی شانازی بەو دیاردەیەوە بکەیت، نایهێڵی تا شتێکت نەمێنێ خەڵک بڵێ کاکە ئەمەیان لە بەعس چاکترە! بۆ وا لە خۆتان دەکەن؟! دەتانەوێ ئەوەی بەعس بە دەستی هێنا ئێوەش بە دەستی بێنن؟!

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەنها بەرپرس نییە لە کەموکوڕییەکانی ئەو رێکخراوانەی کە سەر بە پارتین و ئەمڕۆ تەنها سەرۆکی پارتی نییە تا جارێک قوتابیان سەردانی بکەن و جارێک لاوان و جارێ فلان لق و جارێک فلانە ناوچە، ئەوجا فلان رۆژنامەی سەر بە پارتی و فلان کەسایەتی خزمی فیسارە سەرۆک عەشرەت. سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە هەموو کەسێکی خەڵکی کوردستان و بەرپرسیش بێ، هەموو کەس بۆی هەیە بپرسێ: ئەرێ بۆچی کراسی کادیرە هەرە دامێنەکەت لە کراسی ئەو هەموو خەڵکە شۆڕترە؟! کە ناشپرسن، ئێدی ئەوە رەزامەندی خەڵک نییە لە هەرچییەک کە لەم وڵاتەدا دەگوزەرێ. کورد لە گەڵ ترس و تۆقاندندا مێژوویەکی هەیە و لێی بووەتە پاژنەی ئەکیلیۆس (ئەخیل) و هەر هەرچیوپەرچییەکی ترسنۆکی ناکورد دێ تیرێکی لێدەدا و بەرەو تاریکایی زەوی شۆڕی دەکاتەوە. ئەوانەش ئەو پاژنەیەیان عەیبدار نییە و ئاوی نەمریی بەرکەوتووە، دەیانەوێ بە لێدان و سووکایەتیکردن دەمی داخەن و لەڕاستیشدا دەمەزەردی دەکەنەوە و تیژتری دەکەن. سووکایەتی بە چەند کەس دەکەن؟! سەرجەمی میللەتێک؟!

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدا بەرپرسن کەرامەتی خەڵکی وڵات بپارێزن، بەڵام کەرامەتی کەسی دەرەوەی بازنە حیزبییەکان پارێزراو نییە دەنا قەت دەبوو بەڕۆژی نیوەڕۆ لە ناوجەرگەی هەولێردا سووکایەتی بە رۆژنامەنووس بکرێ؟! ئەگەر ئەو کەسە تاوانێک یان هەڵەیەکی هەیە، ئەدی بەخێرێ یاسا سەروەر نییە؟! بۆ ئەوەی پارێزگاریکردن لە کەرامەتی خەڵکی کوردستان، بە خەڵکی ناوچە دوڕاوەکانیشەوە ببێتە ئەرکی سەر شانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، باش وایە تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییەکە، دەست لە کاری حیزبایەتی هەڵگرێ و خۆی بۆ سەرۆکایەتی کوردستان تەرخان بکا. ئەو دەمەش، نەک بە تەنها حیزبەکەی سەرۆک، بەڵکو خەڵکی سەر شەقام و بازاڕ و کۆڵان و گەڕەکەکانیش هەستدەکەن سەرۆکێکیان هەیە و هەر ئەو هەستکردنەش بۆ خەڵک زۆرە. کە کەسێکی دەرەوەی ئەو حیزبانەی قاڵبی پەیڕەوی ناوخۆیان بۆ ئەندامی خۆیان داناوە زوڵمێکی لێ بکرێ، کام سەرۆک یان کام سەرکردەی حیزبی بەرگری لە مافی بکا؟! یاسا؟!.. بە بەڵگەوە دەڵێم یاسا: بۆ سزادانی خەڵکی دەرەوەی دەسەڵات و خەڵاتکردنی خەڵکی ناو دەسەڵات لە کاردایە.. ئەوە یاسا نییە، بەڵکو بڕیاری مەجلیسی شوورای ئاغایانە بۆ سزادانی مسکێنەکانیان!

من بەو شێوەیە بەرپرسی گوندێک بم، ویژدانم ئازارم دەدا، چ جای سەرکردەی وڵاتێک و نەتەوەیەک بم! ئاوها، من بم نایکەم!..



رێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# حەیف کە سەری وەزارەتی پێ نەخورا

کە ئەحمەدی نەژاد لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا، هەمووان گوتیان ئۆخەی بەڵکو ئەم کابرایە سەری کۆماری ئیسلامی بخوات و رژێم بگۆڕێت، کەچی نەبای هات و نە باران کابرای تایین بۆ دووەمجار بووەوە سەرۆک کۆمار.

کە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ملی لەبەر دەرکردنی گۆڤاری هەرێمی کوردستان نا، گوتمان دەی بەڵکو ئەم گۆڤارە سەری وەزارەت بخوات، نەک سەرۆکی حکومەت گۆڤارەکە داخات و ئەو هەموو ملیۆن دینارەی لێ ببڕێت کە لە خەزێنەی گشتییەوە بە فیڕۆ دەدرا، بەڵکو بیکات بە بیانوویەک بۆ ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیریش لە لیستی وەزارەتەکان دەربێنێت و بیکاتە فەرمانگە. کەچی ئەمە روویندا.

کارەسات ئەوەیە وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی رۆشنبیری لەم وڵاتە کاولە (لە رووی رۆشنبیرییەوە) هەبێت کەچی وەزارەت لەبری ئەوەی سینەمایەک دروست بکات، بچێ گۆڤار دەربکات! گۆڤاریش چ گۆڤار، سەد رەحمەت لە (رەنگین)ی سەردەمی بەعس، چانەبوو رەنگین درۆی شاخداری بەس لە لاپەڕەی قادسیەدا بۆ سەددام دەکرد، ئەوەیان لێیگەڕێ لە مەدح و سەنای ئەم و ئەو، هەستاوە لە دوا ژمارەی خۆیدا گوایە گفتوگۆی رۆژنامەوانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆدا کردووە! کە نێوەڕۆکەکەی دەخوێنییەوە دەبینی قەت شتی وانەبووە و نەکراوە، ئەی ئەمە لە پای چی؟ جاران لەسەر بەرگ هەر نەبایە وێنەی کچێکی گووپخڕتان دادەنا کە ئەوەش بۆ تاکە گۆڤاری حکومەت هەر رێی تێنەدەچوو، کەچی بەس ئەم جارە سیاسی بوو و ئەویش وابوو.

با نەقورچەیەکیش لە گۆڤاری جیهان بدەم، لە دوا ژمارەیدا ئەویش نووسیویەتی: "نێچیرڤان بارزانی بۆ جیهان"، کەچی ئەو قسەی بۆ هەموو سەرنووسەرەکان کردبوو نەک جیهان. ئەوانەی لە کۆتایی مانگی رابردوو چووبوونە کۆبوونەوەکەی نێچیرڤان بارزانی شاهیدی ئەوەم بۆ دەدەن کە گۆڤاری جیهان لەوێ پرسیاری نەکردووە تا وەڵامی نێچیرڤان بارزانی بکات بە بابەتی خۆی، بەڵام بێ ئەوەی لێدوانی وەرگرتبێت، راست نووسیویەتی کە نێچیرڤان بارزانی ئەم لێدوانەی بۆ گۆڤارەکەی ئەوان داوە، ئەمە ئیتیکی رۆژنامەنووسی نییە.

کەتن و کوتونی ئەو بلیمەتانەی کە دەرودراوسێکانیان بەزۆر پاڵیان پێوە ناون و هاتوونەتە ناو دنیای رۆژنامەگەریی کوردی بەوە کۆتایی نایێت. لەگەڵ نوردەین سەعید وەیسی باسی ئەو بابەتەمان دەکرد، گوتی جا ئەوە چییە وەرە باشتێکی دیکەت پێشاندەم. گۆڤارێکی بۆ درێژ کردم ناویم نەبیستبوو کەچی 23 ژمارەشی لێدەرچووبوو، "چرکە" لە ژێرەوەشی نووسرابوو گۆڤارێکی هەستیاری شیکارییە! کەچەند لاپەڕەیەکم لێ هەڵدایەوە دیتم ئەم گۆڤارە هەستیارە نەک هەر لە کاتی چاپدا "هەست"یان پێنەکردووە کە لاپەڕەیەکی دووبارە بووەتەوە، بگرە لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان ئۆجەلاندا وایان"هەست" کردووە کە مادام موراد قەرەیلان چووتە جێگەی براکەی عوسمان، وا باشە وێنەیەکی موراد قەرەیلان لەجێگەی عوسمان ئۆجەلان دانێن.

لە کورتی دەیبڕمەوە، هەفتەی رابردوو لەگەڵ چەند هاوکارێکم بۆ دیدارێکی رۆژنامەوانی سەردانی گردەکەمان کرد لە سلێمانی و لەوێ نەوشیروان مستەفامان بینی، باسی ئەم زۆری و بۆرییە کرا، نەوشیروان مستەفا گوتی:" با هەبن، بەڵام ئەمەی ئێستام وەک منداڵی تازە لەدایکبووی لادێی جاران دێتە پێش چاو، ئەوکاتە دەرزی و دەرمان نەبوو، ئەگەر منداڵە ساخڵەم نەبووایە، هەر دوای لەدایکبوونی بەماوەیەکی کەم دەمرد، ئەگەریش ساخڵەم بوایە دەژیا. بۆیە ئەو گۆڤار و رۆژنامانەش کە ساخڵەم نەبن درەنگ یان زوو نامێنن."

دوعای مەرگی عاجیل بۆ ژمارەیەکی زۆریان دەکەم.



ولادیمێرفان ولخنبێرخ - هۆڵەندا
wanwilgenburg@gmail.com

# دابەشبوونێک بەرەو نەمان دەچێ

لە کاتێکدا کورد دەڵێن ئێمە تەنها کوردین، بەڵام هەندێکیان دەڵێن ئێمە بادینی و سۆرانین. کە لە هەولێر بووم جارێکیان شۆفێری تاکسییەک بە هۆی کوردییە سەیرەکەمەوە وایزانی من بادینیم، بەڵام من پێمگوت تەنانەت کوردیش نیم. لە هۆڵەنداش شێوەزاری جیاواز هەن، بەڵام هێندە گرنگ نین وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

دابەشبوونی نێوان بادینی و سۆرانی لەوانەیە هەندێک پەیوەندی بە شەڕە نێوخۆییەکانەوە هەبووبێ. لە هۆڵەندا ئەگەر کچێکی بادینی بیەوێ شوو بە کوڕێکی سۆرانی بکات بنەماڵەی کچەکە یەکسەر رەتی دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر کوڕەکەش نوێژکەر و کەسێکی کۆنسەرڤەتیف بێ و پێیخۆش نەبێ ژنەکەی جلی کورت لەبەر بکات. باوکی کچەکە بەبێ ئەوەی کوڕەکە بناسێ یەکسەر دەڵێ "دەبێ کچەکەم شوو بە کوڕێکی بادینی بکات".

بەڕای من سۆرانی کەمتر پارێزکارترن بەبەراورد لەگەڵ بادینییەکان کە زیاتر مەیلی عەشیرەتگەرییان هەیە، جگە لەوەش سۆرانی و بادینی باش لەیەکتر ناگەن ئەمە لەکاتێکدا هەردوولا دەتوانن بە ئاسانی دایەلێکتی یەکتر فێربن. هەروەها خەڵکێک هەیە دەیەوێ کچ و کوڕەکانیان ژنخوازی لە هەمان شارو لادێدا بکەن. هەندێک کوردی سلێمانی و هەولێری زۆر شانازی بە باکگراوەندی شارەکانیانەوە دەکەن. ئەمە لە هۆڵەنداش هەیە بۆنموونە شارەکانی رۆتردام و ئەمستردام زۆر کەیفیان بەچارەی یەکتر نایێ.

لە کوردستانی ئێرانیش شێوەزاری کوردی جیاواز هەن وەک کرمانجی و سۆرانی، لە کوردستانی تورکیاش کرمانجی و زازاکی هەیە.تەنانەت هەندێ تورک دەڵێن کورد نەتەوە نییە بەڵکو سۆرانی وکرمانجی وزازاکین، بۆیە لەپێناو دابەشکردنی کوردانی تورکیا، تورکەکان هەندێک لایەنگیری "زازاستان"یان دەکرد.

هەرچەندە ئەو جیاوازیانەی سۆرانی و بادینی لەوانەیە هێشتا لەنێو نەوەی کۆنی کورددا مابێت، بەڵام وردە وردە دەگۆڕێت. دواجار کوڕ و کچانی کورد بە شێوەیەکی جیاوازتر بیر دەکەنەوە . چونکە زۆربەی زۆری گەنجانی کورد لە ئەورووپا ئەو جیاوازیانە بەشتێکی پڕوپووچ دەزانن. بگرە کوڕو کچانی سۆرانی وبادینی ئامادەن هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر و تەنانەت لەگەڵ هۆڵەندییەکانیش بکەن.

بەهۆی بەرفراوانبوونی شارەکانی کوردستان، بادینی و سۆرانی زیاتر تێکەڵاوی یەکتر دەبن. ئەگەر زمانێکی ستانداردیش لەهەرێمی کوردستان رابگەیێنرێت ئەوا سۆرانی دەبێت.ئەمەش وادەکات جیاوازی شێوەزارەکان بێ ماناو کاریگەربێ.بۆنموونە ئێستا هەورامییەکان زۆربەیان بەباشی سۆرانی دەزانن.

لەگەڵ زیاتر جێگیربوونی ناسنامەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا ئەو جیاوازییە نێوخۆییانەی نێوان کوردەکانیش وردە وردە نامێنن. بەمەرجێک هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بەردەوام لە گەشەکردندا بێت.



سلێمانێ ئالیخان -ئەڵمانیا
silemani_alixani@yahoo.com

# جمکێ دهۆکێ..یا ستار

بەری دەمەکی جمکەکێ رۆژنامەیێن رۆژانەیێن کرمانجی ل دهۆکێ ژ دایکبوون و، وەکی دیار ڤێ پێشهاتێ گوڕ و تینەک دا "باب"ێن وان هەردوو رۆژنامەیێن رۆژانە. لەوما پشتی چەند رۆژەکێن کێم، بەرپرسێ دەزگەهێ خانی و بابێ رۆژنامەیا (ئەڤرۆ) راگەهاند کو ئەو دێ چەند پرۆژەیێن دی ژی ئەنجامدەن. ل بەرامبەر دا ژی پارێزگارێ دهۆکێ و بابێ رۆژنامەیا (وار) دیارکر کو ئەو دێ تەلەڤزیۆنەکا ئاسمانی ڤەکەن و منەتا پەخشا سەعەتا کرمانجی یا تەلەڤزیۆنێن کوردستان و زاگرۆسێ دێ هاڤێنە بەتەنێ!.

ئەز باوەرم دلێ گەلەک رۆژنامەڤانێن کورد ب ڤێ پێنگاڤێ شاد و، مسۆگەرە مەعدا هندەکان ژی پێ ترشبوویە، ب تایبەت ئەوێن ژ بازارێ رۆژنامەیێن خوە دترسن. لێ ترسا وان دجهێ خوەدایە و ئەڤ رۆژنامە دێ کارتێکرنێ کەن . ب مەرجا کو نەمیننە ب دووڤ کوریا دەنگوباسێن پارێزگەها دهۆکێڤە، بابەتێن هەمەرەنگ ب وەشینن، هەولبدەن پترین هەژمارا نڤیسکاران ل خوە کۆمبکەن و هەموو بابەتێن بەلاڤدکەن دنوو و ژ بەرهەمێ وان بن . وێ گاڤێ دێ شێن کۆنترۆلا بازارێ رۆژنامەڤانیێ کەن ل دهۆکێ.

ئەڤ دەرچوونە دێ ل سەر رۆژنامەیێن دی سەپینیت کو بیاڤەکێ باشتر بدەنە زاراڤەیا کرمانجی و بەریکا نڤیسکارێن بادینی ژی گەرم بکەن، داکو رۆژنامەیێن وان ل بادینان بهێنە "کڕین" و خواندن. لێ دیارە ئەڤ تشتە ناهێتە پەیرەوکرن و، وەکی جێگرێ بەرێ یێ سەرنڤیسکارێ رۆژنامەیا (ئەڤرۆ) د نڤیسەکا خوە یا د رۆژنامەیا (وار) دا دیارکری "گەلەک مژارێن هەردوو رۆژنامەیان وەکی یەکن". سەرەڕای ڤێ ژی دڤێت بهێتە گوتن کو ژ دەسپێکێ هەتا نۆکە پێشکەتن چێببوویە، ناڤەرۆکا بابەتان و بیاڤێ ئازادیێ د رۆژنامەیا (ئەڤرۆ)دا فرەهتر لێهاتییە. ژلایەکێ دیڤە دیزاینا رۆژنامەیا (وار) ژی گەلەک خوەشترە.

لێ گەلۆ مەسەلە چ بوو ژ نشکاڤە، پێکڤە و د یەک رۆژ و دەم دا، جووتەکێ رۆژنامەیێن رۆژانە ل دهۆکێ هەلاتن؟ ژبلی هندەک پرۆژەیێن دی یێن کولتوری کو دێ بۆ کرمانجێن باشوور هێنە ئەنجامدان. خودانێ ئیمتیازا رۆژانەیا (ئەڤرۆ) دیەکەم هەژمارێ دا، نڤیسیبوو "رۆژانەبوونێن نە ئاسایی". لێ ئەز دبێژم ئەنجامدانا ڤان پرۆژەیان ئاساییە و ئەنجامێ چەند گوهرینان بوو کو یەک ژ وان دەنگدانا ب هزاران ژ خەلکێ وێ دەڤەرێ بوو بۆ لیستەیا گۆڕان یا کو ئیعتیرافێ ژی ب وان ناکەت.

ئەز هیڤیدارم وەسا نەبیت، لێ ل پێش چاڤێن من چاپبوونا ڤان رۆژنامەیان وەکی فڕینا پەقیشکێن سابوونێیە، گاڤا ب ئەردێ واقعی کەتن نامینن، ژبەر ڤێ ژی ئەز دبینم پلانا وان دەمکییە. لێ خۆزی ڤان هەردوو رۆژنامەیان بەشا لاتینی دمالپەرێن خوەدا ڤەکربا، دا کرمانجێن باکوور ب پەیڤ، هەڤۆک و رێزمانا دروستا کوردی ئاشنابن و قرێژا رێزمانا ترکی ژ زمانێ مە ڤەکەن . ل داویێ ژی ئافەرینێ ل ئیدارەیا دهۆکێ دکەم کو دمەسەلەیا "ڤەبوونا د رووێ کرمانجان دا"، ئیدارەیا ئەردۆگانی بەری وان راکر؟!

# ئیمزای گۆڤار لە کۆریا بەرنەدەکەوت



**روودلو-هەولێر**

هونەرمەندی کۆمیدی گۆڤار ئەنوەر، بەهۆی بەشداریکردنی لە فیلمی (شوێنێک بۆ یاری)ی دەرهێنەر شەوکەت ئەمین، بۆ یەکەمجار چووە دەرەوەی کوردستان و بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی پووسان کرد لە کۆریای باشوور. ئەو فیلمەی گۆڤار بەشداری تێدا کرد لە نێو 350 فیلمی بەشداربوودا، هەردوو خەڵاتی فێستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا. بەڵام گۆڤار دەڵێ کە هاتنەوە بۆ کوردستان هیچ لە گۆڕێ نەبوو و کەس نەچووە پێشوازییان، گۆڤار گوتی "کە گەیشتینەوە هەولێر مەغریب بوو تەکسیشمان دەست نەدەکەوت، ماڵ و منداڵی خۆشم هەر ئەوەندەیان گوت: بەخێر بێیەوە".

10

# ئەگەر واستەت نەبێ لەبرسان دەمری



**روودلو-زاخۆ**

گۆرانبێژ دەلال محەممەد رەشید، کە بە (دەلال زاخۆیی) ناسراوە، رۆژانە دوو پاکەت جگەرە دەکێشێ و دەڵێت "لەبەر ئەو ناحەقییەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، ئەگەر مرۆڤ جگەرە نەکێشێ دەتەقێ، یان شێت دەبێ". ئەو هونەرمەندە کە ماوەی پێنج ساڵە کچێکی خۆشدەوێ و تائێستا بەهۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە بیگوازێتەوە، دەڵێ ئەو گۆرانیبێژانەی گۆرانی بۆ حیزبەکان نەڵێن یاخود لەلایەن بەرپرسێکەوە پشتگیری نەکرێن پشتگوێ دەخرێن و هیچیان بۆ ناکرێت. گوتیشی وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندان و فەرمانگەی هونەری هیچیان پێناکرێ و پێتدەڵێن برۆ بۆخۆت واستە بکە " ئەو بەرپرسانەی ئێمە راستەو راست پێماندەڵێن ئەوە دەوڵەتی واستەکارییە و ئەگەر نەتبێت لە برسان دەمری".

10

# ماستی کوردی لەرێگەدا دەبووە ماستاو



**روودلو-هەولێر**

دکتۆر محەممەد ساڵح جاف، خاوەنی کارگەی ماستی AV رایگەیاند بەهۆی خراپی رێگە وبانی شوێنی کارگەکەی و تەمبەڵی کرێکاری کورد ناچاربوو، کارگەکەی دابخات. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە 100 هەزار دۆلاری لە کارگەکە خەرجکردووە، بەڵام تەمەنی تەنیا 18 مانگ بوو، چونکە کرێکاری کوردی دەستنەکەوتووەو 7 کیلۆمەتری رێگەی کارگەکەشی خۆڵ بووە " رێگەوبان زۆر خراپ بوو، تاوەکو ماستەکە دەگەیشتە بازاڕەکانی هەولێر وەک ماستاوی لێدەهات". دکتۆر محەممەد جاف، ئەو ماستەی لە دەرەوە دێتە نێو کوردستان بە "نا ساخڵەم" نێودەبات و دەڵێت "ئەو ماست و دۆیەی لە دەرەوە دێتە ناو کوردستان زیاتر زیانبەخشن، چونکە رێژەی چەوریيان 8 ـ 10%یە، ئەو چەورییەش رێژەیەکی زۆری هایدرۆجینی تێدایە، هەروەها مادەکانی پاراستنیان تێدا زۆرە، ئەوەش زۆر مەترسیدارە".

8


Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاینەران : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات — نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 — ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی — Tel: 0750 488 5696 — rudaw@rudaw.net — www.rudaw.net


# مەلاکانی کوردستان بەسەر بەرشلۆنە و ریال مەدریدا دابەش دەبن

## مەلایەک: کە بەرشلۆنە دەدۆڕێ، زۆر پێی دڵگران دەبم



**ئاری عوسمان**
**روودلو-هەولێر**

هەر کاتێک یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی یاری هەبێ، مەلا عەلی شێخ سادق بە درێژایی 90 خوولەکی یارییەکە بەرامبەر شاشەی تەلەڤزیۆن چۆڵناکات و کەناڵی پەخشکەری یارییەکە ناگۆڕێ. مەلا عەلی دەڵێت "هاندەری یانەی بەرشەلۆنەم، کە دەدۆڕێت زۆر پێی دڵگران دەبم".

مامۆستایانی ئاینی سەرەڕای بەجێهێنانی ئەرکی ئاینییان دەستبەرداری ئارەزووەکانی دونیاش نابن و وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی هەندێک حەز و ئارەزووی دونیاییشیان هەن، سەیرکردنی یاری تۆپی پێش یەکێکە لە حەز و ئارەزووەکانی هەندێک لە مەلایانی کوردستان.

هەردوو یانەی ئیسپانی ریال و بەرشە، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی هەیانە لە یاری تۆپی پێدا، تەنیا گەنجانیان بەرەو لای شاشەی تەلەڤزیۆن رانەکێشاوە، بەڵکو مامۆستایانی ئایینیش بەسەر یانەی شاهانە و یانە کەتەلۆنییەکە دابەشبوون و خۆشی خۆیان بەسەرکەوتنی ئەو دوو یانەیەوە دەبەستنەوە. بەڵام دەڵێن هاندانی وان بۆ یانەکانی تۆپی پێ بە تایبەتیش بەرشە و ریال، کەمێک نهێنییە، چونکە پێیانوایە ئەگەر خەڵک بزانێ، رووبەڕووی تانە و تەشەری ئەوان دەبنەوە بەوهۆیەوە.

مەلا عەلی شێخ سادق، کە هاندەرێکی سەرسەختی یانەی بەرشلۆنەی هەرێمی کەتەلۆنیایە، زۆر سەرسامە بەو یانەیە، بە جۆرێک کە دەڵێت "کە بەرشە دەدۆڕێت، زۆر پێی دڵگران دەبم"، ئەو مەلایە سەیرکردنی یاری تۆپی پێ و وەرزشکردن بە بەبێ شەرعی نازانێ و دەڵێت "ئاینی ئیسلام نەک رێگری لە وەرزش کردن ناکات، بەڵکو خەڵک هاندەدات وەرزش بکەن".

گرفتی مەلایان لە هاندانی یانەکانی تۆپی پێ ئەوەیە کە ناتوانن وەک خەڵکی دیکە بە ئاشکرا هەواداری خۆیان بۆ یانەیەکی تۆپی پێ دەرببڕن، مەلا عەلی گوتی "من هاندەری بەرشلۆنەم، بەڵام کارێکی وا ناکەم خەڵک بزانێ، چونکە ئەگەر خەڵک زانی، رەنگە بە جۆرێکی دیکە سەیرمان بکەن". بەڵام ئەو مامۆستا ئاینییە دەڵێت بەهیچ شێوەیەک ئەرکە ئاینییەکانی بە قوربانی بەرشلۆنە نەکردووەو دەڵێت "ئەگەر مزگەوتیش دروست بکەی، نوێژی لەسەر بچوێنی گوناهبار دەبی".

یاریزانانی ئەو دوو یانە ئیسپانییە بە جۆرێک خۆشەویستن، کەم هاندەریان هەن ناوی سەرجەم یاریزانەکانیان نەزانن و تەنانەت لە کاتی یارییەکانیشدا گرەو لەسەر ئەو دوو یانەیە دەکەن. لە نێو مامۆستایانی ئاینیش هاندەری هەردوو یانەکە هەن.

رۆژنامەنووسی وەرزشی ئەرسەلان عەبدوڵڵا، کە پێشکەشکاری هەواڵە وەرزشییەکانە لە تەلەڤزیۆنی زاگرۆس، لە بارەی سەیرکردنی یاری لەلایەن مەلایان دەڵێت " زۆر ئاساییە مەلا تەماشای یاری تۆپی پێ بکات، تەنانەت داوایان لێدەکەم هانی خەڵک بدەن سەیری یاری تۆپی پێ بکەن"، ئەرسەلان گوتیشی "بەڵام تائێستا نەمبیستووە مەلا سەیری یاری تۆپی پێ بکەن".

مەلا دڵشاد گەلاڵی، کە پێشنوێژ وتارخوێنی یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێرە و هاندەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانییە دەڵێت "هاندەری یانەی ریال مەدریدم، ئەوەش زۆر ئاساییە و سەیری یارییەکانیشیان دەکەم، بەڵام بە مەرجێک کاتی یارییەکە رێگر نەبێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکانم".

بەو پێیەی مامۆستایانی ئاینی، لە نێو کۆمەڵگەدا پێگەیەکی دیاری کۆمەڵایەتییان هەیە و سەیرکردنی یاریش لەنێو زۆربەی چین و توێژەکان نەبووەتە باو، رەنگە کارەکە بۆ مامۆستایانی ئاینی سەختتر بێ و جێگەی سەرسوڕمانی هاووڵاتییان بێ، کە مەلایەک هاندەری یارییەکی تۆپی پێ بێ.


Reklam

یەکەمین پرۆژەی میدیایی کوردی - نێودەوڵەتی

LE MONDE diplomatique

بە 25 زمان و لە 36 وڵات

بە سۆرانی



بە کرمانجی



سبەی بە کوردی
لە کوردستان و ئەوروپا بیخوێنەوە

www.lemondediplo-kurdi.com

Reklam

رۆژێک ژ ژیانێ

بەرنامەی رۆژێک ژ ژیانێ
هەموو رۆژانی یەکشەممە
کاتژمێر 20:00 بەکاتی هەولێر

www.zagrostv.com